سەبارەت بە

# ئیسلام و سیاسەت
# و
# کاری ئیسلامی

فاتیح سەنگاوی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَعَـدَ اللَّـهُ الَّـذِينَ آمَنُـوا مِـنْكُمْ وَعَمِلُـوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّـذِينَ مِـنْ قَـبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّـنَنَّ لَهُـمْ دِيـنَهُمُ الَّـذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ﴾

النور:55

**نـــاوی کتێب :** سەبارەت بە ئیسلام و سیاسەت و کاری ئیسلامی

**ناوی نووسەر :** فاتیح سەنگـاوی

**دیزایین: جومعە فاتیح**

**بەرگ: جومعە فاتیح**

**تـــیــــراژ :**

**نۆرەی چــاپ :** چـــاپی یەکـــەم

**ســـاڵی چاپ :**

**چـا پخـــانە :**

**ژمارەی سپاردن :**

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆخوای دادپەروەری خاوەن میهرو بەزەیی، درودو سلاَوی بێ پایان لەسەر دوا پەیامبەری جیهان،  هەروەها لەسەر یارو یاوەر و شوێن کەوتووانی بەگشتی...

ئەم کتێبەی بەردەستان بریتییە لە چەندین ناونیشانی نزیك لەیەکی وەك ئیسلام و سیاسەت، رۆڵ و کاریگەریی پارتە ئیسلامییەکان لە هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی، جیاوازی ئیسلامییەکان و پرسی یەکگرتنیان و بابەتی دەعوە و سیاسەت، مێژووی عەلمانییەت لەکوردستاندا، سەرەڕای دوو بەدواداچونی مەریوانی وریا قانع (ئیسلام و کۆمەڵگە ئاوێزان بون یان لێکترازان) و (جارێکیتر ئیسلام و عەلمانیەت) و بابەتی سیاسەت و سیاسەتی شەرعی کە لە گۆڤار و ماڵپەڕ و رۆژنامەکاندا، لەکاتی جیایا و بە شێوازی جۆاوجۆر بلاَوکراونەتەوە.

بەو پێیەی هەموو بابەتەکان لە یەك چوارچێوەدان و خزمەت بەتەوەرەیەکی سەرەکی فیکری و سیاسی دەکەن هەوڵ درا لە دوو توێی ئەم کتێبەدا چاپ بکرێن، تاوەکو کەڵك و سودێکی باشتر بەخوێنەر بگەیەنن.

هیوادرین بە کۆکردنەوەی ئەم بابەتانە تیشکمان خستبێتە سەر ئەو بوارانەی ئاماژەی پێ دەدرێ و توانیبێتمان پشکداری بکەین لەو گفتوگۆیانەی لەم بارەیەوە لە ئارادان... بەتایبەت دوای ئەوەی شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی ناوچەکە جارێکیتر باس وخواسی رۆڵی ئیسلامییەکانی هێنایەوە روو،  هاوکات هەستیارترین بابەتێك لەم ڕووەوە

بریتیە لەرۆڵی سیاسییانەی ئیسلامییەکان بەو پێیەی تاوەکو ئێستا وەکو جەماوەریترین پارت دێنە ئەژمار لە ناوچەکەدا و نزیکە جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست یا زۆرترین رۆڵیان هەبێت تیایدا، هەروەك لە تونسدا بەدی کراو، پێشبینیەکان ئاماژە بە هەمان دەرەنجام دەدەن بۆ میسر و لیبیا و ئەوانی تریش... لە داهاتوشدا هەموو ئەوانە ساغ دەبێتەوە و ئەوەش دەسەلمێ کە چەندە ئیسلامییەکان لە ئاستی ئەم قۆناغە هەستیارەی مێژوودان و دەتوانن لەم وەرچەرخانە مێژووییە کەڵك و سود ببینن بۆ بنیاتنانەوە و بەخۆداچونەوەی خۆیان و خزمەت کردن بەخەڵك و خواستەکانی جەماوەر و بینینی رۆڵێکی ئیجابی و ئەرێنیانە لە داهاتووی مێژووی ناوچەکە و خزمەتکردن بە دین و ژینی خەڵکی و پێشکەش کردنی نمونەیەکی زیندوو لە پاراستنی ماف و خواست و ئازادییەکاندا.

بە ئومێدی ژیانێکی باشتر و داهاتویەکی پرشنگدار، کەماف و داخوازییە رەواکانی تێدا بەرجەستە بێت و رێز و کەرامەتی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت وەك بالاترین دروستکراوو خولقێنەری خودا.

فاتیح سەنگاوی

چەمچەماڵ/ 22-11-2011

# ئیسلام و سیاسەت

## دیمانەیەكی تایبەتی ماڵپەری بیری میانڕەو لەگەڵ فاتیح سەنگاوی

**سازدانی : زانامحسن /ماڵپەڕی میانڕەویی**/2011

**پ: سیاسەت وەك چەمك چ پێناسەیەكی هەیە لای جەنابتان ؟**

بەدەر لە گەڕانەوە بۆ پێناسەیەكی دیاریكراو، ئیتر هەركەسێ كردبێتی، تەنها بە سەرنجدانی ئەو بوارانەی سیاسەت كاریان لە نێودا دەكات یان بواری ئەو كاركردنەن پێی دەوترێت سیاسەت ئەوا دەتوانم بڵێم، سیاسەت: بریتییە لە هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی و ڕێكخستنی كاروباری خەڵك و كۆمەڵگە بە شێوازێك زەمینەی خواست و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەكانیان دەستەبەر بێ و مافە كانیان بپارێزرێ و ڕێزو كەرامەتی مرۆڤ بەرز ڕاگیرێ و دادپەروەری بەدی بهێنرێ... بە پێی ئەم دیدەش سیاسەت كردن و كاری سیاسی لە لایەن تاك و گروپی سیاسی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام زیاتر كاری حیزب و نوخبەی دەسەڵاتدار و دام و دەزگاكانێتی...

پ: سیاسەت لای سوكراتو ئەفلاتۆنو ئەرستۆو زۆربەی زانایانی یۆنانی كۆن بریتییە لە (هونەری حكوم كردنو هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات)، لە بەرامبەریشدا لای ئیمامی غەزالی سیاسەت (چاككردنو چاكسازییە بە ڕێنمای كردنی خەڵك بۆ ڕێگەی دروستو ڕاست كە ڕزگار كەریان بێت لە دونیاو قیامەتدا) جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ئەم دوو پێناسەدا چییە؟

پێش ئەوەی باس لە خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو پێناسەکە بکەینەوە وا دەزانم دەکرێت لەم دوو پێناسەیە خاڵی هاوبەشیش ببینیەوە، خاڵی هاوبەشیان لێرەدا چاککردن و چاکسازییە، کە لە دووهەمیاندا بە ئاشکرا ئاماژەی پێ دراوە و لەیەکەمیشیاندا وەکو بەڵگە نەویستێت دەبێ ببێت ... خاڵی جیاوازیشیان رون و ئاشکرایە... پێناسە یۆنانییەکە سیاسەتی گرێ داوە بەبوارێکی دیاریکراوەوە، ئەویش بریتیە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کردن لە بوارێکی دیاریکراودا، بەڵام سیاسەت لە دیدی غەزالیدا بەو شێوەی ئێوە هێناوتانە، مەودایەکی فراوانتری هەیە و هەڵگۆستراوی دیدی ئیسلامییە کە تەنها بەوەوە ناوەستێ خەمی دونیای مرۆڤەکان بخورێ، بەڵکو چاکسازیی کردنی دونیاو دوارۆژی خەڵکی لە چوارچێوەی سیاسەتدایە، ڕێنمای کردنی خەڵك بۆ ڕێگەی دروستو ڕاست کە ڕزگار کەریان بێت لە دونیاو قیامەتدا، بە بۆچونی غەزالی بەشێکە لە سیاسەت، بەم پێیەش سیاسەت پەروەردەو دەعوەش دەگرێتەوە، هەر لەم روانگەیەوە سازاندنی زەمینەی برەودان بە بەها ئاینییەکان و خەمی دینداری خەڵك بە شێکە لە ئەرکی سیاسەتمەداران و لە چوارچێوەی سیاسەتدایە... لای غەزالی شتێك نییە بەدەر بێت لە ئیسلام و شەریعەت... ئیتر لەو بوارانەدا بێت کەپێی دەوترێت سیاسەت یاخود هەر بوارێکیتر بێت، چونکە هەموو بوارەکانی ژیان ئیتر هەرشت و هەر رەفتارو مامەڵەیەك بێت، لای غەزالی و زانا و بیرمەندە ئیسلامییەکان لە ژێر چەند حوکم و چەمکێکی وەکو (واجب و فەرزو سوننەت و موباح ومەندوب و حەڵاڵ و حەرام)دا جێی دەبێتەوە و خاڵی نییە لە حوکمی شەرعی...

جیاوازی بنەرەتی لە هەردوو پێناسەکەدا(رەهەندە ئایینی)ە و بوار و مەوداکەیەتی... توخمی ئایین لە یەکەمدا هەستی پێ ناکرێ یا ئاماژەی پێ نەدراوە و لە دووەمدا بەزەقیی دیارە... سەرەڕای ئەوەی لە پێناسەی دووەم دا زۆر فراوانە و زیاد لەوەش دەگرێتەوە کە لە فیقهی ئیسلامیدا بە سیاسەتی شەرعی ناوبراوە... لە واقعی سیاسی هەنوکەشدا پێناسە یۆنانییەکە زیاتر باوە و پێناسەی دووەمیش مامەڵەکردنە لەگەڵ هەموو ژیاندا نەك تەنها ئەوەی لەمڕۆدا بە سیاسەت ناسراوە...

پ: پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت لە چیدا دژیەكو لە چیدا تەواو كەری یەكن؟

ئیسلام وەكو ئاینێكی ئاسمانی و رێنماییەكانی زۆرفراوان و بەرینە و ئاراستەی هەیە بۆ سەرجەم بوارەكانی ژیان لەوانەش سیاسەت، سیاسەت بە واتا دروستەكەی بەشێكە لە گرنگی پێدانی ئیسلام، نەك هەموو ئیسلام، چونكە ئیسلام گرنگی دەدات بە بواری رەوشتی و كۆمەلأیەتی و ئابوری و قەزائی و...هتد، ئیسلام كوللە و سیاسەت جوزئە...

تایبەتمەندی و جیاكاری ئیسلامیش لەوەدایە ئەم بوارانە بە جۆرێك لە جۆرەكان گریٚ دەدات بە دوارۆژی مرۆڤەوە، بەشێوەیەك مرۆڤی باوەڕدار هەست دەكات هەموو كارێكی ئەم ژیانەی لە نێویاندا بواری سیاسەتیش پەیوەست و گرێدراوی رەهەندە مەعنەوییەكانەو دابڕاو نییە لە ژیانی قیامەتی، هەر كارێك كە دەیكات لێپرسینەوەی خوایی لەسەرە ...

ئیسلام داوای یەكتاپەرستی دەكات، یەكتاپەرستیش كرۆكی ئازادی مرۆڤە ، ئیسلام داوای دادگەری و راوێژدەكات لە سەرجەم كاروبار و كایەكاندا ، لەناویاندا بواری سیاسەت و دەسەلأت و حكومەت داری... ئیسلام بونی دەولەت بە زەرور دەبینیٚ و یەكێك لە كارە دیارەكانی پێغەمبەری خوا بنیاتنانی دەولەت و دەسەلأتێك بووە... هەموو ئەمانەش سیاسەتن...

ئەو دەولەتەش كە لە هەندیٚ ئاماژەی قورئانیدا هاتووە ، پایە سەرەكیەكانی دەولەتی تیا بەرجەستەیە تەنانەت بە واتا نوێیەكەی دەولەتیش ، لە وانە زەوی و خەلك و سیستمێك كە فەرمان رەوایی خەلكی پیٚ بكرێت وكاروباریی گشتی پیٚ بەرێوە دەبرێت ، خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ﴾ النور:55، لەم ئایەتەدا پایە سەرەكیەكانی دەولەتی تێدا دەبینرێت، كە بریتین لە: خەلك و ئومەتێك بەلێنی جێنشینایەتی پیٚ دەدرێت، زەوییەك بە دەست دیٚ و رووەو رۆژهەلأت و رۆژئاوادا فراوان دەبێت، دەسەلأت و سەروەرییەك كە ئەو ئومەتە هەیەتی لەو سەرزەمینەدا، كە بریتیە لە جێنشینایەتی(الاستخلاف) و

سەقامگیری (التمكين)، وە سیستمێك كاروباری ئەو دەوڵەتە رێك دەخات، كەئاینێكە خوای گەورە پێی رازییە كە ئەویش بریتیە لە ئیسلام، ئەم بۆچونەش لە ئایەتی چل و یەكی سورەتی حەجدا تەئكیدی لێكراوەتەوە : ﴿ الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ ﴾ الحج:41... سەحیفەی مەدینەو ئەو دەستورەی پێغەمبەری خوا لە سەرەتای چونی بۆ مەدینەوە نوسی، شتی زۆری تیایە لەو بارەیەوە ... سەرەڕای ئەو نامانەی پێغەمبەر ی خوا ناردویەتی بۆ پادشا و دەسەلأتدارانی ئەو كاتە... لە نیوە دوورگەی عەرەب و شام وعێراق و ... داوایان لیّ دەكات بێنە نێو ئەم ئومەتە نوێیەوەو گوێڕایەڵی بۆ ئەو دەسەلأتە تازەیە دەربڕن، لە گەلّ بونی چەندین حوكمی سیاسی كە پاشكۆی ئەم بارەن، لە گوێرایەڵی وفەرمان بەرداری، زەكات دان یان سەرانە، داننان بە تەبەعیەت بۆ دەوڵەتی ئیسلامی... ئەمانە هەموو سیاسەتن ...

لە ئیسلامدا خەڵكی مافی چاودێریكردنی دەسەلأتی هەیە، لە گرێبەستی بەیعەتی عەقەبەی دووەمدا هاتوە"وأن نقوم بالحق حيثما كنا لانخاف في الله لومة لائم" هەق و رەوا بەرپا بكەین بیّ ئەوەی لە سەرزەنشتی سەرزەنشتكاران بترسین... چۆن ئیمام ودەسەلأت مافی بیستن وگوێڕایەڵی وبەدەمەوە بون وپشتیوانیان هەیە بە سەر خەڵكییەوە و خەڵكی دەبێت یاساكان پیادە كەن، بە هەمان شێوە خەڵكیش مافی ڕا دەربڕینی ئازادانەیان هەیە... مافی ئەوەی هەیە تەنها لە(عدل وقسط)دا گوێڕایەڵی بكەن، هەروەك لە فەرمودەی سەحیح دا هاتوە"لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق" وە فەرمودەی"إنما الطاعة بالمعروف"، بگرە رووبەڕوو بونەوەی ئیمامی زۆردار بە باشترین جۆری جیهاد لە پێناوی خوادا دێتە ئەژمار "أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر"... گوتاری سیاسی قورئانی لەگەلّ دادگەریدایە و دان نانیّ بە ستەم و ستەمكاریدا، تەنانەت بە پێویستیشی دانەناوە ئارامگر بین لەسەر تالأوی زۆرداری و بەرگە گرتنی، مەگەر هەر لە توانادا نەبێت، بەڵكو خوای گەورە ستایشی باری باوەڕدارانی مەككە دەكات بەوەی و داوای مافی خۆیان دەكەن ولە هەوڵی بەدەست

هێنانەوەی مافەکانیاندان: ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ (39) وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (40) وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ سَبِيلٍ (41) إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ الشورى: 39–42.

ئیسلام رازی نییە سەروەت و سامان تەنها لای هەندێك قەتیس ببێت﴿ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ ﴾ الحشر:7... پاراستنی داهاتە داراییەکان و دابەشکردنی بە یەکسانی، بە ئەرکێکی موسوڵمانان دانـاوەو هەموو حوکمەکانی شەریعەت لە بواری دارایی وەك زەکات و میرات ودەسکەوت و خەراج و مامەڵە دارایی و بازرگانیەکان، ئەوانەی حەلاڵ یا حەرامن هەر هەموویان لە پێناو مەبەست گەلێکدا هاتون، کە بریتیە لە پاراستنی سامان و دارایی و گەشەپێدان و وەبەرهێنانی و دابەشکردنی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بە پێی پێداویستی و ماف و شایستەیی و پێداویستیەکانیان، بە شێوەیەکی دادگەرانە... هەروەها رێگری کردن لە خواردنی سامان و دارایی خەڵکی بە خۆرایی وباتڵ و ستەم، ئەرك و رۆڵی دەسەلاتیش لەم نێوەندا کارکردنە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستانە... دروست نییە سامان و دارایی ولات و خەڵکی لە لایەن سەرۆك وبەرپرسەکانەکانەوە ببرێن و بخورێن، کاربەدەست و فەرمانڕەوا تەنها ئەوەندەی بۆ هەیە کە بە شێوەیەکی دادگەرانە بۆی دیاری بکرێت...

لە ئیسلام دا دەسەلات بەرپرسە لە چاودێریکردن و سەرپەرشتی هەر تاکێك لە تاکەکانی سنوری قەڵەم ڕەوی دەوڵەت و دابین کردنی پێداویستییەکانی، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەفەرموێت"من ترك مالاً فلورثته، ومن ترك كلاً وعيالاً فـإلي وعلي"بخاري8–517، مسلم 2–592... ئەگەر مرۆڤ مرد و سامان و داراییەکی بە جێ هێشت، ئەوا هی میراتگرەکانێتی، بەلام گەر خاوو خێزانێکی بە جێ هێشتبوو، ئەوا لەسەر ئەوە خەمیان بخوات... ئەوا پێویستە دەسەلات بەرپرسیارێتی نەفەقەی ئەو خاوو خێزانە لە ئەستۆ بگرێت و ژیان و پێداویستیەکانیان دەستەبەر بکات، تا ئەو کاتەی خۆیان دەتوانن ژیان و گوزەرانیان بە ڕێوە بەرن... ئەم رێنماییانەی بواری ئابوری و ئەو رێ و

شوێنانەی دەگیرێنە بەر بەشێکی لە ئەستۆی دەسەلاتدان و لە کرۆکی ساسەتن... ئەوەشی لە ئەستۆی خەڵکیدایە هەر لەکارو چالاکی سیاسیدا جێگەیان دەبێتەوە و ئیسلامیش رێنمایی بۆی هەیە...

له لایەکیترەوە نا بێت کاربەدەستان پۆستەکانیان بقۆزنەوە بۆ دەسخستنی ماڵ و سامان و دارایی و دەبێت دەسەلاَت لێپرسینەوە له فەرمانبەر و کار بەدەستەکانی بکاتەوە... پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو پێداویستییە زەرورییەکانی هەر کارمەند وکاربەدەستێکی دەوڵەتی دابین دەکرد(وەکو خانوو پێکهێنانی خێزان و ولاَخی سواریی)، تاوەکو بتوانێت کار و قورسایی ئەرکە پێسپێرراوەکانی بە شێوەی داواکراوو پێویست ئەنجام بدات و سەرقاڵ بونی بە دابینکردنی پێداویستییە زەروورییەکانیەوە، بیَ ئاگای نەکات له پێداویستییەکانی خەڵك و خزمەتگوزارییەکانیان... هەروەها پێغەمبەریی خوا لێپرسینەوەی لە کار بەدەست و کارمەندەکانی دەکرد لەوەی لە کاتی وەزیفە و کارەکەیدا چی پەیدا کردوە ...

ئیسلام جیهادی بە پێویست داناوە لە پێناو سەرخستنی ڕەوایەتی و ڕزگارکردنی خەڵکی، وەك وەلاَم دانەوە بۆ ئەو دەست درێژیانەی دەکرێتە سەر نەفسی مرۆڤ و خاکەکەی... بەلاَم بۆ کەسانی لاشەڕو ئاشتی خواز ئەوا خوای گەورە فەرمان دەکات وازیان لیَ بهێنریَ و ئاشتییان لەگەڵ بکریَ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو فەرمانی کردوە بە چاکە و چاکە خوازی لە گەڵیان، تەنانەت ئەگەر لە ئایینیشیاندا جیاواز بوون ، خوای پاك وبێگەرد دەفەرمویَ:﴿ لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (8) إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ الممتحنة : 8–9.

هەروەها خوای گەورە پێویستی کردوە لە سەر باوەڕداران پشتیوانی چەوساوەکان بکەن، ستەمیان لە سەر لابەن، قیتال کردنیشی لە پێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەستەدا بە جیهادێکی مەشروع و دروست داناوە، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا ﴾ النساء : 75–76.

ئەمانە و چەندین و بواریتر کە ئیسلام رێنمایی بۆی هەیە، بواری سیاسی و سیاسەتن... لە هەمان کاتدا بەشێکن لە ئیسلام، لێرەو هاو شێوەکانیدا سیاسەت بەشێك دەبێت لە ئیسلام...

خاڵی جیاوازی ئیسلامیش لەگەڵ سیاسەتدا ئەو کاتە دەبێت سیاسەت دەکرێتە هۆکارێك بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافەکانی... سیاسەت دوور دەبێت لە بەهاو رەوشت و هەموو هۆکارێك بەکاردەهێنرێ بۆ بەرژەوەندی هەندێك و چەوساندنەوەی هەندێکیتر... سیاسەت دەبێتە ململانێیەکی نادروستی بەرژەوەندی خوازی... لەمانەدا سیاسەت لە ئیسلام جیا دەبێتەوە... دوور دەبێت لە پەیام و بەهاکانی ئیسلام... کاتێکیش دەوترێت زۆرترین بواری سیاسەت پێویستی بە بونی دەق نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی راستە، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێ سیاسەت لەو بارانەش دا دوور دەبێ یا ناکۆك دەبێت لە گەڵ ئیسلامدا... چونکە فیقهی سیاسی یا فیقهی سیاسەتی شەرعی یەکێکە لەبوارە فراوانەکانی فیقهی ئیسلامی کەزەمینەیەکی یەکجار فراوانی ژیانی مرۆڤ لەخۆدەگرێ بەئیزافە و زیادکردنی ناوەڕۆکی سەرجەم ئەو چەمکانەی کەپێ ی دەوترێ ئیجتیهادو سەرچاوەکانی تری ئەحکام کەبە(مصادر غير أصليه)دەناسرێن وێنەی (مصالح مرسلة، قیاس، إستحسان ...) هەر لە ژێر رێنماییەکانی ئیسلام و لە بواری رێ پێدراوەکاندایە... هەموو ئەو بوارانەی لە سیاسەتدا هەیە و ئیسلام دەقی لە سەر نەهێناوە ئەوا لە ژێر سایەی بنەما گشتییەکانی ئیسلام و مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەتدا جێگەیان دەبێتەوو ئەوەشی پێیی دەوترێت ناوچەی (عفو)یش یا بێ دەنگ لێکراوەکان(المسکوت عنه) هەندێکی بەقیاس وهەندێکی بە(مصالح مرسلة) و... هتد پڕدەبێتەوە و لە بازنەی رێنماییەکانی ئیسلامدا جێگەیان دەبێتەوە و دێتە ئەژمار.

پ: زۆر جار ڕەخنە لە تێکەڵ کردنی ئیسلامو سیاسەت دەگیرێ بەوەی کە دەبێتە هۆی دابەشکردنی گەل لە سەر بنەمای مەزهەبیو تائیفی، بۆچوونی تۆ لەسەری ؟

جارێ گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کاتێ دەڵێن ئیسلام سیاسەتی تێدایە، یاخود ئیسلام و سیاسەت دابڕاو نین، مەبەست لەوە نییە ئەم سیاسەت کردنە قۆرخ بێت بۆ کۆمەڵێك کەس و حیزبێکی دیاریکراو و ئەوانیتر تەنها سەیرکەر بن، یاخود حکومەت ببێتە حکومەتی مەلاو ئاخوند و چینێکی دیاریکراو و بەناوی خواوە سیاسەت بکەن و حسێب بۆ بۆچون و ڕای خەڵکی نەکرێت... سیاسەت و فەرمانڕەوایەتی لە ئیسلام دا وەك بەشێك لە پێداویستی و زەرورەتی ژیان سەیرکراوە، بۆ بەڕێکردنی ژیان و کاروباری و خەڵکی و خواست و بەرژەوەندی و مافەکانیانە... ماف هەموو کەسێکە بە جیاوازی بیرو بۆچون و موعتەقەدیانەوە... سیاسەتێك کە دەبێت بەرەنجامەکەی بەرگری کردن بێت لە ماف هەموو کەسێك بە بێ جیاوازیی... حەقیقەتی ئەم بۆچونەش لە بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامیدا دەبینینەوە، هەر وەك لە قورئاندا ئاماژەی پێ دراوە و لە ژیاننامەی پێغەمبەرو خەلیفە راشیدییەکاندا بەرجەستە بووە... نەك شێوازییەی لە هەندێ پیادەکردنی کۆن و هاوچەرخدا بەرجەستە بووە... لە کتێبی (ئازادکردنی مرۆڤ و ڕامالینی ستەمکاریدا) ئەم تێڕوانینە بە باشی رونکراوەتەوە... لێرەشدا وەك نمونە هەمان ئەو بابەتە دەخەمە روو کە لەو کتێبەدا هاتووە، بەو پێیەی خزمەت بە پرسیارەکەی ئێوە دەکات و لایەنێکی دەخاتە روو کە زۆرجار دەوروژێنرێت و پەیوەندی هەیە بە بابەتی فەرمانڕەوایەتی و سیاسەتی ئیسلامییانە و بەشێك لەو ترسە دەڕەوێنێتەوە کە لە ئارادایە... کە ئەویش مافی کەمینە ئاینییەکانە لە سایەی سیاسەت و فەرمانڕەواییەکی ئیسلامییانەدا...

هەر بۆ نمونەلە سیاسەتی ئیسلامیدا مافی کەمینەکان پارێزراوە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە بۆ موسوڵمانەکان هەیە و دەبێت ببێت، بۆ ئەمانیش وەك کەمینەکان دەستەبەر دەکرێت، نمونەی مافی ڕادەربڕین و رەفزکردنی ستەم و بەرهەڵستی زۆردارییەکانی دەسەلات ، بۆ موسوڵمان و نا موسوڵمان وەکو یەکە ، ئەوەی پێی وتراوە ئەهلی زیمە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هاولاتین و هەموو مافێکی هاولاتی بونیان هەیە وەکو موسوڵمان، زاراوەی(أهل الذمة)، زاراوەیەکی تەشریفیەو رێز و پایە

بلّندی تیابووە بۆ هاولاَتییە ناموسوڵمانەکانی نێو دەوڵەتی ئیسلامی، (ذمة) لە(الذمام)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە پاراستن و بەڵێن و وچاودێریکردن و دڵنیایی، ئەوان دەبێت لەژێر سایەی پاراستن وچاودێری و دڵنیایی خواو پێغەمبەری خوادا بن، هەروەك ئەمە بۆ موسوڵمانیش تەواوە، وەك لە بوخاریدا هاتوە"من صل صلاتنا، واستقبل قبلتنا، فذلك المسلم، الذي له ذمة الله ورسوله، فلا تخفروا الله في ذمته".

(ذمي)یەکانیش لە نێو(ذمة الله ورسوله)یدان... لە فەرمودەی سەحەحیحدا هاتوە کە هەرکەسە ناموسوڵمانێکی بەڵێن پێدراو(معاهد) بکوژێ بۆنی بەهەشت ناکات"من قتل معاهدا لم يجد رائحة الجنة"بخاري2995، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە"من قتل معاهداً له ذمة الله ورسوله، فقد أخفر ذمة الله، لا يرح رائحة الجنة".(الترمذي في الجامع الصحيح1403، وقال حديث حسن صحيح).

هەروەها لە فەرمودەیەکیتردا هاتوە، کە هەرکەس ستەم لە ناموسوڵمانێك بکات یان بە کەم سەیری کا، یان زیاد لە توانای خۆی شتێکی بدات بە سەردا، یاخود شتێکی بە نابەدڵی لێ وەرگرێ، ئەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبێتە دژ و ناحەزی لە رۆژی دواییدا، جگە لەوەی بۆنی بەهەشت ناکات، "ألا من ظلم معاهداً، أو انتقصه، أو كلفه فوق طاقته، أو أخذ منه شيئاً بغير طيب نفس منه، فأنا حجيجه يوم القيامة، وأشار رسول الله صلى الله عليه وسلم بأصبعه إلى صدره، ألا ومن قتل معاهداً له ذمة الله وذمة رسوله حرم الله عليه الجنة"(أبوداود في السنن3052، والبيهقي في السنن9-205، بإسناد صحيح).

موسوڵمانان بە گرێبەستی ئیمان و ناموسوڵمانان بە گرێ بەستی ئەمان و ئارامی و دڵنیایی، لە ژێرسایە و پاراستن و چاودێری خوای گەورەدان، لێرەوەیە زانایانمان دانیان ناوە بەرێسای(لهم ما لنا، وعليهم ما علينا)...

ئەم مافانە لە سەردەمی راشیدی دا رەچاوکراوە و کاری پێ کراوە، هەر بۆیە کاتێ (زياد بن حدير) کە پارەوەرگر(جابي) بوە لە سەر رووباری فورات، ویستویەتی دووجار(لە هاتن و چوندا) بیست یەك لە بازرگانێکی بەڵێن پێدراو(ذمي) بسێنێ،

بازرگانەکـەش دەچـێت بـۆ لای عومـەری کـوڕی خـەتتاب و سـکاڵای زیـادی دەباتـە لا، عومـەریش دەنوسـێ بـۆ زیـاد کـە تـەنها یـەك جـار لێـی وەرگـرێ، کـابرای نەسـرانی دەرفەتێکیتردێتەوە بۆلای عومەر و پێـی دەڵـێ: مـن ئـەو پیـاوە پـیرە نەسـرانییە بـوم سەبارت بە زیاد قسەم لە گەڵ کردی، عومەریش وەلاَمی دەداتەوە و دەڵـێ: منـیش ئـەو پیرە حەنیفییە بوم کارەکەتم جێبەجێ کرد!

کاتێ هەندێ لـە خەلیفـەکانی بـەنو ئومەییـە ویسـتیان بەشـێك لـە کەنیسـەکانی ئەهلی زیمە بڕوخێنن و بیکەنە مزگـەت، ئـەوانیش ئیعترازیـان گـرت و پـەیمان نامـەکانی ئاشتەوایی نێوان خۆیان موسوڵمانیان پیشـان دا کـە نابێـت دەسـت لـە پەرسـتگاکانیان بدرێت، بەهەمان شێوە فەقیهەکانیش ئیعترازیان گرت و ئەم نیازەیان بە کارێکی نەشـیا دانا و ئیمزاکردنی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلییان بۆ ئەو سوڵحانە کـردە بەڵگـە، کە تیایدا بەرژەوەندی و ماف ئەهلی زیمە لەو بارەیە رەچاوکراوە.

پاراستنی ماف کەمینەکان و یەکسـانییان لەگـەڵ موسـوڵماناندا لـە زۆر بواردایـە، بونی هەندێ خیلاف فیقهی لە راسـتی ئـەم بۆچـونانە کـەم ناکاتـەوە، بەتایبـەت لـەمڕۆدا زانایان زیاتر هەست بە هەستیاری ئەم جۆرە بابەتانـە دەکـەن، لەوانـەش: یەکسـانی لـە خـوێن و خوێنباییـدا، لـە دەوڵـەتی ئیسـلامی و گوتـاری قورئـانی و نەبـەوی و راشـیدیدا موسوڵمانان و ناموسوڵمانەکان، لە خوێن وخـوێن باییـدا یەکسـانن، هـەروەك عەبـدولاَی کـوڕی عـەبباس ئەفـەرموێ"جعـل رسـول الله صـلی الله علیـه وسـلم دیـة العـامریین وکانـا معاهـدین دیـة المسـلم"(الدارقطني في السـنن3–171، والبیهقـي8–102، وفي إسـناده ضعف، وله شواهد تقویه).

لێرەدا عامرییەکان کە ناموسوڵمانن خوێنیان یەکسان دەکرێت بە خوێنی موسوڵمان.

هـەر بۆیـە ئـەبو بـەکر و عومـەر (خوایـان لـێ ڕازی بـێ) خـوێن بـایی جولەکـە و گاوریان وەك خوێن بایی موسـوڵمان دادەنـا، تـا ئـەو کاتـەی لـە سـایەی موسـوڵمانان و پەیمان و بەڵێنەکانیاندا بونایە.(الدارقطني في السنن3–129 من حدیث الزهري مرسلا).

زوهـــری (کـــە یەکێکـــە لـــە شـــارەزاترین کەســـەکانی ســـوننەت و ســـیرە) دەڵێ"خوێنبـایی یـەهودی و نەسـرانی و مەجوسـی و هـەر بـەڵێن پـێ دراوێکـیتر، وەك خوێنبایی موسوڵمان وایە، وەدەڵێ : لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) وئەبوبـەکر و عومـەر و عوسمانیش بەو شێوەیە بوە، خوێن بابیەکەیان بە تەواوی بوە، موعەمەر دەڵـێ پـێم وت: پێم گەیشتوە کە سەعیدی کـوڕی موسـەییەب وتویـەتی خوێنباییـان چـوار هـەزارە، زوهـری وتـی: باشـترین شـت ئەوەیـە بخرێتـە بـەردەم کیتـابی خـوا، خـوای گـەورەش فەرمویەتی:"فدية مسـلمة إلى أهلـه"(رواه عبـدالرزاق في المصـنف10–95، وهـذا إسـناد صحيح...."

عەلیش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی: خوێنبـایی یـەهودی و نەسـرانی و هـەر زمییـەك وەکـو خـوێن بـایی موسـوڵمانە و ئەمـەش قسـەی عەبـدلآی کـوڕی مەسعودە... پێشەوای موفەسیرین(ابن جرير الطبري) لـە تەفسـیری ئایـەتی"وإن كـان مـن قـوم بيـنكم وبينهم ميثاق فديـة مسـلمة لأهلـه" ئـەم ئەسـەرانەی لـە هـاوەڵان و تابعینـەوە هێنـاوە و خۆیشی دەڵێ: "وحكم ديات أهل الذمة وديات المؤمنين سواء".(تفسير ابن جرير الطبري، سورة النساء:92).

لـەو مافانـەش یەکسـانی لـە حـوکم و قەزاوەتـدا، گوتـاری قورئـانی و نەبـەوی دادگەریی و قیستی هێنـاوە، لـە هـەمان کاتـدا هـەموو کـەس لـە کاروبـارە گشـتییەکاندا یەکسانن لە بەردەم قەزادا، ئیمامی کاسانی لە (بدائع الصـنائع2–137) باسـی هەنـدێ لەو یەکسانیەی نێوان موسوڵمان و ئەهلی زیمە دەکـات، لـەو مافـە یاسـاییانەش ئەوەیـە گەر نەیتوانی خۆی ژیان و گوزەرانی خۆی دابین بکات، ئەوا لـە خانـەی سـامان موچـەی ژیان و گوزەرانی بۆ دابین بکرێ، عومەری کوڕی خوتتاب و عومەر کوڕی عەبدولعەزیز بەم شێوەیە بڕیاریان داوە، عومەر (المساكين) لە ئایەتی"إنما الصدقات للفقراء والمسـاكين" بە پیر و پەکەوتەی ئەهلی کیتاب لێك دەداتەوە، کە توانای کار و کەسابەتیان نییـە(ابـن أبي شيبة في المصنف2–401...)، بە هەمان شـێوە عیکریمـەش هـەر وا دەفـەرموێت ، هەروەك تەبەری ئاماژەی پـێ دەدات...(زفـر) یـش لـە حەنەفییـەکان(مبسـوط2–199)

بۆچونی وایە ئایەتی زەکات بەپێی واتا گشتیەتیەکەیەتی دەکرێت بدرێتە زیمی و مەبەستیش دەوڵەمەندکردنی هەژارە لە بەر ڕەزامەندی خوا، ئەوەش بەدی دێت... قورتوبیش دەڵێ: (فقراء) بەگشتی ئەوە ناخوازێت کە تەنها تایبەت بێت بە موسوڵمانان و زیمییەکان نەگرێتەوە، بەڵام فەرمودەکان زیاتر ئەوە بەدەر دەخەن سەدەقات لە دەوڵەمەندە موسوڵمانەکان وەدەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، عیکریمەش وتویەتی: (فقراء): موسوڵمانە نەدارەکان دەگرێتەوە، (المساكين): هەژاری ئەهلی کیتاب دەگرێتەوە.(جامع الأحكام2–199).

ئەبوحەنیفە بە دروستی دەبینێت زەکاتی سەرفیترە بدرێ پێیان، (ابن قدامة) دەڵێ عەمری کوڕی مەیمون و عەمری کوڕی شەرحەبیل و مەڕەی هەمەزانیش داویانە بە ڕاهیبەکان(المغني2–151)...

رووکاری ئایەتەکانی قورئانیش لە گەڵ ئەوەیە هەموو ئەو وشانە(الفقراء، المساكين، المؤلفة قلوبهم، ابن السبيل، الغارمين) وشەی گشتی و(عموم)ن، فەرمودەی(تؤخذ من أغنيائهم وترد على فقرائهم) تایبەتی ناکات... ئەو قەومەشی ئەم فەرمودەیان ئاراستە کراوە، نەسرانی تازە موسوڵمان بوون، دیاریش نییە نا موسوڵمانەکانی لێ بێبەش کرابێت... ئەمە جگە لەوەی(مؤلفة قلوبهم) هێشتا موسوڵمان نین موسوڵمانی تەواو و دامەزراو نین و هیوای هاتنە نێو ئیسلام یان لێ دەکرێت، جا ئەگەر دروست بێت بە سەرکردەکانیان بدرێت تاوەکو هۆگریان کەن بە ئیسلامەوەو لە زیان و دوژمنکاریان بە دوور بن، ئەوا لە پێشترە بدرێتە هەژار و نەدارەکانیان، چونکە زیاتر پێویستیان بە سۆز و بەزەیی و چاکە و چاکە خوازیی هەیە.

یەکێکیتر لەو مافانەی هاوڵاتیان هەیانە لە سەر دەوڵەتی ئیسلامی، ئازادکردنی دیلە لە خانەی سامان، جا موسوڵمان بن یان نا، تەنانەت لە پێناوی رزگارکردنیان لە چنگی دوژمن جیهادیشیان لە پێناودا دەکرێت، ئەمە بۆچونی (أبو عبيد قاسم بن سلام) و پشت ئەستورە بە واتای گشتی فەرمودەی"فكوا العاني– أي الأسير– وأطعموا الجائع"بخاري3046، وە بەو وەسیەتەی عومەری کوڕی خەتتاب لە کاتی بریندار بون و

سەرەمەرگیدا فەرمووی"وەسیەت بە جێنشینی دوای خۆم دەکەم لەگەڵ ئەهلی زیمەدا باش رەفتارکا، لە پێناویاندا بجەنگێ، لە سەرووی توانای خۆیانەوە ، تەکلیفیان لێ نەکات"، ئەوەشی کەوا گوایە عومەری کوڕی خەتتاب نوسراوێکی لەگەڵ ئەهلی زیمەی شام دا نوسیبێ و کۆمەڵێك مەرجی لە سەر دانابن وەکو دیاری کردنی جل و بەرگ و سواربون و...هتد، کە بە(الشروط العمرية) ناسراوە، هیچ ئەسڵێکی دروست و سەحیحی نییە.

هەربۆیە زانا و فەقیهەکان رووبەڕووی هەر هەوڵێکی کاربەدەستان وەستاونەتەوە کە زانیبێتیان دژە بەمافی نا موسوڵمانەکان، هەر لەم روانگەیەوە بوو دژایەتی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك) یان کرد، کاتێ ویستی قوبروسییەکان بگوازێتەوە بۆ شام و لە کاتی فەرمان ڕەوایەتی یەزیددا گێڕانیەوە بۆ شوێنی خۆیان و زانایان ئەمەیان بەکارێکی زۆر باش و دادگەرانە دانا، ئیمامی ئەوزاعی رووبەڕوی کارێکی لەو شێوەیەی میری شام(صالح بن علي بن عبدالله بن عباس) وەستایەوە کاتێ کە ویستی نەسرانییەکانی جەبەل لوبنان بگوازێتەوە، دوای ئەوەی هەندێکیان کارێکی خراپیان کردبوو... ئیمامی شافعییش بە ئەرکی دادەنێ لە کاتی وەرگرتنی سەرانە(جزية)دا، بە ئەدەبەوە رەفتاربکرێ، وە وشە(الصغار) بەوە لێك دەداتەوە، ملکەچ بن بۆ حوکمەکانی ئیسلام لە پێدانی جزیەکە، نەك سوکایەتی پێکردن، (الأم4-293-294) ئەوەش دەزانین ئیمامی شافعی حوججەیە لە زمان و فیقهدا... جزیەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی تەبەعییەت و ملکەچ بونە بۆ دەوڵەت و تەنها لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت، هەر وەك چۆن دەوڵەمەندە موسوڵمانەکان زەکات دەدەن ...

لە لایەکیترەوە زیمییەکان لەگەڵ ئەوەی هاولاتی ئەو ولاتەن، لە هەمان کاتدا مافی ئەوەیان هەیە بە شەریعەت و یاسای خۆیان داوەریی بکرێن و خسوسییەتی خۆیان لە بەرچاو بگیرێ، لە بەر ئەوەی خوای گەورە فەرمویەتی"فإذا جاءوك فاحكم بينهم أو أعرض عنهم"، کە ئەمە لە یاسا دەسکردەکانیشدا تاوەکو ئێستەش دەستەبەر نییە، وە ئیسلام ئەمە بە مافی خۆیان دەزانێت و بە قورسی دەبینێ مرۆڤ بە شێوەیەك حوکمی

بكرێت كە باوەڕی پێی نییە، مەگەر خۆیان بە رەزامەندی خۆیان رازیبن بە حوكمی ئیسلام لەو كاتەدا ڕێگرییان لێ ناكرێت، (طبري) وا نابینێت حوكمی ئایەتی"وأن احكم بينهم بما أنزل الله" ی سورەتی مائیدە كە حوكم كردنە بە كیتابەكانی خۆیان، نەسخ بوبێتەوە... دیارە ئیمامی مالك بابەتەكانی وەكو (جنايات) و دەست درێژی كردن و كوشتن و ...هتد لەم یاسایە هەڵاوێرێت وجیای دەكاتەوە... ئەمانەش دەبنە ئەو یاسا گشتیانەی هەموو لایەك دەگرێتەوە ... واتە دەكرێ جۆرێك لە دادگای تایبەت بە خسوسییەتی ئاینەكەی خۆیانیان هەبێت ئەگەر خۆیان ویستیان، بەڵام هەندێ باریتر هەیە ئەوا هەموو لاپێیەوە پابەند دەبن و لە دەرەوەی خسوسییەت و تایبەتمەندی ئاینییە...

هەر لەو مافانە ، مافی موڵكایەتی و بازرگانی و كڕین و فرۆشتن و هاوشێوەكانیان... دیارە ئەمە ئەوەندە ڕوونە پێویستی بە قسە لە سەر كردن نییە و هەموو ئەم مافانە لە چوارچێوەی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت هاوڵاتی بون جێگەی دەبێتەوەو ئیسلامیش پێشتر ئەو مافانەی دەستەبەر كردووە...

ئەمە سەرەڕای مافە كۆمەڵایەتییەكان، كە تیایدا چەندین ئەرك و مافی كۆمەڵایەتی دەستەبەرە و دەچێتە خزمەتی پتەو كردنی لێبوردەیی ئایینی و گرەنتی یەكڕیزی كۆمەڵایەتی... پێغەمبەری خوا سەردانی جولەكەی دەكرد، خزمەتكارێكی جولەكەی هەبوو، كە نەخۆش كەوت سەردانی دەكرد(بخاري1290) و دراوسێ جولەكەكەی بانگی كرد بۆ خواردنێك كە لە جۆ دروستكرا بوو بەدەمیەوە چوو.(أحمد في المسند13242بإسناد صحيح).

عەبدوڵای كوڕی عومەر دراوسێیەكی جولەكەی هەبوو، كاوڕێكی بۆ ماڵ و خێزانەكی سەربڕیبوو، پێیانی وت: بەدیاری بردوتانە بۆ دراوسێ جولەكەكەمان؟ من گوێم لە پێغەمبەری وا بوو (د.خ) ئەی فەرموو"ئەوەندە جبریل وەسییەتی پێ كرم لەگەڵ دراوسێدا باش بم، وامزانی دراوسێ میراتی دراوسێ دەبات"(أبوداود في السنن5152، بإسناد صحيح).

(ابن قدامة الحنبلي)له كتێبی(المغني8-113)دا دەڵێ"لـه رزگـاركردنی شـام دا، نەسرانییەكان خواردنیان بۆعومەر (خ.ل) دروستكردبوو، ئەو كاتە ئەویش لـه شـام بـوو، عومەر فەرمووی له كوێیه؟ وتیان له كەنیسەیە، خـۆی نەچـوو، بـەلاّم بـه عـەلی كـوڕی ئەبوتالیبی فەرموو: بچۆ نان بخۆ لەگەڵ ئەو خەڵكە، عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) لەگـەڵ خەڵكەكەدا چون و خۆی و موسوڵمانەكان نانیان خوارد، پاشان عەلی سەیری وێنەكانی ناو كەنیسەكانی كرد و فەرمووی: هیچ نەدەبوو گـەر ئـەمیری بـاوەڕداران بهاتایـه و نـانی بخواردایه؟ ئەمەش لەوەوە بوو كە هاو ڕابون لەوەی دروستە بچیتە ئـەو شـوێنانەش بـا وێنەشی تێدابێ ، وەچونە كەنیسە و بییەع حەرام نییه....."

پێغەمبەری خواو هاوەلاّن له بـەر جـەنازەی جولەكـه هەسـتاون و بـه حـەرامیان زانیوە ئازاریان بدەن... هەموو ئەو فەرمودانەشی باس له مافی دراوسیێ یا حەرامی كـڕین له سەر كڕین، و داواكردن له سەرداواكردنی ئەوانیتر دەكەن، موسـوڵمان و ناموسـوڵمان دەگرێتەوە، نەوەوی له شەرحی موسلیم دا دەڵێ"ذهب الجمهور إلى تحـريم الخطبـة علـى الخطبة المسلم وغير المسلم"(شرح النووي على صحيح مسلم9-19).

هـەموو ئـەو ڕێنماییـه گشـتیانەی لـه ئیسـلام دا هەیـه هـەمان یاسـاو ڕێسـا دەیانگرێتەوە، چونكە ڕێك و سازە بە گوتاری قورئانی، كاتێ خوای گەورە ئەفـەرموێت ﴿ وقولوا للناس حسناً ﴾ ، ﴿ اتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام ﴾ ، ﴿ لاينهـاكم الله عـن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم مـن ديـاركم أن تـبروهم وتقسـطوا إلـيهم إن الله يحـب المقسطين ﴾... ئەمانە ڕێنمایی گشتین و بۆ هەموانن...

خـاوەن كیتابـەكان شـوێنی جـەنازەی موسـوڵمانان دەكـەوتن و بـە ئاسـایی وەردەگیرا و بۆ موسوڵمانیش دروستە تەعزێ باری له ناموسوڵمان بكات بە تایبەت ئەگەر خزمایەت یا دراوسێیەتی یان هاوڕێیەتی له نێوانیاندا هەبوو(مصنف عبدالرزاق6-42).

هەروەها دەبێت موسوڵمان چاكە و چاكە خوازیی لەگەڵ ناموسوڵماندا بكات، له خۆشـییەكانیدا پیرۆزبـایی لـێ بكـات و لـه ناخۆشـی و خەمبارییەكانیـدا دڵـی بداتـەوە،

هاوکاریی بکات بۆ جێ بەجێکردنی پێداویستیەکانی، هەڵسوکەوتی جوان بێت لەگەڵیدا، سەڵاوی لیٚ بکات و وەڵامی سڵاوی بداتەوە...

ئەو فەرمودەیەی کە ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە و تیایدا هاتوە"لا تبدءوا اليهود بالسلام وإذا لقيتم فاضطروهم إلى أضيق الطريق"، بە شێکی فەرمودەیەکە و کورتکراوەتەوە و کورت کردنەوەکەشی واتاکەی شێواندوە و راستتر ئەوەیە ئەم فەرمودەیە تایبەتە بەو کاتەوە کە بەنو قورەیزە ناپاکیان کردووە و بۆیە داواکراوە سەلامیان لیٚ نەکریٚ ، چونکە سەلام کردن نیشانەی ئاشتی وئاسایشە، کە بۆ دۆخێکی وادا گونجاو نەبوە، ئەوەشی کە وتراوە تەنها پێیان بڵێن(وعليكم) سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی بەم رووداوەوە هەیە بەپێی هەندیٚ لە گێڕانەوەکان ، لە بەر ئەوە بووە ئەوان وتویانە(السام عليكم)، کە دوعای شەڕکردنەو بەواتای(بمرن) دێت، وەڵامەکەش وەڵام دانەوەی هاوشێوە و وەکو خۆیە(الرد من باب المقابلة بالمثل)، کەواتە ئەو فەرمودانە حوکمی گشتییان نییە و ناکریٚ واتای گشتی ئایەتی"وإذا حييتم بتحية فحيوا بأحسن منها أو ردوها"، کە وەڵام دانەوەیە بە باشتر یان لانیکەم وەك خۆی، بە هەدەر بدریٚ، بە فەرمودەیەکی وا کورت کە لە ناوکۆ و سیاقێکی تایبەتدا هاتووە. ئەمە جگە لەوەی چەندین فەرمودەی سەحیحمان هەیە باس لە چاکەی سڵاو کردن و پەخشکردنی دەکەن"أمرنا بسبع وإفشاء السلام""أيها الناس أفشوا السلام..."، هەروەها چەندین نمونەمان هەیە کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا سڵاویان لە خاوەن کیتاب و بگرە موشریکەکانیش کان کردووە لە (رێگا و سەفەر و نامە) دا لەوانە(عەبدوڵای کوڕی مەسعود و ئەبو ئومامە و ئیبنو عەبباس و ئەبو دەردا و فوزاڵەی کوڕی عوبەید) کە بە فوقەهای سەحابە دەناسرێن و هەمویان عمومی قورئان و فەرمودە سەحیحەکانی پێغەمبەریان لەو بارەیەوە وەرگرتووە، چەندین زانای تری سەلەفیش ئەو بۆچونەیان هەبوە لەوانە: موحەمەدی کوڕی کەعب و نەخەعی وحەسەن و ئیبنو عویەینە و ئیبنو وەهەب و کۆمەڵیٚ تر لە سەلەف، ئیمامی ئەوزاعیش زۆر ناسراو بوە بەوەی چاکەی لەگەڵ ئەهلی زیمەدا کردوە...

رووکاری قورئـانیش هـانی ئـەوە دەدات سـەدەقە بـە نـا موسـوڵمانیش بـدرێت و وەکو نزیك بونەوەش لە خوا و تاعەت حسابی بۆ دەکات، هەروەك دەفـەرموێت :﴿ لَـيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنْفُسِكُمْ وَمَا تُنْفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْـهِ اللَّهِ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴾ البقرة:272.

عەبـدڵای کـوڕی عـەبباس دەفـەرموێ ئـەم ئایەتـە سـەبارەت بـە هەنـدێ لـە ئەنسارییەکان دابەزیی کە خزم و بنەچەیان هەبوو لـە نێـو (یـەهود)دا، سـەدەقەیان پـێ نەدەدان بۆ ئەوەی ناچار بە موسوڵمان بونیان بکـەن، بـەڵام ئـەم ئایەتـە دابـەزیی، کـە هانیـان دەدات بـۆ ئـەوەی سـەدەقەیان پـێ بـدەن، ئاگاداریشـیان دەکاتـەوە لـەوەی هیدایەتیان بەدەستی خوایە، وە هەرکەسـەش سـەدەقەو خێـر بکـات، ئـەوە بـۆ خـۆیی دەکات و پاداشتی لای خوای گەورەیە.(رواه ابن عباس وغيره مـن التـابعين ، ابـن جريـر الطبري في تفسير سورة البقرة272 بأسانيد صحيحة).

کەواتە چـاکە و دادگـەریی و چـاکەخوازیی و سـۆز و بـەزەیی و سـەرجەم بـەها و رەوشتە مرۆییە جوانەکان، لەو شـتانەن کـە گوتـاری قورئـانی و نەبـەوی بانگەشـەی بـۆ دەکات جا ئیتر ئەو کەسە موسوڵمان بێت یان نا موسـوڵمان، بەمـەش قورئـان تـەنها بـە بانگەشـەکردن بـۆ دادگـەریی و رەواخـوازیی وازنـاهێنێ ، بـەڵکو بانگەشـە دەکـات بـۆ چاکەخوازیی و نەرم و نیانی لەگەڵ خەڵکیدا، وە برەودان بـە سـۆز و بـەزەیی لـە نێـوان مرۆڤ و برا مرۆڤەکەیدا، تـاوەکو بـەم هەڵسـوکەوت و بەهایانـە مەبەسـتی نـاردنی دوایـین پێغەمبەران کە رەحمەتێکی بەخشراوە بێتەدی، هەروەك خـوای گـەورە ئەفـەرموێ"وما أرسلناك إلا رحمة للعـالمين"، پێغەمبـەریش (ﷺ) سـەبارەت بـەهۆی نێـردراوی خـۆی و هاتنی ئەفەرموێ"إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق".

ئەمە سەبارەت بەوانەی ئاینیان لەموسوڵمانان جیاوازە، ئەی ئەگەر یـەك ئـایین بن، بەڵام مەزهەبیان جیاواز بێت، بۆ دەبێـت بارەکـە خـراپتر بێـت... بـۆ دەبێـت گـەل لەسەر ئەو بنەمایانە دابەش بکرێت... بەڵام پرسیارێکی جیددی لێرەدا سەر هەڵ دەدات و دەکرێت، ئەویش بریتییە لەوەی ئایا لە تەواوی مێژوی کۆن و نوێی موسوڵماناندا تەواو

بەو شێوەیە رەفتار و هەڵسوکەوت کراوە؟ ئایا تەواوی ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ ئەم بیروبۆچون و قەناعەتانەیان هەیە ئەگەر فەرمانڕەوا و کاربەدەست بن؟! بێگومان نەخێر، بەلاٚم ئەوەی وتمان ئەوەیە ئیسلام دەیەوێ و بانگەشەی بۆ دەکات و دەق و پیادەکردنە راستەقینەکانی ئیسلام پشتگیری دەکات، لێرەدایە کار و ئەرکی زانایان و بیرمەندانی موسوڵمان و ئیسلامی قورس دەبێت و پێویستە ئەو تەم و مژییە بەشێوەیەکی زانستی بڕەوێننەوە، کاری باشیش بۆ ئەمە کراوە، بەلاٚم گرفت و کۆسپیش هەرماوە و دەمێنێ... دەبێت ئەو دیمەن و ناوەڕۆکە جوانەی ئیسلام وەك ئایینێك هەیەتی لەم رووەوە پیشان بدرێت... بگەشێتەوە... تۆز و خۆڵەکانی لەسەر لابرێ و بتەکێنرێ... ئەو کات هیچ کات ناتوانرێت ئیسلام و سیاسەتێك کە لەسەر بنەما و مەرجەعییەتی ئیسلامی هەڵچنراوە بە هۆکاری پەرتەوازەیی و دابەشبونی خەڵك و گەل دابنرێت با ئایین و مەزهەب و بۆچونیانیش جیاواز بێت... بەلاٚم ئەمەش هەروا ئاسان نییە و کاری گەورە و لێبڕانی دەوێت... چونکە ئێمە هەندێ جار لەسەر ئاستی زۆر بەرتەسکتر و بازنەی زۆر بچوکتر مافی یەکتری دەخۆین و پێشێلی داخوازیی و خواستە ڕەواکانی ئەوانیتر دەکەین... هەر چەندە من لە سەر ئاستی واقعی گرفتێکی وا نابینم لە نێوان موسوڵمان و خاوەن ئایینەکانی تر لە کوردوستاندا...

ئیسلام خۆی سیاسەتی تێدایە و پێویستی بە تێکەڵ کردن نییە... بەلاٚم دەکرێت بە هەڵەو بەمەبەستی خراپ و بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندی بەرتەسك و لەلایەن هەندێکەوە خواستی سیاسی تێکەڵ بە دید و تێڕوانیینە ئیسلامییەکان بکرێت... بۆچونە شەخسی و مەزهەبییەکان وەکو دەق و خودی ئیسلام بخرێنە روو... کە ئەمە کارێکی خراپە...

ئەمێنێتەوە بڵێین: ئاساییە سیاسەت و بابەتگەلی فەرمانڕەوایی وەك زانستێك بە شتێکی سەربەخۆ دابنرێت و بە جیا لە کۆی ئیسلام بۆی بڕوانرێت... بەلاٚم نەك بەدژە ئیسلام و وەك جەستە و تەنێکی نامۆ بە ئیسلام سەیری بکرێت... دەرەنجام و دەرهاوێشتەکان دەری دەخەن سیاسەت و فەرمانڕەواییەکە چەندە ئیسلامییە یا ناکۆك و

ناتەبایە بەلەگەڵ ئیسلامدا... نەك ئەوەی سیاسەت و فەرمانڕەوایی لە خودی خۆیدا دژ و ناتەبا بێت لەگەڵ ئیسلامدا ...

پ: لە ناو خەڵکدا زۆر جار سیاسەت بە درۆ کردنو هەڵخەڵەتاندن ناو دەبرێتو هەر وەك "دیزائیلی" دەڵێت (سیاسەت حکوم کردنی مرۆڤەکانە لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاند نیانەوە) ئەگەر سیاسەت بریتی بێت لەمە، ئایا دین یاخود ئیسلام گەورە تر نییە لەوەی تێکەڵ بەم سیاسەتە بکرێت؟

لە بنەرەتدا سیاسەت ئەو واتایە ناگەیەنێت، بەڵام ئەوەش راستە کە سیاسەت زۆرجار بەو شێوەیە پیادەکراوە و بەو رووەوە دەرخراوە، لە ژێر پەردەو پاساوی سیاسەتدا زۆر نادادی و ستەمکاری ئەنجام دراوە، واقعی تاڵی زۆربەی گەلانی جیهان و گەلی کوردیشمان شاهێدی ئەو جۆرە سیاسەتانەن... بێگومان هەر سیاسەتێك بەو شێوەیە بێت ئەوە سیاسەتی ستەمکارانەیە کە لە بەرامبەریدا سیاسەتی دادگەرانە هەیە و عەدلی خوا و پێغەمبەری خوا هەیە هەروەك (ابن القیم) دەڵێ ، بەڵام وەك زاراوەیەك ناوی سیاسەتی لێ نراوە ... جائەگەر سیاسەت بریتی بوو لە عەدل ئەوە بەشێکە لە شەرع خۆ ئەگەر ستەم و نادادی بوو ئەوە ناڕەوایە ئیتر هەر ناوێکی هەبێت... ئەو کاتە ئیسلام زۆر گەورەترە لەوەی تێکەڵ بەم جۆرە لە سیاسەت بکرێت و ئەم جۆرە سیاسەتە پێچەوانە و ناتەبایە بە ئیسلام و رۆحی ئیسلام و رێنماییەکانی...

پ: ئایینی ئیسلام تا چ ڕادەیەك هاندەرە لە پیرۆز کردنی سیاسەتمەدار و فەرمانڕەوادا ؟

ئیسلام نەك هاندەر نییە لە پیرۆز کردنی سیاسەتمەدار و فەرمانڕەوادا بەڵکو لە زۆر رووەوە دژ بەم رەفتار و هەڵسوکەوت و دیاردەیە وەستاوەتەوە و دژایەتی کردووە، راستە (سمع) و(طاعة) لە مێژووی موسوڵمانانادا بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و لێك دراوەتەوە... قسە کردن لەم بارەیەوە باس و خواسێکی زۆر هەڵ دەگرێ و لە کتێبی (ئازادی یا تۆفان) و (ئازادکردنی مرۆڤ و رامالینی ستەمکاری)دا تیشکی باشی خراوەتە سەر...

لێرەشدا جارێکیتر دەگەڕێینەوە بۆ بەشێك لەو باس و خواسەی لە (ئازادکردنی مرۆڤ و رامالێنی ستەمکاری)دا، باس کراوە... قورئـان لـە رووی توغیـانی سیاسـی و سـتەم و زۆرداریـیـەوە نمونـە بـە فیرعـەون دەهێنێتـەوە و فیرعەونییـەتی سیاسـی لـە ئیسـلامدا مەرفوزە، ئەو توغیانەش لەوەدا بووە فیرعەون خـۆی بـە هاوشـانی خـوا بینیـوە و لـە پاشایەتی و ربوبیەت و پەرستراوێتیدا، خوای گەورەش کە موسا دەنێـرێ بـۆ لای پێـی دەفـەرموێ"إذهـب إلى فرعـون إنـه طغـى"، فیرعـەون توغیـانی کـردووە و لـە سـنوری مرۆڤانـەی خـۆی دەرچـووە، زیـادە رەویـی و توغیـانی فیرعـەونیش لـە وەدا بـووە کـە: بانگەشـەی مـافی سـەروەرێتی رەهـا بـە سـەر گەلەکەیـدا کـردووە﴿ أَنَـا رَبُّكُـمُ الْـأَعْلَى﴾ النازعات:24 و خۆی بە خاوەنی تەواوی موڵکی میسر داناوە :﴿ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْـكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي ﴾ الزخرف:51، کە دەبێ مافی ئەوەی هەبێ گوێرایـەڵی وملکەچی بۆ بکرێ : ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي﴾ القصص : 38، ئـــەم بۆچـــون و رەفتارانەشـــی لوتبـــەرزی بـــۆ دروســـتکردووە و پاشـــانیش خـــەڵکی چەوساندووەتەوە و ستەمی لێکردوون و دابەشیکردوون بۆ چەندین چین و بەش وگـروپ: ﴿ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَـةً مِـنْهُمْ يُـذَبِّحُ أَبْنَـاءَهُمْ وَيَسْـتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ ﴾ القصص:4، دواتریش وەکو کۆیلە رەفتاری لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلیەکاندا کردووە، هەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت :﴿ فَاسْـتَكْبَرُوا وَكَـانُوا قَوْمًـا عَالِينَ (46) فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ ﴾ المؤمنون : 46 –47.

ئەوەش روونە ئیسرائیلیەکان بـە واتـا زاراوەییەکـەی فیرعـەونیان نەدەپەرسـت، بەڵکو چەوساوەو ژێر دەستەی فیرعەون بون، لە گەڵ ئەوەدا وەکو کۆیلەی فیرعەون ناو زەدکراون و خوای گەورە موسا دەنێرێت بۆ رزگارکردنیان لـەو کۆیلەیەتیـە، تـاوەکو بـە تەنها خوای گەورە بپەرستن وملکەچی و گوێرایەڵی ئەو بکەن...

ئیسـلام زۆر رێ و شـوێنی گرتوەتـە بـەر تـاوەکو گـەورەیی و قودسـیەت نـە بەخشرێتە مرۆڤ و لە سەروو مرۆڤ بونەوە بۆی نەڕوانرێت، ئیتر ئـەو مرۆڤـە هـەر کەسـێك بێت، بۆ نمونە پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لەوەی بە پێوە راوەسـتی بـۆ کەسـانێك کـە

دانیشتون و بەڕێ و شوێن و رەفتاری فارس و رۆمەکانی داناوە... هەروەك نەهی کردوە لەوەی جلی شۆر و بەزەوی خشاودا لەبەرکرێ، هەروەك پادشا و سەرۆکەکانی سەردەمی نەفامی دەیان کرد و دروشمێکی لوتبەرزی و خۆبەگەورە زانی بوو ... ئەمە جگە لەوەی نەهی کراوە لەوەی زیادە رەوی بکرێت لە ستایش وپیا هەڵداندا، بەو شێوەیەی خەڵکی لەگەڵ پادشا و سەرۆکەکاندا ئەنجامی دەدەن ... لە هەمان کاتدا پێی ناخۆش بوە هاوەلأنی لەبەری هەڵسن، یان کەسێك لە بەر گەورەیی، جێگەکەی خۆی بۆ کەسێکیتر چۆڵکا... پێغەمبەری خوا بە دانیشتنەوە نانی دەخوارد و دەیفەرموو وەکو کۆیلەکان نان دەخۆم و خوای گەورە منی کردوەتە بەندەیەکی کەریم، نەك زۆردار و کەللە رەق(عنید)... کاتێك کە دەرۆیشت بەڕێدا، دوو کەس بە دوایدا نەدەرۆیشت و رازی نەدەبوو کەس بە دوایەوە بێت، بەو شێوەیەی کە خووی پادشاکان بوو.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) سیفەتی مەلیکی نەدەبەخشیە خۆی، کاتێکیش دەبینێت پیاوێك بە شپرزەیی و لەرزۆکیەوە قسەی لەگەڵ دەکات پێی دەفەرموێ" لە سەرخۆبە من پادشا نیم، من کوری ئافرەتێکم گۆشتی وشکەوەبوم دەخوارد" ابن ماجە–صححە الألباني في صحيح الجامع..

بە کورتی پەیامبەری خوا (ﷺ) خوو رەوشت و رەفتارە خراپەکانی کیسرا وقەیسەر و پاشاکانی پوچ کردەوە... تاوەکو مرۆڤ سادەو خاکیانە بژی و پیرۆزی نەبەخشرێتە مرۆڤەکان .

جا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستبێتی خاکیانە بژی و خەڵکی زیادەڕەوی نەکەن لە زاتی ئەودا، ئەی دەبێ چۆن دروست بێت سیاسەتمەدار و فەرمانڕەواکان پیرۆزکرێن و قودسییەتیان پێ ببەخشرێت، لە کاتێکدا گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا فەرزە و بە دەقی رون و ئاشکرا باسیکراوە... جێ بەجێکردن و ئەنجام دانی بڕیار و گوێڕایەڵی یاساکان کە لە لایەن فەرمان رەوا و کاربەدەستەکانەوە دەردەچن هیچ کات واتای پیرۆزکردنی سیاسەتمەدار و فەرمانڕەواکان ناگەیەنێ، کە بەداخەوە لە زۆر برگەی مێژووی موسوڵماناندا وەها لێکدراوەتە و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کراوە...

پ: دەگوترێ لە دوای شۆڕشی تەکنەلۆجیا و هاتنەکایەی سەردەمی مۆدێرنە ئیسلام بەرنامە و میکانیزمێکی سیاسیو فیکری نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مۆدێرنە، بۆ چوونی جەنابت چییە لە سەری؟

جارێ ئیسلام زۆربەی هەرە زۆری میکانیزمەکانی بۆ مرۆڤ بەجێ هێشتووە و لەو وردەکاری ئالیەتدا تەداخولی کەم و دەگمەنە، بواری سیاسی و فیکرییش زۆرترین و بەرینترین بوارن کە دەکرێ ژیری مرۆڤ رۆڵی خۆی تێدا ببینێت، ئەم دوو بوارە زۆرترین گۆرانکاری تێدایە، هەر بۆیە لە ئیسلام دا زیاتر بە بنەما و رێسای گشتی و ئاراستەی ئەخلاقی چارەسەریان بۆ دانراوە نەك بۆ هەر شتێك دەقێك پێویست بێت... لە بواری سیاسیدا زیاتر رەچاوکردنی بەرژەوەندی مرۆڤەکان و دادگەریی مەبەستە کە دەکرێت میکانیزمی زۆری هەبێت... بەشێکی زۆری بواری فیکرییش(کە پێویستی بەووردکردنەوەی زیاتر هەیە) لە بواری ئیجتیهادات و جولآنی هۆش و بیری مرۆڤدایە، نەك ئەوەی بە دەق کۆنترۆڵ بکرێ ، من نازانم بۆچی ئیسلام ناتوانێ وەلآمگۆی کێشەکانی مۆدێرنە بێت، ئایە کێشەکانی سەردەمی مۆدێرنە بەدەرە لە کێشەی نا عەدالەتی، بەشێك لە هۆکارەکانی ستەمکاریی نییە؟! بێ بایەخ کردنی بەشێك لە بەها بەرزە ئیسلامی و مرۆییەکان نییە؟! بەشێکی لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە مرۆڤەکان سیفەتی ماددی و کاڵابونیان پێ بەخشراوە، ؟! بەشێك لە هۆکاری نامۆ بون و گرفتەکانیسەردەمی مۆدێرنە کەم بایەخ کردنی بەها روحی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ نییە؟!

راستە موسوڵمانان لەمڕۆدا بەهۆی چەندین هۆکارەوە لە دواکەوتوترین باردا ژیانیان دەگوزەرێنن، بەلآم ئیسلام شتێکی دەوێ و موسوڵمانان لە بارێکیتردان... بەشێك لە نەهامەتییەکانی ئەمانیش سەرچاوەکەی دەرهاویشتەی سیاسەتە نا ئەخلاقییەکانی فەرمانڕەوایانی مۆدێرنەیە بە تایبەت ئەوروپییەکان کە بۆ زەمەنێکی زۆر هۆکاری ستەم و دواکەوتوویی و هەژاری و چەرمەسەرییەکان بوون لە ولآتانیتردا بەتایبەت ولآتە موسوڵمان نشینەکان... تا کاتێکی نزیك و بگرە ئێستاش هۆکاری

مانەوەی زۆربەی هەرەزۆری فەرمان ڕەوا ستەمکارەکانی ئەم ناوچەیە بە هۆی پشتگیری سیاسەتەکانی ئەوانەوە بووە !

ئەگەر کێشەو گرفتێکیش هەبێت زیاتر لە توانا و تێگەیشتنی ئێمەدایە نەك ئیسلام، دەقەکانی ئیسلام دەتوانرێت بە زۆر باردا ببرێت، ئەگەر مامەڵەی دروستیان لەگەڵ نەکرێ، ئەگەر بە ژیری و توانایەکی لێ وەشاوە و هاسەنگەوە لێیان تێ نەگەین... دەکرێت بە ئیسلام و دەقەکانی بەهەشتێکی زەمینی و داد و ئاشتی و ڕەفاهییەت و ئارامی بەدی بێنیت... دەکرێت بە هۆی تێگەیشتنی هەڵە و تێکەڵکردنی حەزەکانی مرۆڤ و خواستە تایبەتییەکانییەوە لە دەقەکانی ئیسلامەوە کارەسات و کێشەی گەورە و خەمناك وەبەر هەم بێت، کە دوورە لە ڕۆحی ئیسلامەوە...ئەمەش لە پاڵ چەندین هۆکاری تری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، نهێنی ئەو روداوو کارەساتانەیە کە لە ئێستا و مێژوودا بەدی دەکرێت...

پ: بۆچوونێك هەیە تەنانەت لای هەندێك لە ئیسلامیەکانیش کە دەڵێت سیاسەت بە جیا و ئیسلامیش بە جیا کاری خۆی بکات، تا چەند لە گەڵ ئەم بۆچوونەدای؟

ئەگەر ئەو بۆچونەی سەرەوە بریتی بێت لە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئیسلام و ئیسلام لە سیاسەت، بەو شێوەیەی لە فیکری باوی عەلمانییەکاندا هەیە ، ئەوە بێگومان پەسەند نییە و بڕواش ناکەم هیچ ئیسلامییەك ئەو بۆچونەی هەبێت، چونکە قورئان ڕێنمایی و بنەمای سیاسی تێدایە و پێغەمبەری خوا و خەلیفەکانی راشیدی لە رووی کرداریی و پراکتیکییەوە سیاسەتییان کردووە، ئەمە جگە لەوەی سیستەمە جۆراو جۆرەکانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و قەزائی و جیهادی و... بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاوێتەیی و تێکەڵییان هەیە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت سیاسەت، ئەمەشم لە کتێبی بونیادە سیاسییەکانی ئیسلامدا بەدرێژی باسکردووە... جا ئەگەر سیاسەت و بواری سیاسی بتوانرێت و بکرێت و دروست بێت بە تەواوی لە ئیسلام دابڕنرێت و نەهێڵرێت، بە بۆچونی من دەتوانرێت نوێژیش وەك بەشێك لە ئیسلام سەیری نەکرێت! کە ئەمە شتێکی

ئەستەم و مەحاڵە... چونکە ئایین لە چەندین ڕێگەوە و بە چەندین شێواز تەماس و تێکەڵی لەگەڵ بوار و پرسە سیاسییەکاندا هەیە...

بەڵام ئەگەر مەبەست لەوە بێت بواری سیاسی وەکو زانستێك شتێکی سەربەخۆیە و بوارەکانی دیاریکراون و ئایینیش وەکو پەیامێکی خوایی زیاترە لە سیاسەت و بواری سیاسییە و ناکرێ ئیسلام لە سیاسەتدا قەتیس بکەین... ئەمە دەگونجێ و کێشەیەکی وای تێدا نابینم... خۆ ئەگەر مەبەستیش لەوە بێت نابێت سیاسییەکان بیرو بۆچونەکانی خۆیان یەکسان کەن بە ئیسلام، بەڵکو وەکو ئیجتیهاد و بیروبۆچونێك لێیی بڕوانن کە دەکرێت یەکسان یا ناتەبا و دژ بێت بە ئیسلام، لەمەش دا گرفتێك نابینم... چونکە مەرج نییە هەموو کارێکی سیاسییە ئیسلامییەکانیش پڕاوپڕی پەیامی ئیسلامی و خودی ئیسلام بێت، بگرە زۆربەی کاری بواری سیاسەت، کاری ئیجتیهادین و ڕاست و هەڵەی تێ دەکەوێت ناکرێ و نابێت بەرگی پیرۆزی بەبەردا بکرێت و قودسسییەتی پێ بدرێ... بۆ کاری سیاسییش ئەوەندە بەسە کە ناکۆك نەبێت بە ئیسلام و تەبا بێت لەگەڵیدا ، ئیتر با هیچ دەقێکی لە سەر نەبێت، گرنگ ئەوەیە زۆرترین بەرژەوەندی ڕاستەقینەی تێدا بەدی بێت...

بەڵام ئەگەر مەبەست لەو بۆچونەی سەرەوە جیاکردنەوەی کاری بانگەواز و کاری سیاسیی بێت، کە هەندێ سیاسیی ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا دەکرێت زیاتر وردی بکەینەوە و هەروا بەرەهایی حوکمی بەسەردا نەدەین...

جارێ بە ڕەهایی وتنی جیاکردنەوەی کاری سیاسی لە کاری دەعەوی هەڵەیە و ناتەبایە بە ڕۆحیی ئیسلام، چونکە دەعوە و بانگەواز خۆی لە خۆیدا چەندین ڕەهەندی فراوانی هەیە و لە زۆر شوێندا کاری سیاسیی بە بۆچونە ئیسلامییەکە بەشێکە لێیی، جارێ بانگەواز لە یەکێك لە پێناسەکانیدا دەتوانرێت بوترێ بریتییە لە فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە، ئایا سیاسییەك کە مەرجەعییەتێکی ئیسلامی هەبێت نابێت دژایەتی گەندەڵی و فەساد و نادادی بە دەعوە بزانێت، ئەی نەهێڵانی هەموو خوو خدە خراپە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە بەشێك نییە لە کاری سیاسییەکان کە دەکرێت لە

ڕێگەی یاساوە یان کەمپین و ڕێوشوێنی ترەوە کار بۆ نەهێلانی بکەن، ڕووبەڕووبونەوەی تلیاك و مادەهۆشبەرەکان و دیاردەی لەشفرۆشی و هاوشێوەکانیان بەشێك نییە لە خەمی سیاسییەکان، لە هەمان کاتدا داعییەکان، ئایا سیاسییەکی ئیسلامی هەوڵەکانی لەم بوارەدا بە دەعوە و بانگەواز نازانێت؟ بۆ ئەم بابەتە نمونە گەلی تر زۆرن... هەر بۆیە بەڕەهایی ئەم قسەیەش ناڕاستە... بەلام دەکرێت بەشێوەیەکی تر هاوکێشەکە هاوسەنگ بکرێتەوە و نارێکیش نەبێت بە ئیسلام و کاری ئیسلامی... ئەکرێ بوترێت ڕۆڵەکان دابەش بکرێت، هەندێ لە ئیسلامییەکان خەمی سەرەکی و کاری دیاریان بریتی بێت لە بواری سیاسی و ئەولەوییەت بۆ ئەوان ئەو بوارە بێت، نەك ئەوەی بە کاری پەروەردەیی و فێرکارییەوە سەرقاڵ بن، ئەوان وەك سیاسییەك تاوتوێی پرۆژەی کار و کێشە و گیرو گرفتەکان بکەن و بە شێوازی خۆیان چارەسەری بکەن، بۆ نمونە لە ڕێی کاری پەرلەمانی پێشکەش کردنی پرۆژەی سیاسییەوە بە ئەرك و ڕۆڵی خۆیان هەستن، هەر بۆنمونە کار کردن بۆ نەهێلانی دیاردەکۆمەلایەتییە زیان بەخشەکان بەچەندین شێوە ئەنجام دەدرێت، سیاسییەك ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە و بانگخواز و پەروەرشیار و دەروونناس و کۆمەڵناسێك بە شێواز و ڕێ و شوێنێکی دی... مەرج نییە هەمویان وەك یەك بۆ نەهێلانی دیاردەکە بڕوانن... بەلام گرنگە هەمویان یەك پەیامیان هەبێت ئەویش ڕێگرییە لەو دیاردەخراپانە و نەهێلانییەتی... لێرەدا ئاساییە کاری بانگخوازێك بە واتا باوەکەی جیا بێت لە کاری سیاسییەك ... ڕوویەکی تری ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەکاری پارتە ئیسلامییەکانەوە، هەندێ لەو بەڕێزانە دەڵێن ئێمە بەهۆی سەرقاڵیمان بەکاری سیاسییەوە بواری پەروەردەیی و دەعەوییمان پشتگوێ خستووەو و بەهۆی هەندێ کاری دەعەوی و پەروەردەییشەوە لە هەندێ کاری سیاسیی دواکەوتووین و حیزبی سیاسییش دەبێت گرنگی زیاتر بەکارە سیاسییەکەی بێت نەك بوارەکانیتر... واتە هەردوو بوارەکە فەوتێنراوەو مافی خۆی پێ نەدراوە و لە قەلان و کۆترانیش بووین، ئەم بۆچونەش ئەگەر نیازێکی ساغ و بێ خەوش لە پشتییەوە بێت، بە بۆچونی من کێشەیەکی تێدا نابینم بە مەرجێك سیاسەت و کاری سیاسی بە شتێکی

جیا  و نامۆ بە ئیسلام حسێب نەکرێ و سەرەنجام سەری لە عەلمانییەتەوە دەرنەچێت، بەڵکو بە بەشێك لە کاری پەیامداری بۆی بڕوانرێت، بەڵام لە بوارە سیاسییەکەیەوە، کە بەشێکە لە ئیهتیماماتی ئیسلام و کاری ئیسلامی، نەوترێت سیاسەت بـواری ململانێیـە و پیس و قێزەونە و ئیسلام ئایینی خوایە و پـاك  بێگـەردە و نابێـت لـە گـەڵ سیاسـەت دا باسی ئیسلام بێتە پێشەوە ! ! چونکە بەبۆچونی من لایەنە باشەکانی سیاسـەت بەشـێکە لە عەدلی خوایی و لایەنە خراپ و پیادە نادروستەکانی بەشێکن لە گوناهـ و تـاوان و بـەو شێوەیە مامەڵـەی لەگەڵدا دەکرێت و راسـت و ناراسـت و پێکـان  نـەپێکانیش لـە بـوارە ئیجتیهادییـەکانیش دا هـەمان حـوکمی بـواری ئیجتیهادییـان هەیـە، سیاسـیی گەنـدەڵ، تاوانبار و گوناهکار و حەرام خۆرە، سیاسـی راسـتگۆ و چاکەکار و خـەمخۆر و دڵسـۆز، پیاوچاك و لە خوا نزیك و لێوەشاوە و شایستەیە، بونی ململانـێ لـەکاری سیاسـیدا ئـەم حوکمانەی لێ ناسەنێتەوە...

بەشـێك لـە سیاسـییە ئیسـلامییەکان بۆچـونیان وایـە کـاری سیاسـی و حیزبـی سیاسیی ئەوە نییە دانیشێت قورئان فێری خەڵکی بکات و زانستی شەرعی بە خـەڵك بڵـێ و حەلقـــە و کـــۆڕی  پـــەروەردەی و دەعـــەوی  بـــبێ لـــە مزگـــەوت و ماڵـــەکان و شوێنەگشتییەکاندا، بەڵکو کاری ئەو بریتییە لە کاری سیاسیی ، ورووژانـدنی جـەماوەرە بـۆ داخوازییـە ژیـانی و بـژێوی و ڕۆژانەییـەکانی نێـو کۆمەڵگـە لـەرێی خۆپیشـاندان، راگەیاندن و وتـاری سیاسـی و هـەروەها لـەرێی پێشکەشـکردنی پـرۆژە و چـەندین کـاری سیاسی و جەماوەریترەوە...بریتییە لە هەڵوێستی سیاسی لـە ئاسـت پرسـە نەتـەوەیی و سیاسی و چارەنوسسازەکاندا بەڵام بـە دید و مەرجەعییـەتێکی ئیسـلامییەوە، لەمـەدا کێشەیەك نابینم ئەگەر نەفیی کردنی تێدا نەبێ بـۆ بوارەکـانیتر و کارەکـانی خۆیشـی بـە شتێکی جیا لە ئیسلام و ئەرکی دینداری تەماشا نەکات...

بەڵام ئاڵۆزییەکە لەوەدایە کاری حیزبە ئیسـلامییەکان زیـاتر و بـەرینترە لـەوەی تەنها لە پێناسـەی حیزبـی سیاسـییدا جێگـەی ببێتـەوە، کـاری ئـەوان کـاری سیاسـی و پـەروەردەیی و دەعـەوی و زانسـتی و فێرکارییـە، بـەو پێیـەی ئەمانـە هـەمووی ئـەرکی

کۆمەڵێکی ئیسلامییە و ئیسلام ئەم شتانە دەخوازێت، بە دەربڕینێکی تر: حیزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە فراوانی ئیسلام ئەمانیش بواری کاریان فراوان بکەن و ئیهتیمام و گرنگی پێدانەکانیان بە هەموو بوارەکان بێت، کە ئەمەش وای کردووە بەو ئیمکانیاتەی لە بەردەستیاندایە و ئێستا هەیانە نەتوانن بە هەموو ئەو ئەرکانەدا ڕاگەن و بتوانن هەموویان راپەڕێنن و شمولییەتی ئیسلام و هەلایەنە بونی لەخۆیاندا بەرجەستەکەن، هەر بۆیە کەم شت هەبووە جێگەی ئیهتیمامی ئیسلامییەکان نەبوبێت، هەر لە کاری دەعەوی و پەروەردەیی و سیاسییەوە بیگرە تا دەگاتە چالاکی راگەیاندن و هونەریی و وەرزش و...هتد... بەڵام ئایا ناکرێت ئەم جۆرەکارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو بە جۆرێکیتر رێك بخرێتەوە و باریی حیزبی ئیسلامی سووك بکرێت و هەندێ لەو کارانە بسپێررێتە چەندین رێکخراوی سەربەخۆی دەعەوی و پەروەردەیی و زانستی و ئەکادیمی تری جیا لە حیزب؟ ئایا دەکرێت میکانیزمی حیزب تاکە رێگە و هۆکار و شێواز بێت بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو ئەم بوارانە؟ ئەگەر حیزبی سیاسیی نەبوو ئیتر هەمو ئەو کارانە ناکرێن و دەستە ئەژنۆ لێیی دانیشین؟ ئایا ئەم شێوازەی کارکردن لە حیزبدا پیرۆزی و رەوایەتی هەیە کە نەتوانرێت دەست بەرداری ببین؟ ئەی ئەبێت بەدیل چی بێت و چۆن بێت بۆ ئەو تەشکیلەیەی تاوەکو ئێستە وا هێناویێتی، ئەی چۆن چارەسەریی دەرهاویشتەکانی بکرێت گەر لێکت هەڵوەشاند و بە شێوازێکی تر داترێژتەوە؟ وە بەچ شێوەیەك ئەو رێکخراوو دەزگا و کەناڵە نوێییانە رێك بخرێنەوە بێ ئەوەی رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە دەست دەن یا نەبنە قۆچی قوربانی و لە ناوەڕۆکەکەیان بەتاڵ نەبنەوە؟ وە ئایا چارەسەر لەوەدایە سەر لەنوێ و لە سەرەتاوە چەندین دەزگای دەعەوی و پەروەردەیی نوێ دروست بکەینەوە یاخود ئەوانە لە جەستەی حیزب جیا بکەینەوە؟ ئەو کاتیش گرفتی ئەوە پەیدا دەبێت کە ئایا کێن ئەوانەی بۆ ئەم کارە و کێن ئەوانەی بۆ ئەو کارەی دی تەرخان دەبن، چونکە زۆربەی تواناکانی نێو حیزبە ئیسلامییەکان بۆ زۆر لەو کارانە شیاون یان ئەو حەزەیان هەیە و بە ئاسانی ناتوانرێت ئەو جیاکارییە بکرێت، لەوانەیە هەنگاوێکی لەو شێوەیە زیان و

کێشەی زۆری بەدواوە بێت کە ئاسان نەبێت وا بە ئاسانی چارەسەر بکرێن و ئەو کەلێنە بەو زووییە پڕبکرێتەوە؟! هەموو ئەم پرسیارانە وەڵامیان دەوێت و هەروا ئاسان نییە تێ پەڕێنرێن... بۆ ئەم بوارە دەکرێت پێشنیار و پرۆژەی جیددی موقنیع کەر پێشکەشکرێ کە ئێرە جێگەی تەرخان کراوی ئەو بوارە نییە و گرنگە بزانرێت هەنگاوی عەمەلی لەو رووەوە لەناو حیزبی سیاسی ئیسلامی و لەم واقعەی ئێمە هەروا سوك و سانا نییە و وریایی و هەستیارییەکی زۆری دەوێت..

بۆ ئێستەی واقعەکە من لەگەڵ ئەوەدام رێکخراو و دام و دەزگا و کەناڵی جۆر بەجۆری دەعەوی و پەروەردەیی و زانستی و ئەکادیمی دابمەزرێن، بە شێوازێك بتوانن بە پێی رۆیشتنی کات باری حیزبی سیاسی ئیسلامی سوك بکەن و ئەو کەلێنانە پڕبکەنەوە کە لە واقعەکەدا هەیە و حیزبی ئیسلامی ناتوانێ پێیان رابگات و پڕیان بکاتەوە، ئەو کات و لەگەڵ گەشەکردنی ئەم رێکخراوو دەزگا و کەناڵە جۆربەجۆرانەدا حیزبی سیاسیی ئیسلامی بە شێوەیەکی سروشتی کاری ئاسایی خۆی دەکات و خەمخۆرانی کاروانی دەعەویش بێ خەم دەبن لە هەندێ لەو بوارانەی کە پێشتر ئەرکی حیزب بوون و ئێستە کەناڵی بەهێزو بەتواناتر و پسپۆڕتری بۆ دروست بووە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی و هەژمونی خۆی هەیە بە سەر کۆمەڵگەدا، بەدەر لەمە ناتوانرێت حیزبی ئیسلامی لە کوردوستان و زۆر جێگەی تری جیهاندا لە رووی شەرعی و واقعییەوە دەست بەرداریی ئەو کارانە بێت کە پێشتر کردوویەتی، هەنگاوەکانیش لەم رووەوە لە سەرەتادان و هیوای گەشە و فراوان بونیش لە ئارادایە، کە دواجار پێکەوە دەبنە پرۆژەیەکی تەواوکار لە کۆمەڵگەدا، بە هەموویانەوە ئەرکە جیاواز و جۆراو جۆرەکان ئەنجام دەدەن و هەر یەکەشیان بۆ خۆی سەربەخۆیە و نابێتە پاشکۆی ئەویتر ، لە هەمانکاتدا بە پەیامی خۆیدا رادەگات... ئەمەش کات و توانا و عەقڵییەتی دەوێت، کە هیوادارم ئیسلامییەکان و دڵسۆزانی ئەم گەلە کاری بۆ بکەن چونکە دواجار دەبێتە پرۆژەیەکی گەورە بۆ چارەسەری زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگەکەمان...

پ: ئایا هیچ پێکدادانێك هەیە لە نێوان سیستەمی ئیسلامی و سیستەمی دیموکراسی لە کاتی پیادە و مومارەسەکردنی سیاسەتدا؟

بێگومان سیستەمی ئیسلامی سەرەڕای خاڵی هاوبەشی لەگەڵ سیستەمی دیموکراسیدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، مەرجەعییەتی جیاوازە، ئەمە جگە لەوەی سیستەمی ئیسلامی لە ڕووە سیاسیی و مومارەسەی سیاسییەوە پێویستی بە پێداچونەوە و هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردنی زیاتر هەیە بۆ ئەم سەردەمە... جارێ ئێمە پێویستیمان بە دیاریکردن و پێناسەکردنێکی موحەدەدی سیستەمی دیموکراسی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین لە کوێدا پێکدادان ڕوو دەدات و لەکوێشدا یەك دەگرن و هەماهەنگ و ساز دەبن... بێگومانیشم خاڵی ناکۆك و ناتەباش دێتە ئاراوە، بەڵام چۆن و لە کوێدا؟ ئەمە پێویستی بە ووردکردنەوە و بەراوردکاری هەیە، ئێمە لە هەردوو کتێبی(ئازادی یا تۆفان) کە وەرگێڕانە و لە(ئازادکردنی مرۆڤ و ڕامالینی ستەمکاری...) کە وەرگێڕان و ئامادەکردن و پوختکردنەوەی توێژینەوەیەکی 700 لاپەڕەییە و بە چاپ نەگەیشتووە، بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامیمان خستووەتە ڕوو، کە دەکرێ بە بەراوردکردنی ئەو بنەمایانە و بەراوردکردنی بە سیستەمی دیموکراسی هەندێ لەو خاڵە هاوبەش و جیاوازییانە بخرێتە روو... بەڵام لە کۆی گشتید بڕوام وایە کەمترین پێکدادان روو دەدات، دەتوانرێت سازان و گونجانی نێوانیان بەدی بێت بێ ئەوەی تەنازول لە قەزییە مەبدەئییەکانیش بکرێت، چونکە دواجار رەچاوکردنی ویست و ئیرادەی خەڵك و ماف و ئازادییەکان و دادگەریی خاڵە هاوبەشە سیاسییەکانن لە نێوان هەردوو سیستەمەکەدا لە رووی سیاسییەوە... دیارە ئەوە لە یاد ناکرێ ئیسلام وەکو ئایینێك زۆر فراوان و بەرین و هەمەلایەنترە وەك لەوەی لە بواری سیاسی و پیادەکردنی سیاسییدا قەتیس بکرێ...

پ: بۆچوونێك هەیە دەڵێت مێژووی ئیسلامی لە ڕووی سیاسیەوە تا ڕادەیەك نیمچە عەلمانی بووە بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆرجار زانا و فەقیهەکان بەهۆی ناکۆکیان لە گەڵ

فەرمانڕەواکاندا یان لە زینداندا بوون یاخود لە بەرەی خەڵکدا بوون و تێکەڵ بە سیاسەت نەبوونە، ئایا هاوڕای لە گەڵ ئەم بۆچوونەدا؟

تەواو هاوڕا نیم لەگەڵ ئەم بۆچونەدا ، بەلاّم ئەوە راستە زۆرجار زانا و فەقیهەکان بەهۆی ناکۆکیان لە گەڵ فەرمانڕەواکاندا یان لە زینداندا بوون یاخود لە بەرەی خەڵکدا بوون، بەلاّم موشارەکەی بواریی سیاسیان هەبووە لە بەرگی موعارەزە و بەرەی نارەزا ونەیاریدا، لەم رێگەیەوە تێکەڵ بە سیاسەت و کاری سیاسیی بوون، بەلاّم چاویش لەوە ناپۆشرێت لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك زانای تر هەبوون ئەو کارانەیان ئەنجام داوە کە هەندێ لەم زانایانەیتر خۆیان لێ بەدوور گرتووە، راستە بەشێکی زۆری زانا ناودارەکانی مێژووی ئیسلام خۆیان بواردووە لەوەی قەزاوەت و قازییەتی بۆ دەسەلاّتدارانی ئەو کاتە بکەن، چونکە وایان بینیوە ئەمە هاوبەشیکردنیانە لە ستەم و ستەمکاریدا، ئەوانیان بە ستەمکار لە قەڵەم داوە، لەگەڵ ئەوەی قەزا زۆرترین سەربەخۆیشی تێدا بووە، بەلاّم زانای تریش هەبوون ئەو کارانەیان بە واجب و پێویست بینیوە و ئەنجامیشیان داوە و سەرەنجامیش دەسەلاّتی ئیسلامی بێ قەزای شەرعی نەبووە، نەیارێتی ئەو زانایانەش خۆی لە خۆیدا سیاسەت کردن بووە، ئەوان داوای شورا و رەزامەندی خەڵکیان کردووە لە بابەتی دەسەلاّتی سیاسی و بەخشینەوەی ساماندا، بە ستەمی خەلیفە و کاربەدەستان رازی نەبوون، پشتیوانی شۆڕش گێڕانی ئەو کاتەیان کردووە، ئەمە هەر لە سەردەمی سەحابەوە بونی هەبووە تاوەکو سەردەمەکانی دواتر، خروجی حوسەین و عەبدولاّی کوڕی زوبەیر وعەبدولاّی کوڕی غەسیل و ئیبنولئەشعەس و زوننەفس ئەزەکییە و چەندانیتر و پشتگیری بەشێکی زۆری هاوەلاّن و زانایان نمونەی دیارن لەم بارەیەوە... بەلاّم ئەمە ناکاتە ئەوەی دەسەلاّتەکە نیمچە عەلمانی بوبێت بەواتا نەرێنییەکەی یاخود ئایین بە شێوەیەکی گشتی لە بواری سیاسی پەراوێز خرابێت بەلاّم ماکی ئەوەی تێدا بەدی دەکرێ و بۆنی ئەوەی لێ دێت... ئەتوانم بڵێم جۆرێکیتر لە لادان و ئینحراف رووی داوە و بەشێك لە زانایانیش بەشداریی ئەم بار و دیاردەیەیان کردووە، ئەویش تەئویل کردنی دەقەکان بووە لە ژێر پەستانی

واقعی سەپاوی سیاسیدا، کە دواجار بە بەرژەوەندی دەسەڵاتی بنەماڵەیی کۆتایی هات و بووە لادانێك لە گوتاری سیاسی ئیسلامی راستەقینە کە لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشیدی دا بەرقەرار بووە...

سەرنجێکی بچوکیتریشم ئەوەیە کە مەرج نییە ئەوەی لە سیستەمێکی عەلمانیدا هەبێت، هەر لەبەر ئەوە دەبێت دژ و ناکۆك بێت بە ئیسلام، بەڵکو لەم بوارەش دا خاڵی هاوبەش بەدی دەکرێت بە تایبەت لە رەهەندە سیاسییەکەیەوە...

پ: لە ئێستادا چەندین وڵاتی عەرەبی موسڵمان هەیە بەڵام لە هیچ یەك لەو وڵاتانەدا حوکمی ئیسلامی بەرچاو ناکەوێت، هۆکاری ئەوە بۆچی ئەگەڕێنیتەوە؟

ئەگەر زۆر بەکورتی و گوشراوی ئاماژە بدەم ، ئەوا دەتوانم بڵێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەرمان ڕەوا و کاربەدەستانی ئەم وڵاتانە لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاو و هەڵبژێردراوی خەڵك و جەماوەر نین، زیاتر فەرمانڕەوایەتییەکی ستەمکارانەن و بە دەربڕینە کۆنەکەی ئەڵقە لەگوێی ئیستیعمار و کۆڵۆنیالیستەکانن و کەمترین نرخییان بۆ خواست و ویست و داواکاریی و ماف جەماوەر و خەڵکەکەی خۆیان دانەناوە ... ئەو ستەمکاریی و زۆردارییانەی لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا ئەنجامیان داوە و پێیی هەستاون رون و ئاشکران و راپەڕین و شۆڕشە جەماوەرییەکانیش باشترین وەڵام بوو بۆیان... ئەمە جگە لەوەی حوکمی ئیسلامییش زەمینەی تایبەتی خۆی دەوێت و لەو بارەیەشەوە کۆمەڵێك کۆسپی جۆراوجۆر هەبوون و هەن کە یەك لەوانە وڵاتانی زلهێز و ئازاد نەبونی ئیسلامییەکان و پێنەگەیشتنی ئەزمونی تەواوی هێز و بزاڤە ئیسلامییەکانە لە رووی فیکری و زەمینەسازییەوە، سەرەڕای خراپی هەندێ ئەزمونی شکست خواردووی کە لانی کەم دەنگ دانەوەی سەلبی هەبووە و جۆرێك لە ترس و دودڵی بەرهەم هێناوە...

پ: ئایا ئیسلام وێنەیەکی جیاوازتری پیشان نەدا لە دوای ئەو خۆپیشاندانانەی لە وڵاتانی عەرەبی ڕوویاندا؟

راستییەك هەیە ئەبێ ئاگاداری بین و لە خوێندنەوەکانماندا بۆ ئیسلامییەکان بە تایبەت باڵ و تەییاری توندڕە و پشتگوێی نەخەین، ئەویش بریتییە لەوەی بەشێکی

زۆری توندڕەویی ئیسلامی، بەرەنجام و كاردانەوەی ستەم و توندڕەوییەكانی دەسەلاَتە دیكتاتۆر و ستەمكارەكانی ناوچەیە، كە دواتر پاساوی تری بۆ دروست بوو... بە شێوەیتر درێژەی بەخۆی دا، هەر بۆیە لەگەڵ نەمانی ئەو رژێمە ستەمكار و دیكتاتۆرانەدا وردە وردە ئەوەی پێی دەوترێت توندڕەوی و ئیرهابی ئیسلامیی روو لەكزی و كەمی دەكات و باڵی ئیعتیدال و میانەڕەوی بزاڤی ئیسلامی زیاتر پەرە دەسێنێ و واقعی تر دەبێت...

لە خۆپیشاندانەكانی ولاَتانی عەرەبیشدا، رۆڵی ئیسلام و هەستی ئایینی زۆر زەق و بەرچاوو موتەمەییز بوو، رۆڵی بزاڤە ئیسلامییەكانیش دیار و ئاشكرا بوو، ئاشتی خوازی و خۆڕاگری و پاراستنی سامان و موڵكی تایبەتی و گشتی یەكێك بوو لە سیما جوان و جیاوازەكانی ئەم شۆرش و راپەرینانە بوو... كە دەكرێت بوترێت ئیسلام و هەستی دینداری و جومعەی گۆڕەپانەكان كاریگەریی و ڕۆڵێكی باش و بەرچاوی هەبووە... یان وەك ئێوە وتوتانە وێنەیەكی جیاوازتری ئیسلامە و منیش دەڵێم ئیسلام خۆی لە خۆیدا لە گەڵ مافەكانی جەماوەر و داكۆكی لە هەق و هەق خوازیی و دادگەریدایە و پاراستنی دارایی و سامانی گشتی و تایبەتی یەكێكە لە بنەماكانی گوتاری سیاسی ئیسلامی...

پ: ئایا ئیسلام پێویستی بە نوێ بوونەوەیەكی بنەڕەتی نییە لە بواری فیكریو سیاسی لە دوای ئەو گۆڕانكاریانەی لە ولاَتانی عەرەبی ڕوویان داوە؟

بێگومان هەموو كات زیندوو كردنەوە و نوێكردنەوەی ئیسلام و كاروباری ئاینداری بە واتای(تجدید الدین) پێویستە، بە پێی زەوابیتە ئیسلامییەكان، پێغەمبەری خواش لە فەرمودەیەكی سەحیحیدا ئاماژە بەوە دەكات كە خوای گەورە لە هەر سەدساڵێكدا كەسێك یان كەسانێك دەنێرێ تاوەكو ئایین و كاروباری ئایینی نوێ بكرێتەوە، ئەم نوێكردنەوەیەش بۆچونی جیاجیای لە بارەوە هەیە... خۆ ئەگەر بچینە سەر بواری فیكریو سیاسی بەتایبەت لە پاش ئەو شۆڕش و گۆڕانكارییانە، ئەوە بێگومان نوێ بونەوە و بەخۆداچونەوە لەو بوارانەدا دەبێتە كارێكی پێویست و زەروور... چونكە ئەم

ڕووداوانە وەرچەرخانێکی مێژوویین لە ژیانی گەلاندا و دووڕیانێکی لێك جیاکەرەوەن لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا... چەندین گۆڕانکاری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنن... هەموو ئەمانەش ئەوە دەخوازێ بیرمەندە ئیسلامییەکان و زانایانی ئیسلامیی هەڵوێستەی جیددی بکەن و بە زۆر بۆچون و دیدی پێشینەی خۆیاندا بچنەوە لە زۆر رووەوە...تاوەکو تیۆریزەی دیدێکی نوێی سیاسی و فیکری بکەن بۆ ئەم قۆناغە نوێیە ، بەتایبەت لە رووی ماف و ئازادییەکان وخواست و داواکارییەکانی خەڵك و فرەیی و بەشداریی چالاکانەی خەڵك لە کایە سیاسییەکاندا... سەرەڕای پێداچونەوەی زۆر بواریتر کە بەردەوام کاری تێدا کراوە و زانایان و بیرمەندان سەرقاڵن پێیەوە لە کەلتور و توراس و مێژوویی ئیسلامیدا ...

پ: خەڵکی کوردستان 98٪ موسڵمانە لە گەڵ ئەوەشدا حزبە ئیسلامیەکان کەمینەن، بۆچی؟

شتێك هەیە گرنگە بیزانین، ئەویش ئەوەیە حیزبە ئیسلامییەکان بریتیین لە ئیجتیهاداتی فیکری و سیاسی و کارکردنی پەروەردەیی و زانستی لە نێو کۆمەڵگەدا بە مەبەستی هێنانەوە و کاراکردنی رۆڵی ئیسلام لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا ، لەوانەش کایەی سیاسی، هەر بۆیە مەرج نییە هەموو کارەکانیان یەکسان بێت بە ئیسلام و هەموو ئیجتیهاداتەکانیان پێکراو و دروست بن و لە ڕووی واقعی و مەشروعییەتیشەوە متمانەی هەموو خەڵکی موسوڵمان بەدەست بهێنێ، کەمی جەماوەری حیزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری جۆراوجۆر، خۆ ئەگەر هەندێ لەو هۆکارانە ببەستینەوە بە واقعی خۆمان و کاری حیزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوا دەتوانین بڵێین هۆکاری کەمینەیی و کەم جەماوەریی ئیسلامییەکان بەبەراورد بەکۆمەڵگە کە زۆرینەی هەرەزۆری موسوڵمانە و ئیسلامییەکانیش خاوەنی مەرجەعییەتێکی ئیسلامین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی : ئیسلامییەکان زۆر درەنگتر دەرکەوتن لە گۆرەپانی سیاسی کوردیدا و لافیتەیەکی رون و ئاشکرایان نەبوو تا ناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکان، هەر چەند بە

نهێنی یا بە شێوەی گروپی بچوکی کەم کاریگەر هەبوون، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە کورد پێویستی بە خەباتی سیاسی حیزبەکان هەبووە و ئەو بونەش بە هەموو سەلبییەتەکانیشییەوە کاریگەریی خۆی هەبووە لە سەر رادەی جەماوەریی بونی هەر حیزبێك لە ئێستادا... خەباتی رۆژە سەختەکان کاریگەریی هەبوو بۆ دواتری ئەو حیزبانە، هەر بۆیە لەکاتی راپەرینیشدا ئەوان بونە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر و دواتریش توانیان لەرێگەی دەسەلأت و داهاتی کوردستانەوە بەرژەوەندی خەڵکی بەخۆیانەوە گرێ بدەن و لە رێگەی قۆرخکردنی دەسەلأت و سامان و بەرژەوەندییەکانی کوردستانەوە درێژە بە بون و جەماوەری بونی خۆیان بدەن لەم پێناوەشدا چەندین رێگەو شوێنی نامەشروع و نا دیموکراتییان گرتووەتە بەر ... کاتێکیش ئیسلامییەکان لە ساحەکەدا دەرکەوتن ململانێکان بە شێوەیەك بون بواری گەشەکردنی زۆری نەدا، بە تایبەت لە کاتی شەڕی ناوخۆ و بەرتەسك بونەوەی ئازادی و قۆرخ کردنی ناوچەکان و تێوەگلانی هەندێ لە ئیسلامییەکان بە شەڕی ناوخۆوە...

هەر لە سەرەتای راپەرینەوە پڕو پاگەندەیەکی زۆر دژ بە ئیسلامییەکان لە ئارادا بوو، تا رادەیەکیش کاریگەریی خۆی هەبوو لە سنورداربونی جەماوەرییاندا... نەبونی دۆخێکی ئارام و دەستورێکی نوسراوو ، هەڵبژاردنی ئازاد و بێ خەوشیش، هەموو ئەمانەش کاریگەریی هەبووە لە سەر کەمی جەماوەریی ئیسلامییەکان و لە سەر خۆیی هەڵکشانیان...

هەموو ئەمانەش واتای ئەوە نییە ئیسلامییەکان لە کوردوستاندا گەشەیان نەکردووە و بەرەوپێش نەچوون... بەپێی هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە کوردوستاندا کراون کێرڤی جەماوەریی ئیسلامییەکان بەرەو ژوور چووە، تەنانەت لە کاتی هاوپەیمانێتییەکەشدا شکستییان نەهێناوە، بەلأم چۆنێتی هاوپەیمانێتییەکە و دابەش بونی کورسییەکان ئەو بۆچونەی زەق کردەوە، ئەمە جگە لەوەی دەرکەوتنی گۆڕان وەك هێزێکی نوێ و بەگوڕ بەشی خۆی کاریگەریی هەبوو لەو هەڵبژاردنەدا... قسەکردنم لەم گەشەکردنە پشت ئەستورە بە ژمارە و داتای باوەڕپێکراوی فەرمیی... ئەوە هەیە

گەشەکردنەکە لە سەرخۆ بووە و لە بەرامبەریشدا دابەزینی جەماوەری ئەوانیتریش بە هەمان شێوە لە سەرخۆیە...

سەرکەوتن و دەرکەوتنیش یاسا و سوننەتی خۆی هەیە و تەنها بە ئیسلامی بون بەدی نایەت... لەم نێوەندەش دا ئیسلامییەکان کەم و کورتییان هەبووە و لە ئاستی تموحی تەواوی خەڵکیدا نەبوون و هۆکارە بابەتییەکانیش هاوکاریی نەکردوون... لە پاڵ چەندین هۆکاریتردا...

پ: هۆی بێ دەنگی حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان تاکو دروست بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر ئەو گەندەڵیو ناعەدالەتیەی لەکوردستاندا هەبووە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

من وانازانم ئیسلامییەکان لە بەرامبەر ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتیەی لەکوردستاندا هەبووە بێ دەنگ بوبێتن، بەڵام دەنگیان کز بووە، یەکەم لایەنێك دروشمی دژایەتی گەندەڵی بەرز کردەوە ئیسلامییەکان بون، یەکگرتووی ئیسلامیی بوو، یەکەم تۆوی نارەزایەتی و هەنگاوی بەرەو ئۆپۆزسیۆن چون لە لایەن ئیسلامییەکانەوە بوو، ئەوە بوو لە دهۆکیشدا قوربانییان بۆی دا، زەرەرمەندی یەکەم لە بێبەشکردن و نان بڕین و دانەمەزراندن ئیسلامییەکان بون، بەڵام بارودۆخی کوردستان و ستەم و توندی حیزبی کوردی و قۆرخ کردنی هێز و سامان و تۆمەتی ئامادە و نەبونی دەستور و پیادە نەکردنی یاسا رێگر بوو لەوەی ئەو هێزانە بتوانن بە تەواوی کار و ئەرکی خۆیان لەو رووەوە راپەڕێنن... ئەوان لە زۆر کاتدا هەڕەشەی بون و مانیان لە سەر بوو، لە گەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك هەنگاویان هەر نا، لانیکەم بەرگەگریی ئەوان و کۆڵنەدانیان سەرەڕای فشار و پەستانەکان جورئەتی بە خەڵکی تریش دا، بە گشتی لە هەڵوێستە سیاسییەکانیشدا سازشکار نەبوون لە سەر حسابی قەناعەت و بۆچونەکانیان... بەڵام لە بەر چەندین هۆکاری زاتی و بابەتی هەر ئەوەندەیان پێ کرا... تەنانەت کاتێ حیزبێکی ئیسلامی باسی گەندەڵی دەکرد و دروشمی دژایەتی گەندەڵ بەرز کردبووەوە ، نەیدەتوانی بەڵگە فەرمی و یاساییەکان دەستەبەر کرا یا بڵاویان کاتەوە، چونکە ئەو گەندەڵی پاساوی یاسایی و پینەو پەڕۆی بۆ دەکرا، ئەو بڕە بەڵگەیەشی هەبوو، بە

کەسانێك دەستە بەر دەکرا کە لە دەسەلاَتا بێت... (گۆڕان)ێکی دەویست کە خۆی بەشێك بوو لە دەسەلاَت... لە هەمان کاتدا ناکرێ گۆڕانیش بەراوردکرێ بە ئیسلامییەکان، چونکە گۆڕان نیوەی دەسەلاَت بوو، لە خۆیان بوو، لە بەر چەندین هۆکار نەدەکرا هەڵوێستی توندو خوێناوییان لە بەرامبەردا بگیرێتە بەر... خۆ ئەگەر ئیسلامییەکان ئەو هەنگاوەی گۆڕانیان بە قەبارەی خۆیانەوە بگرتایەتە بەر ، ئەوا بێگومانم وەکو پۆڕی خوراویان لێ دەکرد و نەیان دەهێشت بە ئامانجی خۆی بگات... بە هەرحاڵ ئەو دەسپێشخەرییە نوێیە لە توانای ئەواندا نەبوو یاخود نەیان وێرا خۆیان بۆ قوربانییەکی گەورە ئامادە بکەن کە نەیان دەزانی قەبارەکەی چەندە و دەرەنجامەکەی چی دەبێت... بەلاَم فەزڵی زەمینە خۆشکردن و دەسپێشخەری سەرەتایی و چاندنی تۆوی موعارەزە بونیان هەبو، بۆیە پێیان دەوترا ئێوە پێیەکتان لە دەسەلاَت و ئەویترتان لە دەرەوەی دەسەلاَتە...

پ: دەتوانرێ بگوترێ لە تورکیادا سیاسەتێکی ئیسلامی بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە ئیسلامیەکانی کوردستان لە چ ڕوویەکەوە دەتوانن سودی لێ ببینن؟

تا ڕادەیەکی زۆر بەڵێ بەلاَم سەد دەرسەد نییە و ئەوەی کراوە کاری بەرچاو و نەوعین و هەنگاوی زۆر گەورەن، سیاسەتی ئیسلامی چییە؟ ئەوان توانیویانە گەندەڵی کەم کەنەوە ، ئەمە سیاسەتێکی ئیسلامیانەیە، توانیویانە گەشە بەوڵات و گوزەرانی هاولاَتیانی خۆیان بدەن ، ئەمەش سود گەیاندنە بەخەڵکی و پاراستنی بەرژەوەندییانە، ئەمە کرۆکی سیاسەتیی شەرعییە، ئەوان توانیویانە کاریگەرییەکی زۆرباشیان هەبێت بۆ زیندووکردنەوەی بەها و دروشمە ئیسلامییەکان بە هێمنی و لە سەرخۆیی و بێ گاڵەگاڵ ... ئەمەش خودی خزمەتە بە ئیسلام، لە کۆمەڵگەیەکدا نزیکەی سەدەیەکە دژایەتی ئیسلامی تێدا ڕاگەیەنراوە؟!

بۆ کوردیش هەنگاو گەلێکیان ناوە کە پێشتر نەنرابوو، هەر چەندە لە ئاستی تموح و خواستی ئێمەی کورددا نییە بەلاَم گرنگ بووە، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەبین ئەوەی خۆمان دەمانەوێت بۆ کورد بکرێت ئەوان بە هەمووی هەستن، بەتایبەت لە

شوێنێکی وەك تورکیادا که تا سەردەمێکی نزیك خەڵکی کورد مافی قسەکردنی نەبووە بە زمانی دایك، ئەمە جگە لەوەی چ ئەوانیش وەکو حیزبێکی سیاسی لەو دۆخە جەنجاڵەی تورکیادا حسابات و هاوکێشەی جۆراوجۆری تر دەبینن...

ئیسلامیەکانی کوردستان دەتوانن لە نوێکردنەوەی گوتاری سیاسییاندا سودیان لێ ببینن، لە لێبڕان و خزمەت کردن و بونی پرۆژە و هاریکاری ناوخۆییاندا سودیان لێببینن، لە کرانەوە بە ڕووی بەرامبەر و هاریکاری لە گەڵ ئەوی دی بۆ گۆڕانکاری گەورە و جورئەت بوندا سودیان لێ ببینن، لە پێشکەشکردنی نمونەی زیندووی ئیسلامیی عەمەلیدا سودیان لێ ببینن ...

لە هەمان کاتدا ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە و تورکیا جیاوازییان هەیە، مەرج نییە هەموو ئەو هەنگاوانەی ئەوان پێیی هەستاون لێرەش بتوانرێت ئەنجام بدرێ و هەموو ئەو شتانەی لەوێ دەکرێن بۆ ئێرە ئیجابی بن و بتوانرێت دووبارە بکرێنەوە، ئەمەش خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و بەدواداچونی زۆری دەوێت... تاوەکو بزانرێت چی بکرێت و چۆن بکرێت...

پ: لە ئێستادا لە کوردستان گروپێکی ئیسلامی هەیە پێیان وایە حزبایەتی حەرام و بیدعەیە و دەبێت موسڵمانان گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارە عەلمانیەکان بن، بۆچوونی تۆ لە سەر ئەم گروپە چییە؟

ئێمە دەبێ ڕێز و ئیعتیبار بۆ دید و بۆچونی ئەوانیتر دا بنێین با خۆشمان تەبەننی نەکەین و قەناعەتیشمان پێی نەبێت، بەڵام نابێت هەوڵ بدرێت یا ڕێگە بدەین ئەو بۆچونانە بەسەر ئەوانیتردا فەرز بکرێت و وەکو خودی ئایین تەماشا بکرێت، یا بکرێتە چەکێك و ئەوانیتری پێ بترسێنرێ، لە هەر کاتێکیشدا هەستمان کرد یان بۆمان دەرکەوت بۆچونێك هەڵە و پەڵەی تێدایە و بەناوی ئایین و خوا و پێغەمبەری خواوە درودی خوای لەسەر بێت بە خەڵکی دەفرۆشرێت، ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی زانستی ڕەخنەی بکەین...

بونی حیزب و ڕێکخراو و دەزگای جۆراوجۆری سیاسی و دەعەوی و زانستی هۆکار و وەسیلەن بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستێك، تا ئەو کاتەی ئەو ئەو پەیامە دەگەیەنن شتێکی باشن ... یا واجب و پێویستن، خۆ ئەگەر لە شوێنێکدا ئەو رۆڵەیان نەگێڕا و بە دڵنیاییشەوە دەرکەوت هۆکاری ئەم کەلێنە وەسیلەکەیە ئەوە پێویستە چاکسازیی تێدا بکرێت، چونکە هۆکارەکان قودسییەت و پیرۆزییان نییە باشی و خراپییان پەیوەست و گرێ دراوی دەرەنجام و ئەنجامەکانێتی، ئەکرێ یا پێویستە بگۆڕرێن یا دابرێژرێنەوە...

قسەکردن لە سەر حەرامی حیزب و بە بیدعە باس و خواس و گفتوگۆی زۆری دەوێت و زۆر هەڵ دەگرێت، کە ناکرێ لێرەدا تاوتوێی بکەین، بەڵام بونی ئەو بۆچونانە بەو رەهاییە نیشانە و ئاماژەیەکی سەلبی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری بەشێکی بەرچاوی بزاڤ و تەوژمە ئیسلامییەکانە، بە بەراوردی ئەوەی لە مێژووی موسوڵماناندا هەبووە و دەقە ئیسلامییەکان دەیخوازن و واقع و سیاسەت پیشانمانی دەدات! !

ئەو گروپە ئیسلامییەی حزبایەتی بە حەرام و بیدعە دەزانێ ، بێ ئەوەی جیاوازی بکات لە نێوان هیچ جۆرێك لە حیزب و بە پەرتەوازەکار و پەرتکەری دادەنێت، هەر لە نێو خودی خۆیدا ئەو لەت بون و فرە بۆچونییەی هەیە و دواجار بە فیعلی جۆرێکی زۆر خراپ لەحیزبایەتی مەزموم بەرهەم دەهێننەوە، چونکە هەر یەکەی وەها مامەڵە دەکات کە ئەو هەقی تەواوو رەهای لایە و ئەویتر مونحەریف و بیدعەچی و ئەهلی ئەهوائو تەکفیری و چەندین نازناوی ترە، کە ماوەیەك پێش ئەوە هەق خوازو و سەلەفی و ئەهلی سوننە و جەماعە بوو، هەر بۆیە قۆرخ کردنی هەق لە تەنها کۆمەڵێکی دیاریکراوی بچوکی نێو هەموو جیهانی ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی بۆچونێکی لاوازە، سوکایەتی کردنیشە بە جەماوەری موسوڵمانان و دواتریش واقعی حاڵی ئەو کەسانە شتێکیترمان پێ دەڵێ!

جا نازانم ئەگەر بونی حیزب بەو رەهاییە بیدعە و گومڕایی بێت بۆ دەبێت هەندێ لەو بەڕێزانە ملکەچی ئەوامرەکانی حیزب و سەرانی حیزبێك بن کە بۆچونەکانی ئەوان

(کە لای خۆیان کیتاب و سوننەیە) بە خورافە و ئەفسانە تەماشا دەکەن و ئەوانیش بە خەڵەفاو و دواکەوتو و لە دونیا بێ ئاگا دەبینن، سۆزداریشیان لە ئێستادا تەنها بۆ ئەوەیە بیانکەنە مەقاش و شەڕی ئەم و ئەوی پێ بکەن، ئەگەر حیزب بە ئیسلامیشەوە بیدعە و حەرام بێت ئەی بۆ دەبێت ئەوان و موسوڵمانان پێویست بێت گوێڕایەڵی دەسەڵاتێك بن کە لە بەرەنجامی حیزب و کاری حیزبییەوە دروست بووە، چونە دەسەڵات و پەرلەمانیشی هەر لەو رێگەیەوە بووە، یا ئەوەتا گۆشتەکەی ناخوا بەڵام گۆشتاوەکەی دەخوات! !

ئەو دەسەڵاتەی هەندێ لەو بەڕێزانە وەهای دادەنێ پێویستە ملکەچی بۆ بکرێت... بەرەنجامی کاری حیزب و جەماوەر و کۆششەکانی حیزبە، حیزب لەمرۆدا بەباش و بەخراپ کاریگەریی هەرە گەورەی هەیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت پەروەردەییشدا، هەر بۆیە پاڵفتەکردن و پێداچونەوەی میکانیزم و کارەکانی گرنگی خۆی هەیە... پاشان ئەو کارەی بەشێك لەو بەڕێزانە پێی هەڵ دەسن و ممارەسەی دەکەن خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە حیزب تەنها ئەوە هەیە نایانەوێ لافیتەیەکی سیاسیان هەبێ و بە شێوەی فەرمی کار ناکەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام زۆرجار ئافەرینی دەسەڵات و خواستەکانی دەکەن و قسەی خۆشمان بێت لە کاتی تەنگانە و شپرزەیی دەسەڵاتدا بە تایبەت لە کاتی پەستان و خۆپیشاندانەکاندا پشتگیری و پشتیوانی دەسەڵاتن دژ بە خواستەکانی جەماوەر هەروەك لە وڵاتانی تری وەك یەمەن و ئوردون و هتدیش دا دەیبینین و خۆپیشاندان و شۆرشی جەماوەریش بە بیدعە و دوور لە سوننەت دەچوێنن... ئەکرێ بەوان بوترێ حیزبێکی تایبەت و کۆمەڵێکی داخراو، کە لە زۆربەی وڵاتاندا پاشکۆی دەسەڵات و پاساو دەری هەندێ لە کارەکانیانن، نەك نەیار و هەق بێژو موعاریز... بونی مامۆستای دیاریکراو و تایبەت و خوێندن وخوێندنەوەی هەندێ کتێبی تایبەتی و بونی پەیوەندی بەهێز تەنها لەگەڵ هەندێ کەس و تەعەسوب بۆ قەولی هەندێ زانای دیاریکراوو، هەوڵ دان بۆ هەندێ ئامانجی رون و ئاشکراو گرنگی دان بە هەندێ بابەتی دیار و دژایەتی حیزبی ئیسلامی و موداهەنەکردنی حیزبی عەلمانی

و دەسەلاّت، ئەمە ئەگەر جۆرێك نەبێت لە حیزبایەتی ئەی چییە؟ بەلاّم حیزبایەتییەکی دەمارگیرانە و کوێرانە، حیزبایەتییەك کە تەساموح و لێبوردەیی تیا نییە بەرامبەر هاوبیرانی با جیاوازیشیان هەبێت، توند و ڕقنن بەرامبەر ئەوانەی باوەڕیان بە تەواوی پایەکانی ئیمان و ئیسلام هەیە، باوەڕیان بە حەلاّڵ و حەرام هەیە، باوەڕیان بە هەموو بەها ورەوشتە قورئانییەکان هەیە، خوا و پێغەمبەری خوایان خۆش دەوێت... بەلاّم لە دیدی سیاسی و هەندێ ئیجتیهاداتی فیقهی و بیروبۆچوندا لەوان جیان.. کەچی سەرکز و بێ دەنگن لە ئاست ئەوانەی کەمترین پابەندییان بە ئایینەوە هەیە بگرە هەندێکیان تەنانەت بێ باوەڕیشن پێی... یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بانگەشە بۆ بێ ڕەوشتی و حساب نەکردن بۆ ئایین و بەهاکانی دەکەن... خێرە ئەم دیندارانە ئەوەن بێ دەنگن لەم کەسانە و نەرمن لەگەڵیاندا؟ ئەمە چ دیندارییەکە ئێمە لەم سەردەمەدا دەیبیستین و دەیبینین؟! ئایین دارانێك توند و تیژن بەرامبەر برا ئیمانی و هاو بۆچونەکانیان و نەرم ونیان و چەماوەن لە بەرامبەر ئەوانیتردا... ئەمە دینداری ئاخر زەمانە و ئەبێ لە کوێی بەڵگەکاندا پاساوی بۆ بهێنرێتەوە؟!!

لەبەر ئەمانە و چەندین هۆ و بەڵگەیتر ئەو بۆچونەی سەرەوە بە هەڵە دەبینم و دەیان نیشانەی پرسیاری لە سەر دادەنێم!!

هیوادارم ئەو بەڕێزانە پێداچونەوە بکەن بە دید و هەڵوێستەکانیاندا، لە بازنەی خیلافی فیقهی و جیاوازی بۆچوندا مامەڵە بکەن، کە کتێبە فیقهییەکانی خۆمان ئاخنراوە لەو بابەتانە و بونی چەندین مەزهەبی فیقهی لە مێژووی ئیسلامیدا شایەتی ئەم بارەن...

# پارتە ئیسلامییەکان و رۆڵ و کاریگەریی

## وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری کلیل ژمارە25، 2011، سازدانی شکار شەمێرانی

*زەمینــەی ســەرهەڵدانی حیزبــە ئیسلامییەکان چـۆن هەڵدەسـەنگێنی؟ ئایـا زەمەنی دەرکەوتیان چەندە گونجاو بو؟ مەبەستمان لەو کەشوهەوایەیە کەتیایدا سەری هەڵدا؟

دیارە بونی پێکهاتەی ئیسلامی تـا رادەیـەك رێکخـراو بـە واتـا نوێیەکـەی پـێش حیزبـی ئیسـلامی کـەوتووە لـە کوردسـتاندا، لانـی کـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای شەستەکان، بەڵام تا کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان نەچووە قاڵبی حیزبەوە، پێش ئەو ماوەیە زیاتر کارەکان روکاری پـەروەردەیی و بـانگخوازی وەرگرتبـوو نـەك حیزبێکی سیاسی رێکخراو، هەرچەندە خاڵی نەبوو لە سەرەتاکانی پێکهاتەیەکی حیزبـی رێکخـراو، دواتـریش لـە کۆتـایی حـەفتاکان و سـەرەتای هەشـتاکاندا بەشـێوەیەکی لاواز کاری ئیسلامی روکارە سیاسییەکەی بەرەو زەق بون چوو، بەڵام لە ئاسـتی قۆناغەکـەدا نەبوو، دیارە کزی هۆشیاریی سیاسی لای ئیسلامییەکان و زیاتر قەناعەت بونیان بەکاری پەروەردەیی و دەعەوی وەك قۆناغی یەکەم و بەرتەسکیی زەمینـەی فرەیـی سیاسـی لـە کوردستاندا کە لە شەری براکوژی دا رەنگی دابویەوە ئەم زەمینەیەی نالەبارترکرد، لـەو کاتەدا، سەرەتا جگە لە ئیخوان کە زیاتر کاری پەروەردەیی و دەعەوی بچڕبچڕی نیمچـە رێکخراوی هەبوو، کە بەشـی زۆری لـە نـاوخۆدا بـوو، لـە دەرەوەش جگـە لـەوان سـاڵی 1978بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی(کە دواجار لە کۆتایی هەشتاکاندا بوو بەبەشێك لە بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق) پێکهێنرا، ئەمە جگە لە (لەشکری ئیسـلامی)

که تا ئێستاش تەواو روون نییە پاڵنەری سەرەکی کارەکەیان چی و چۆن بوە، ئەوەندە هەیە لە ماوەیەکی کەمدا زۆربون و بە ماوەیەکی زۆر کورتیش لەلایەن هێزێکی کوردستانییەوە لەناو بران و پێکهاتەکە خۆیشی پیّ دەچێت پاشکۆیەتییەکی هەبوبێت و سیخناخیش بووە لە سیخوڕی لایەنەکانی کوردوستان بەتایبەت یەکێتی و پارتی...

کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان بەرایی دروستبونی حیزبی ئیسلامین بە واتا باوەکەی لە ژینگەی کوردستاندا، کە تا ئەم کاتە حیزبە نەتەوەیی و سۆشیالیست و چەپەکان چەندین قۆناغیان بڕیبوو، چ ئیجابی بوبیّ یا سەلبی، راستە تەوژمی ئیسلامی لە ئاستی نوخبەدا بونی هەبوو، بەڵام لە رووی جەماوەرییەوە سنوردار بوون، بۆچونیان وابوو بەو شێوازەی خۆیان دەکریّ زیاتر خزمەتی خەڵك بکەن، بەڵام لەو لاوە ئەم بۆچونانەیان بووە هۆی ئەوەی لە جەماوەریان دابڕێن و نەبنە ئاڵا هەڵگری خواستی نەتەوەیی و نیشتمانی... راستە زەمینەکە بەهۆی چەندین کۆسپەوە دژواربوو بۆ ئەوەی ئیسلامییەکان وەك بەدیل یان بەشدارێکی جیددی رۆڵ بگێڕن، بەڵام لانی کەم دەتوانرا دوای نسکۆ کاراتر بێنە گۆرەپانەکەوە کە ئەوە بەپێی پێویست و لە ئاستی خواستدا نەبوو... دوای راپەرینیش کە سیمای حیزبی ئیسلامی زۆر ئاشکرابوو، بەڵام بەشێکی دیاری ئیسلامییەکان بە ژینگەی براکوژی و شەری ناوخۆوە گلان و بونە بەشێکی ئەو واقعە، ئیتر هۆکارەکان هەرچی بوبێت گرنگ تێوەگلانەکە بوو... کە ئەمەش تارادەیەکی زۆر دیمەنێکی سەلبی بەخشیە ئەو تەوژمە... بەکورتی هەل و مەرجی سەرهەڵدانی ئیسلامییەکان و زۆربەی پارتەکانی تریش وەکو بارودۆخی کوردوستان لە دۆخی ئاساییدا نەبوە... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا حیزبە ئیسلامییەکان توانیویانە جێگەو پێگەی خۆیان هەبێت با لە ئاستی خواست و چاوەڕوانیش دا نەبوبێت.

* هەستناکەی ئەوانیش وەك حزبەکانی هەڵگری فەلسەفەی مارکسی و ناسیۆنالیزم بەشێوەیەك لەشێوەکان لەپاشەکشەدا بن؟

بە سەرنج دانی دەرەنجامی هەڵبژاردنە یەك لە دوای یەکەکانی کوردوستان بەو پێیەی من بینیومن و شیکار کراوە ئیسلامییەکان وەکو رێژە پاشەکشەیان نەکردوە و لە

هەڵكشاندا بوون بە شێوەیەكی گشتی، بەڵام هەڵكشـان و پێشڤەچـونەكەیان لەسـەرەخۆ بووە، بازدان و بەرەو پێش چونی سەرنج راكێش و سەرسامكەری بـەخۆوە نـەبینیوە... دەكرێ بوترێ حیزبە ئیسلامییەكان لە هەندێ روی فیكری و تەنزیرییەوە زۆر كەم بـەرەو پێشچوون، یان نەیانتوانیوە بەپێی پێویست توانا جۆربەجۆرەكانی خۆیان وەگەڕ بخـەن و پەرتەوازەیان كردوون، سەرەنجام ئەو هەموو توانا رۆشـنبیری و فیكرییانـە نەڕژاوەتـە نێو خانەی چالاكتركردنی خۆیانەوە و بە ئاقاری تردا رۆیشتوون...

*ئایـا بەرنامـەی حیزبـە ئیسـلامییەكان تـوانی شـتێكی پێشـكەش بەكۆمـەڵگای كوردی بكات، لانی كەم تینویەتی بشكێنێت؟

سەرەتا ئەمەوێ ئەوە بڵێم حیزبی ئیسلامی بەوناوەرۆكەی كە هـەیبووە تـاوەكو ئێستا ئەرك وبەرپرسیارێتییەكانی زیاتر بووە لە حیزب بـە واتـا سیاسـییەكەی، ئەمـەش رۆڵی هەبووە لەوەی هەموو خەمێكی تەنها بریتی نەبووبێ لـە جـەماوەری بـون و هەنـدێ خواستی جەماوەر كەدواجار لە هەندێ رووەوە بە زیانی خۆیشی كۆتایی هاتووە.

سەبارەت بە پرسیارەكەی بـەرێزت دیـارە بەرنامـەی زۆرینـەی حیزبـەكان وەكـو شتی نوسراو لـە خزمـەتی خواسـتی خەڵكدا بـوە، لـەم رووەشـەوە هـەر لـە هەڵبـژاردنی یەكەمەوە كە لیستی ئیسـلامی هـەبووە وەكـو بەرنامـە شـتی جوانیـان هـەبووە... بـەڵام وەكو واقع ئەوە بەراستی دەبێت پۆلێن بكەین و هەموو ئەوانەی لە ژێر چەتری ئیسلامیدا جێگەیان دەبێتەوە وەكو یەك لەم روووەوە تەماشانەكرێن، ئەگەر بەگشـتیش بڵـێین مـن وادەزانم ئیسـلامییەكان شـتی زۆریـان پێشـكەش بـە كۆمەڵگـەی كـوردی كـردووە، هـەر چەندە ناگاتە ئاستی تینویەتی شكاندن... باسكردنی ئەو بەرنامـە و كارانـەش دەكرێت لە دەرفەتی تردا بكرێن، چونكە وانازانم بەپێی پرسیارەكەی تۆ و دەرفـەتی گونجـاویش بكرێ لێرەدا قسەیان لەسەر بكەم.

*بـەرای تـۆ یـەكگرتنی حیزبـە ئیسـلامیەكان لەهـەرێمی كوردسـتان چـەندە گونجاوە؟ یان رێگای تێدەچێت؟ ئایا هێندە جیاوازییان هەیە كەنەتوانن یەك بگرن؟

بـە دیـد و بۆچـونی مـن یـەکگرتنی حیزبـە ئیسـلامیەکان لەهـەرێمی کوردسـتان دەکرێـت و گونجـاوە و دەشـێ یـەك بگـرن و هێنـدەش جیـاوازیی ریشـەیی فیکـری و مەبدەئیان نییە کەنەتوانن یەك بگرن و ئەو یەکگرتنە ببێتە شتێکی ئەستەم و مـەحالێ... بەڵام هـەرواش ئاسـان نییـە و زەمینـە خۆشـکردنی زۆری دەوێـت و دەبێـت زۆر کۆسـپی دەرونی و شەخسی کۆتایی پێ بهێنرێت و هەندێ جیاوازی فیکریی یەکلا بکرێتەوە کە من وانازانم ئەوەندە زۆر بن گەر ویست و ئـیرادە هـەبێت، بـەڵام زەمینـەی لـەبار و پاسـاوی واقعی زیاتری دەوێت ئەگینا دەرەنجامە ئیجابییەکانی پێچەوانە دەبێتەوە.

*زۆرجار رەخنەی ئەوە لەیەککگرتو دەگیرێت ئەگـەر شـارەزایی سیاسـەت بوایـە ئەو لەبری گۆران ئەو دەنگەی دەهێنا کەگۆران هێناویەتی؟

ئەو بۆچـونە بەتـەواوی راسـت نییـە، چـونکە یـەککگرتوو ئەگـەر وەکـو گـۆڕان و زیاتریشی بکردایە هێشتا نەی دەتوانی ئەو دەنگـەی ئـەو بهێنێـت، لەبـەر چـەندین هـۆ، لەوانە: هێشتا لەکوردستاندا وەلائاتی حیزبی و شەخسی زۆر بەهێزە، ئاسـتی هۆشـیاری تـاك بەشـێوەیەکی گشـتی ماویـەتی و پەیوەسـت بـون بەبەرژەوەنـدی تاکەکەسـی لـە قۆناغێکی دواکەوتودایـە، بەبۆچـونی مـن ئێسـتاکەش هەنـدێ کەسـایەتی هەیـە گـەر لـە گۆڕان بکشێنەوە بەشێکی یەکجار زۆر لە دەنگەکانی گـۆڕان دەبـەن چـونکە دەنگـی ئـەو کەسانە بۆ ئەو سەرکردەیە یا ئەوی تر لەسەر قەناعەتی فیکری نەوەستاوە بـەڵکو زیـاتر ریشەیەکی شەخسـەنەیی بگـرە تیرەگەریشـی تێدایـە، ئێسـتاکەش دەنگـەکانی گـۆڕان و یەکێتی بخەیتـە پـاڵ یـەك تـەنها چـەند کورسـییەکی کـەمی زیـاترە لـە جـارانی یـەکێتی، بەدەربڕینێکی تر گۆڕان هـەر یەکێتییـە و بـووە بـە دوو بەشـەوە بـە زیـاد کردنـی بردنـی رێژەیەك لە دەنگـی نـارەزایی کـە ئـەو ئەنـدازە گەورەیـە نییـە یـەککگرتویی بگەیاندایەتـە ئاستی گۆڕان لە رووی قەبارەو ژمـارەوە، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە ئـەوەی بـۆ گۆڕان چووە سەرو پێی کرا بۆ یەککگرتوو نەدەچووە سەرو بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدەدرا یەکگرتوو ئەگەر 10 ئەوەندەی گۆرانیش لە سیاسـەتی بزانیایـە. چـونکە گـۆران بەشـێك بوو لە دەسەڵات، بەجۆرێك لەجۆرەکان پشت ئەستوربوو بەو هێزە سـەربازییەی لـە نێـو

دەسەلاتدا هەبوو، زۆربەی فەرماندە سەربازیی و ئەمنییەكان ئەگەر لەگەڵ گۆڕانیش نەبوبێتن هاوسۆزبوون لەگەڵی، وە دەسەلاتیش ئەو مەترسییەی هەبوو، وەدڵنییا نەبوو كە ئایا لەكاتی شڵەژان و هێرش كردنە سەر گۆڕان (كە بەداخەوە كەلتورێكی باو بووە لە رابردوودا) قەبارەی ئەو هێزەی لەوانەیە لەگەڵ گۆران بێت چەندە؟ تا ئێستاشی پێوە بێت بەبۆچونی من كەس بەتەواوی نازانێت خوانەخواستە ئەگەر هێرش بكرێتە سەر گردەكە ئایا كاردانەوەكان چۆن دەبن و نابێتە پێكدادانێكی چەكداری قورس؟!!

بەلام ئەگەر یەكگرتوو ئەو سیناریۆیەی گۆرانی بكردایە ئەوە هەر زوو خاپوریان دەكرد و بە دەیان بیانووی بێ بنەما و هەڵبەستراوەوە توندی زیندانەكانیان دەكردن و بارەگاكانیان لەلایەن جەماوەرەوە دەسوتا یان داگیر دەكرا!!!!

یەكگرتوو یەك جار ماڵ جیایی كرد و دروشمی دژە گەندەڵی بەرزكردەوە، ئەوەی ئەمە جگە لەوەی وتاری یەكگرتوو لەو قۆناغەدا لە بەهێزیدا نەدەگەیشتە ئەو هێزەی كە گۆڕان هەیبوو، چونكە گۆڕان بە حوكمی بونی لە دەسەلاتدا خاوەنی سەدان دیكۆمێنتی وەها بوو كە دەی توانی جەماوەری پێ بجوڵێنی و ئەوەشی كرد، لەبەرامبەریشدا یەكگرتوو پێش ئەوەی گۆران بەتەواوی وەكو ئۆپۆزسیۆن خۆی رابگەیەنێت لەگەڵ لایەنەكانی تری كوردوستانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیان راگەیاند بۆ هەڵبژاردنەكان، بەلام لەبەر ئەوەی گوتاری گۆران بەهێزتربوو، وەلەبەر چەندین هۆی تر ئەو بەرەیە پاشەكشەیەكی زۆری كرد...

هەموو ئەمانەو چەندین خاڵی تر بۆ ئەوە نییە بوترێ یەكگرتوو نەی دەتوانی بەرەو پێشتر بچێت، بێگومان دەیتوانی زۆرباشتر بچێتە پێشەوە، دەیتوانی بەهەندێ پرۆژەو گۆرینی گوتاری سیاسی و كاركردن لەسەر هەندێ خەمی جەماوەریی سێ تا پێنج كورسی تری پەرلەمانی زیاتر بكات، كە ئەگەر گوتارەكەشی هاو وێنەی گۆرانیش بوایە بەو ئاستە هۆشیارییەی ئێستا لەكوردستاندا هەیە بەبۆچونی من نەی دەتوانی زیاد لە پێنج كورسی تر زیاتر بهێنێت لەو رێژەیەی كە بەتەنها دەی هێنا نەك لە هاوپەیمانێتیدا، بە خوێندنەوەی من گۆرانیش لە باشترین باریدا ئەگەر دەنگەكانی

یەكێتی جارانی لێ دەركەیت لە شەش كورسی نوێ زیاتر تێناپەڕێ... بەڵام ئەم ڕێژەیە لەگەڵ زیاد بونی هۆشیاری دەنگ دەری كوردی و نەمانی پەستانە جۆراوجۆرەكاندا گۆران و گەشەكردنی زیاتر بەخۆوە دەبینێت.

*تاچەند دەرفەت لەبەردەم كاری ئیسلامی سیاسیدا هەیە لەهەرێمی كوردستان؟ مەبەستمان كاری حیزبە ئیسلامیەكانە؟

بە بۆچونی من دەرفەتی باش هەیە ئەگەر لێ زانانە كار بكەن و پرۆژەی جیدی بخەنە ڕوو، چونكە خەڵكی دڵسۆز و كارامە و دەست پاكی زۆریان لەنێودایە و تارادەیەكیش بنكەیەكی جەماوەریی بەرچاویان هەیە، سەرەڕای ڕێژەیەك لە ئەندامی چالاك و لێبڕاو كەكەمترین داخوازی و بەرژەوەندی شەخسیی هەیە و قازانجی ئەوانی تری زۆر مەبەستە... قسە لەم بابەتە زۆری دەوێت، بەڵام ئەوە كورتەكەیەتی.

*زۆرجار لەلایەن حیزبە ئیسلامیەكان بەگشتی و یەكگرتو بەتایبەتی مەسەلەی دەعوەو سیاسەت تێكەڵكراوە، لەم بارەیەشەوە نوسەران بۆچونی جیاوازییان هەیە، بەرای تۆ یەكگرتو دەتوانێت تەنها یەكێكیان بكات؟ ئایا بەردەوامبون بەو شێوەیە چەندە لەقازانجییەتی؟ وەك خۆشتان ئاگادارن ئەم باسە لەناو یەكگرتوشدا گەرمە؟

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە فرە ڕەهەندە و زۆری دەوێت و هەندێ جاریش دەبینم بەكرچ و كاڵی تاوتوێ دەكرێ و دەخرێتە ڕوو، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆر بەكورتی بۆچونی خۆم لەو بارەیەوە بخەمە ڕوو... سەرەتاش بەبۆچونی من خستنەرووی بابەتەكە بەم دەربڕینە(دەعوەو سیاسەت) هەڵەیە! چونكە بەشێكی سەرەكی گرنگی پێدانی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامی بواری سیاسی و سیاسەتە، هەر بۆیەناكرێ وێنایەكی تەواو بۆ بانگەوازو دەعوە بكەین ئەگەر خاڵی بكەین لە گرنگی و ئەولەوییەتدان بە بواری سیاسی، پاشان سیاسەت خۆی چییە تا بڤە بێت بانگەوازی ئیسلامی وەك بەشێك لە گرنگی پێدانەكانی خۆی تەماشای بكات؟ پرسی دادگەری و وەرگرتنی بۆچون و خواستی گەل بەشێكە لە سیاسەت و لە هەمان كاتدا خواستێكی قورئانین و خوای گەورە فەرمان دەدات دادگەریی بەرپاكرێ و كاروباری خەڵكی بەراوێژ بێت : ﴿ إن الله يأمر

بالعــدل...﴾﴿وإذا حكمــتم بــين النــاس أن تحكمــوا بالعــدل﴾﴿...وأمــرهم شــورى بينهم...﴾﴿وشاورهم في الأمر﴾، ئەی ئیتر چۆن بانگەوازی ئیسلامی خۆی لە قەرەی ئـەم جۆرە بابەتانە نادات و وەکو شتێکی دوور لە گرنگی پیٚ دانی ئەم تەماشایان دەکات؟!!
ئایا پرسی گەندەڵی و مەحسوبییەت و بەرتیل و پێشێلکردنی مـافی ئـەوانی دی پرسـێکی سیاسی نین و لە هەمانکاتدا حەرامێکی شەرعی؟!! ئایا پێغەمبەران بـۆ ئـەوە نـەهاتوون دژایەتی ستەمکاران بکەن و چەوساوەکان رزگار کەن و ستەم و نادادی نەهێڵن و خـەڵکی تەنها ملکەچ و گوێڕایەڵی پەروەردگاریان بن؟! کە ئەمـەش لـە کرۆکـی کـاری سیاسـییە، ئەی چۆن دەبێت بانگخوازانی ئەو پەیامە نەتوانن یان بۆیان نەبێت بەو ئەرکە هەستن کـە یەکێك لـە ئامرازەکـانی حیـزب وکـاری رێکخراوەییـە لـە جیهـانی ئـەمرۆدا... دواتـر ئایـا سیاسەت و سیاسی و کاری حیزبایەتی و کەسی حیزبی پێویست نییـە رەچـاوی چـەندین پرسی کۆمەلأیـەتی و رەوشـتی و بـەها جۆربـەجۆرەکان بکـات کـە زۆربـەیان گـریٚ دراوی تێروانینی ئاینییانەی خەڵکە، لە هەمانکات دا ئەم جۆرە بابەتانە جێگەی گرنگی پێـدانی دەعوە و ئـەرکی بـانگخوازی ئیسـلامین، هـەموو ئـەو بابەتانـەش بـەجۆرێك لـەجۆرەکان تێکەڵ بەسیاسەت و بواری سیاسی دەبن... هەر بۆیە هەڵەیە وابزانین دەعـوە بـیٚ لایەنـە لەبەرامبەر سیاسەت و نابێت قسەی هەبێت سەبارەت بە پرسە سیاسـییەکان و دەعـوە و سیاسەت پێکەوە هەڵ ناکەن و بابەتی هاوبەشیان نییە... بەلأم دەکرێت بوتریٚ یا راستە بوتریٚ بواری بانگەوازی ئیسلامی زۆرفراوان و فرە رەهەندە یەکێك لەوانە سیاسـەتە هـەر بۆیە دروست نییـە دەعـوە لـە سیاسـەتدا قەتیسـی بکـەین، بـەو پێیـەش حیـزب بـەپێی پێناسە نوێیەکان زیـاتر ئـەرکی سـەرەکی سیاسـەت و ئیـدارەدانی ئـەو بوارانەیـە کەلـەم خولگەیەدان هەربۆیە ناکرێـت کـارو بانگـەوازی ئیسـلامی تـەنها لـە بۆتـەی کـاری حزبیـدا قەتیس بکرێت چونکە کاری حیـزب و ئیهتیمامـاتی حیـزب بەپێناسـە مۆدێرنەکـەی مـەرج نییە هەموو تەنانەت هەموو بوارێکی سیاسیش بگرێتەوە چ جـای بتوانێـت هەرچـی کـاری ئیسلامی و بانگەوازی ئیسلامییە لەو رێگەیەوە ئەنجامی بدات، ئەوەشـی تـاوەکو ئێسـتا لە بەرنامەی حیزبی ئیسلامیدا کراوە دەتوانریٚ بوتریٚ زیاترە لە کارو ئەرکی حیزب بەواتا

نوێیەکەی... بۆیە دروشمی با بانگەوازو کاری ئیسلامی تەنها لە میکانیزمی حیزب و کاری حیزبیدا قەتیس نەکەین تەواوترە، نەك جیاکردنەوەی دەعوە لە سیاسەت و دەعوە لە حیزب، لەگەڵ ئەوەشدام دەکرێ حیزب مەرجەعییەتێکی ئیسلامی هەبێت بەتایبەتمەندی خۆیەوە وەکو کەناڵێکی سەربەخۆ لە هەمان کاتدا زەمینەیەکی تەواو ئازادی هەبێت لە کاری سیاسیدا و بازنەی ئەندامێتیشی فراوان بێت بۆ ئاستێك کە کەسانی ناموسوڵمانیش لە خۆبگرێت، بەڵام پێش وەخت لەسەر کۆمەڵێك بنەما و بەهای سیاسی رێك کەوتبن کە لەکرۆکی ئیسلام و پەیامی ئیسلامییە لە هەمان کاتدا بنەما گەلێکی مرۆییشن وەکو دادگەریی و دژایەتی ستەم بەهەموو جۆرەکانیەوە، پاراستنی ماف و خواستەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و ...هتد، دواتریش ئەم حیزبە بانگەشەی ئەوە بکات ئەو وەك کیانێکی سیاسی زیاتر ئەرك و رۆڵی خۆی لەم بوارانەدا دیاری دەکات و بۆ ئەم پرسانە تێ دەکۆشێ، بێ ئەوەی نەرێ و نەفی لایەنەکانی تری ئیسلام بکات و وە بێ ئەوەی کارەکەی خۆی بەدەر لە کاری ئیسلامی یا جیا لە بەها ئیسلامییەکان بزانێت، واتە دەکرێت حیزبێکی باکگروند ئیسلامی ببێتە دەزگا و نێوەندێك بۆ کۆمەڵێك کارو پرۆژەی دیاریکرا و و کەسانی تریش بێت... جا بۆ ئەم جۆرە لە حیزب کە ئەم کارانە ئەرکی سەرەکیی بێت ئاساییە مەرجی ئەندامێتی سوك بێت و وەکو پەیمانی فزوڵی سەردەمی لاوێتی پێغەمبەر د–خ بۆی بروانین، کە بەشێك لە خەڵکی مەککە کۆبونەوە بۆ دژایەتی ستەمکاری و پێغەمبەریش (ﷺ) بوو بە ئەندام تیایدا و لە دوای بوونی بە پێغەمبەریش ئامادەیی دەردەبڕێ بەشداری کارێکی لەو شێوەیە بکات.

بەڵام بۆ ئەمرۆ حیزبە ئیسلامییەکانی کوردوستان لە نێویاندا یەکگرتوو کامیان بکەن باشە؟ درێژە بەم جۆرە لەکاری خۆیان بدەن کە کاری حیزبی و سیاسی و پەروەردەیی و فیکری ...و هتدە، پێکەوە وەکو ئەوەی ئێستا یەکگرتوو حیزبی تر پیادەی دەکات، یاخود شێوازێکی تر بگرنە بەر و ئەزمونی بزوتنەوەی (یەکتاپەرستی و چاکسازی مەغریبی) پیادە بکەن کە بۆ بواری سیاسی پارتی دادو گەشەپێدانی دروست

کردووه و بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەنگاو هەڵ دەگریٚ و کە تاوەکو ئێستا نمونەیەکی سەرکەوتووە و چەند نمونەیەکی سەرکەوتوو شکستخواردوی تری هاووێنەش هەیە لە ژینگەی جیاوازتردا وەکو ئیخوان و حیزبی ئیسلامی عێراقی و حیزبی کاری ئیسلامی ئوردونی و نمونەی جیاوازتری وەکو پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیش لە ئارادایە، نزیکترین نمونەش ئیخوانی میسرە کە هێشتا ماوە بریاری باش و خراپی بەسەردا ببڕدرێ دوای ئەوەی حیزبێکی وەکو ئازادی و دادگەریی دروستکرد بە دەر لە پێکهاتەی ئیخوان...

بەبۆچونی من پێویستە بە تایبەت بۆ یەکگرتوو لیژنەیەك دروست بکەن و سەردانی مەیدانی ئەو پارتانە بکەن (جگە لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتیان) تاوەکو لە نزیکەوە خوێندنەوە بۆ ئەو ئەزمونە جۆراوجۆرانە بکەن و پاشان بڕیاری خۆیان بدەن... چونکە زەمینە و زەمانی دروستبونی هەریەکەیان جیاوازی خۆی هەیە، بۆ نمونە لە زۆربەیاندا بزوتنەوەکە یان جەماعە ئیسلامییە دەعەوییە پەروەردەییەکە هەبووە پاشان حیزبە سیاسییەکە راگەیاندراوە و لەپاڵیدا کارە دەعەوی و پەروەردەییەکەش هەر ماوە و هەموو دەرەنجامەکانیش لە شوێنە جیاوازەکاندا وەکو یەك نەبوون، بەڵام لە نمونەی یەکگرتودا هەر لە راگەیاندنیەوە هەردوو جۆر لەکار پێکەوە هاتوون و ئەنجام دراون، لە نمونەی تورکیشدا حیزبە سیاسییەکە بەسیاسیی دروستبوو، کەمتر پرۆگرامی پەروەردەیی هەبووە بەڵام زۆرینەیان خەلفییەتێکی ئیسلامییان هەبووە وەك کەس و تاك، هەندێکیشیان هێشتا لە سەرەتای ئەزمون کردندان...

من وادەزانم ئەزمونی کوردستان دەبێت جیاوازتر بێت بەڵام سودمەند بێت لێیان، چونکە بەتێکەڵی هاتووە و جیاکردنەوەیەکی حیساب بۆ نەکراو شوێنەواری خراپ بەجێ دەهێڵی بۆ نمونە ئەگەر بواری ئەوەی پێی دەوترێت پەروەردەو بانگەواز و ئەوەی پێی دەوترێت حیزب و کاری سیاسیی بە پلەی یەك، لێکجیا بکرێنەوە و نەبنە کارێکی تەواوکاریی ئەوا شپرزەیی و لاوازبونێکی گەورە روو لە هەردوو بوارەکە دەکات ... جگە لەوەی ئەگەر وریاییانەو هەستیارانە کاری لەسەر نەکرێت لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەست

دانی وزەیەکی گەورەی توانا جۆربەجۆرەکان و هەڵوەرانی بەشێکی بەرچاوی ئەندامان... ئەمەش بەو پێیەی پێکهاتەی عەقڵی و فیکری و عاتیفی زۆربەی ئەندامان لەگەڵ ئەو جۆرە لە کارکردندا راهاتووە و هەروا ئاسان نییە پەرت بکرێت و لەوانەیە ئەم کارە خوێندنەوەی تریش هەڵ بگرێ... هەربۆیە من وای بەباش دەزانم و وەها پێشنیار دەکەم کە یەکگرتوو بەو پێیەی لەبەردەم کۆنگرەدایە ئەم شێوازەکارکردنەی خۆی درێژە پێ بدات بە هەندێ گۆرانکاری و گەشەپێدانی نەوعییەوە، بۆ نمونە زۆر زەرورە کار بکرێت بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی بانگخوازی ئیسلاّحی سەربەخۆی کراوەی مۆڵەت دار تاوەکو لەم رووەوە خزمەتی گشتی و گۆرەپانەکە بکات کە دەکرێت دواجار هەندێ ئەرکی سەرشانی حیزبەکە سوك بكات و تا دەگاتە قۆناغێك كە ئەركی حیزبەكە کە مەرجەعییەتێکی ئیسلامی هەیە بۆ بواری تایبەتی خۆی یەکلا دەبێتەوە کە ئەرکی هەر حیزبێکی سیاسیە پێی هەڵسێت، لە چاوپێکەوتنێکی تردا زیاتر لەم بارەیەوە دوواوم... رێکخستنی ئەم دوو بوارەش زۆری دەوێت و لە کرۆکدا دابەشکردنێکی تەواوکارییانەی کارە نەك لێك دابڕانێکی مەبدەئی.

*ئایا یەکگرتو دەبێتە ئاك پارتی؟ یان دەبێتە حەماس؟ مەبەستمان ئیشکردنیەتی بەو فۆرمە؟

یەکگرتوو بەتەواوی نابێتە هیچیان– بەلاّم خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەردوکیاندا هەیە لە هەندێ کاری سیاسی و خزمەتگوزاری و تێروانینی مەبدەئیدا زۆر لە یەکەوە نزیکن، هەر یەکەشیان بە پێی ژینگەی کۆمەلاّیەتی و بارودۆخی سیاسی و هۆشیاری تاك تیایاندا تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە...

* ماوەیەکە باس لەدروستبونی حیزبێکی ئیسلامی نویێ دەکرێت بە فۆرمی ئاك پارتی ئیش بکات، بەرای تۆ ئەمە چەندە رێی تێدەچێت؟ یان چەندە گونجاوە؟ ئایا لەئێستادا پێویستمان بەحزبێکی تری ئیسلامی هەیە؟

بە بۆچونی من لەگەڵ مانەوەی ئەم حیزبە ئیسلامییانەی تر وەکو خۆیان ئەو حیزبە ئەگەر دروستیش بێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ناتوانێت کاریگەرییەکی گەورەو

بەرچاوی هەبێت لەرووی سیاسییەوە، تەنها ئەوەندەی پێ دەکرێت کەمێك حیزبە ئیسلامییەکانی تر لاواز کات و خۆیشی ئەو قەبارەو کاریگەرییەی نابێت، وەکو رێگەی سێیەم دێتە ناوەوە بەلاًم لاواز، بەلاًم ئەگەر یەکێك لەو حیزبە ئیسلامییانە سودێکی زۆر لە ئەزمونی ئەوان وەرگرن، هەر چەندە ئێستەش بێ نیاز نین لێیان، ئەوا دەکرێت هەنگاوی باش بچێتە پێشەوە بەبەراورد لەگەڵ پێشوو تری، ئەمە جگە لەوەی ئۆپۆزسیۆن لەمرۆدا تارادەیەك کارایە بەهەموو تەوژمەکانیەوە، لەم بوارەشدا ئەو پارتە نوێیە جێگەو پێگەیەکی زۆر گەورەی نابێت، هەر بۆیە بیرکردنەوە لەو پارتە و هیوا بەستن پێیەوە هەست ناکەم جێگەی ئومێدێکی وابێت یا بتوانێ جێگەو لێکەوتەیەکی کاریگەریی هەبێت لە کوردستاندا.

*موقەدەسکردنی سەرکردە لەناو حیزبە ئیسلامیەکان بەردەوامی هەیە، بەرای تۆ ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم حیزبانە هەبووە؟ ئایا ئەمە دوبارەکردنەوەی هەمان فۆرمە دیکتاتۆرییەکان نیە؟ یان ئەمە چ سود یان قازانجێکی بەم حیزبانە گەیاندووە؟

لەئیسلام دا رێزگرتنی سەرکردە هەیە بەلاًم بە موقەدەس سەیری ناکرێت، هەروەها لە ئیسلامدا چەندین رێ و شوێن هەیە بۆ ئەوەی تەقدیس و زیادەڕەوی نەکرێت لە بەگەورە سەیرکردنی مرۆڤەکاندا، تەنانەت پێغەمبەری خوا نارازی بووە لەوەی زیادە رەوی لە کەسێتی خۆیشیدا بکرێت "لاتطروني كما أطرت النصارى عيسى ابن مريم" أو كما قال، چ جای سەرکردەکانی تر، تەنانەت گوێڕایەڵی بۆ سەرکردەو فەرمان رەواکان دەبێت لە چوارچێوەی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوادا بێت ﴿ فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول ﴾ . پێغەمبەری خواش ئاماژە بەوە دەدات کەنابێت لە بێ فەرمانی خوادا مل کەچی بۆ هیچ کەسێك بکرێت... لەرووی واقعییەوە لەوانەیە کەسانێك هەبن زیادەرەوی بکەن لە پیاهەڵدانی ئەم سەرۆك یا ئەو سەرکردەی ئیسلامیدا بەلاًم وانازانم بە شێوەیەکی گشتی وەها بێت، هەموو سەرکردە ئیسلامییەکانی ئێستە زۆرجار دەکەونە بەر رەخنەی توندی ئەندامان و دۆستانی خۆیانەوە و لە کۆرو کۆبونەوە ناوخۆییەکانیشدا ئەو دۆخە هەر هەیە، لەهەموو سەردەم و بارودۆخێکیشدا هەندێ کەس دەبینرێت بۆ

مەبەستی جۆراوجۆر پیا هەڵدان و ماستاوچییەتی بکەن... بەڵام دیارترین سەرکردەی ئیسلامی لەمڕۆ و گۆڕەپانی ئیسلامیدا ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە دەکرێت بەدیل و جێگرەوەیان هەبێت و داهاتووش میسداقییەتی ئەم بۆچونانەیانمان بۆ دەسەلمێنێ...

بەڵام بەشێك لەو زیادەڕەوییانە کە هەندێ جار کراوە بێگومان لە رابردودا بەسەلبی شکاوەتەوە... خۆ ئەگەر ئەوە ببێتە کەلتور ئەوە جۆرێك لە ستەمکاری و دیکتاتۆرییەت بەرهەم دەهێنێت، زۆرجاریش ئەم رەفتارە لە مێژووی کۆن و نوێدا هۆکاری لێکترازان و پەرتەوازەیی و لاوازی بووە، هەر بۆیە نابێت و ناکرێت رێگە بە تەقدیسی شەخس بدرێت ئیتر هەر پلەو پایەیەکی هەبێت بەتایبەت لە نێو حیزبێکی ئیسلامیدا کە دروشمی سەرەکی لە ئایینەکەیدا تەوحیدە کە تەواو بەپێچەوانەی بەشەخسەنەکردن و تەقدیس کردنە... هەر زیادەڕەوییەك بەرامبەر بە سەرکردە، زیان گەیاندنە بەو دۆز و پرۆژەو کارانەی حیزبەکە هەڵگرێتی.

*ئایندەی حیزبە ئیسلامیەکان چۆن لێك دەدەیتەوە؟ بەهاری عەرەبی چ کاریگەرییەکی لەسەر حیزبە ئیسلامیەکان کوردستان دروستکرد؟

بەشێوەیەکی گشتی گەشبینم، ئێستە کاتی هەڵوێستەکردنە، لەم وەرچەرخانە مێژوییەدا زۆر گرنگە بەخۆداچونەوەیەکی جیددی بکرێت، لە تەواوی ئەو گۆرانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا کراوە بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی تەوژمی ئیسلامییە بۆ ئەوەی بتوانێت کارایی و رۆڵی گەورەو چاوەڕوانکراوی خۆیان بگێڕن و خزمەتی ژین و دینی خەڵك بکەن و ببنە ئاڵاهەڵگری خواست و خەمەکانی جەماوەر و نەوەی نوێ، خۆ ئەگەر بە سەلبییانە بچنە پێشەوە و نەتوانن سوود لەم دەرفەتە مێژووییە وەربگرن ئەوا توشی پاشەکشەیەکی مەترسی دار دەبن زۆر بە ئاسانی ناتوانن هەڵبسنەوە و تەکانی جیدی بەخۆیان و پرۆژەکانیان بدەن... لە کوردوستانیشدا دەرفەتی باش هەیە بەڵام بە ئەندازەی وڵاتانی تر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە داهاتویەکی نزیکدا رۆڵیان چالاکتر ببێت بەتایبەت دوای ئەوەی دەکرێ هەندێ گۆرانکاری سیاسیتر بێتە ئاراوە، بەڵام ئەوە بە بێ پرۆژە و پلان نابێت، هەر بۆیە پێویستە ئیسلامییەکانی کوردستان لە

ئاستی ئەم گۆرانکارییانەدا هەڵوێستەی جیددی بکەن و لە زۆر رووەوە خۆیان بخوێننەوە و خۆیان نویێ بکەنەوە... بێگومان بەهاری عەرەبی و ئەو رۆڵەی بزاڤی ئیسلامی لە بەرەنجامیەوە بۆی دروست دەبێت بە ئیجابی و سەلبی کاریگەریی لەسەر پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێت...

# وەڵامی پرسیارەكانی ئیسلام پەیك

**پێشەكی**

**بیرۆكەو ئامادەكاری پرۆژە : دڵشاد هەرتەلی ـ هەولێر**

فاتیح سەنگاوی نووسەر و ڕۆشنبیر و چاودێر و توێژەر ، لەوەڵامی پرسیارەكانی پرۆژەی (ئیسلام پەیك) سەبارە بە یەكگرتن و بەخۆداژوونەوەی (كۆمەڵ ، یەكگرتوو ، بزووتنەوە) جیاوازتر لەبەشداربوانی تر قسە لەسەر حیزبە ئیسلامیەكان دەكات و گەشبینە بە ئایندەیان و پێشی وایە ئێستا ئیسلامییەكان وەكو جاران نەماون و گەشەیان كردووەو ئێستاش كەمتر دژی یەكتر قسەدەكەن و وتی :" سەرم سووڕ دەمێنێت لەو دەنگانەی واپیشان دەدەن كۆمەڵ كۆمەڵ و پارتە ئیسلامییەكان ڕۆڵییان نییە لەگەشە پێدان و پارێزگاری كردن لەبەها ئایینی و ڕەوشتیەكاندا ، ئەی كێن ئەو سەنگەرەیان هەڵبژاردووە ، كێن ڕاگەیاندنەكانیان لەخزمەت ئەو بارەدایە ، زۆرم لا سەیرە لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی ئیسلامیەكان كەچی هەندێ نووسەرو كەسایەتی بگرە هەندێ جار ئیسلامی باس لە لاوازبوونی پێگەی ئیسلامیەكان دەكەن، باس لەوەش دەكات بوونی حیزبی ئیسلامی لەنێو میللەتی موسڵماندا هیچ لەكەو كەمییەكی تێدا نییە، ئەوەش دەخاتەڕوو گەر لەكۆمەڵگەی كوردیش بڕوانین ئەوا زۆر بەباشی دەبینین كە پارتە ئیسلامیەكان چۆن توانیویانە بەهەزاران گەنج و لاوی كوڕو كچی ئەم وولاتە بەشێوازێك پێبگەیەنن كە دیندارو ڕەوشت بەرزو خاوەن كەسایەتییەكی بەهێزو بەپێزبن بۆ كۆمەڵگاكەیان ، سەرەڕای ئەوەی بەربەستێك بوون لەبەرامبەر زۆر بیروباوەڕیی نامۆ بە ئەساڵەتی ئیسلامی كۆمەڵگاكەمان كە ئەو پارت و كەسایەتیە خۆ بەعەلمانی زانەكانی كوردستان لەپشتی بوون و پەرەپێدەری بوون، دەشڵێت :" ئەو كەسانەی كە پاشگری ئیسلامییان پێ باش نییە وادەزانن بەمە هەم ناویی ئیسلام ناشرین دەكەن و هەم كاری

خۆیان سنوردار دەکەن ، بەردەوامیش ئەم جۆرە دەربڕینانە بوەتە ویردی سەر زمانیان و وادەزانن پاشگری ئیسلامی نەما ئیتر حیزبە ئیسلامییەکەی پێشوو بەم گۆڕانە عەسای سیحریی بۆ پەیدا دەبێت و کۆمەڵگا دەگۆڕێت و هەرچی چین و توێژو مەزهەب و ئاینزاو ئاینە جیاوازەکانیان هەیە لێ کۆدەبێتەوە و خەڵکی چین چین دێنە ناویانەوە و پاڵپشتیی لێدەکەن ؟!!، فاتیح سەنگاوی ئەوەش دەخاتە ڕوو دانانیی پاشگری ئیسلامیی واجب نییە و دەقیشی لەسەر نییە، وتیشی :" ئەم زاراوەیە بۆ حیزبیی ئیسلامی ڕەواو دروستە و هەندێ جار پێویست و زەرورە، بەڵام ئەرك و پێویست نییە لە هەموو کاتێکدا ، هەروەها ووتی :" دانانی پاشگری ئیسلامی واتای ئەوە نییە ئەوانیتر ناموسڵمان و نائیسلامیین، هەروەك چۆن پاشگری کوردستانیی بۆ پارت و حیزبە کوردییەکان ئەوە ناگەیەنێت ئەوانیتر کورد و کوردستانی نین، کە ماوەیەك ئەم جەدەلە نەزۆکە لەئارادا هەبوو، لەدرێژەی وەڵامەکانی ناوبراو ئەوەش دەخاتەڕوو :" گرنگە سەرنجی ئەوە بخەیینەڕوو کە حیزبی ئیسلامی دین نییە بەڵکو هەوڵدانێکە بۆئەوەی مافەکانی خەڵك بەدیی بێنێت بە مەرجەعەتێکی ئیسلامی .. وتیشی :" بونیی سێ حیزبی ئیسلامی لە هەرێمێکی وەك کوردستان شتێکی ئاساییە ئەگەر بەرەنجامی نەخشەو تێڕوانین و تەواوکاریی بێت لەئەرکدا، بەڵام ئەگەر بەرەنجامی خۆخۆیی و بەرژەوەندیی شەخس و بنەماڵەیی بێت، لە ئاستی تەواوکاری و جۆراوجۆریی دەرچوو ئەوا نادروست و کەم ئەنجامە، ناوبراو وتیشی :" ئیسلامییش زۆر لەوە گەورەترە تەنها حیزبێك و دوان هەموو داخوازیی و ڕێنماییەکانی بگات بە کۆمەڵگە، ئەو چاودێرە ڕاشیگەیاند :" بەشێك لە ئیسلامییەکان وەکو لایەنەکانیتری کوردستان زۆر جار نەیانتوانیوە گەورەتر لە کۆمەڵگاکەی خۆیان بڕوانن و گیرۆدەی کێشەکانیان بوون، تەجاوزیی هەندێ لە بەهاکانیان کردووە ، بەڵام گرنگە زیاتر بەخۆیاندا بچنەوەو بزانن چییان دەوێ. ئەو توێژەرە وتیشی :" کاتیی ئەوە هاتووە ئیسلامییەکان زیاتر واقعەکەی خۆیان بخوێننەوەو پێیان نەنگیی نەبێت ڕاستگۆیانەتر سەردان و گفتوگۆبکەن، ئەوەشی خستەڕوو: هۆکاری جیاوازیی تێڕوانیین و هۆکاری دەروونی و شەخسیی لەئارادابوو بۆ

یـەك نـەبوون لەسـەرەتاوە. هۆکـاری فیکـری و مەنهـەجی و سیاسـی هـەبوو، جیـاوازی ئیجتیهادی حـەرەکی هـەبوو، فـاتیح سـەنگاوی ئـەوەش دەخاتـەڕوو :" بـەراووردکردنی ئیسلامییەکان بە گۆڕلن شتێکی هەڵەیە چونکە گـۆڕان نیـوەی یـەکێتی بـووە، بەهـەموو ئـەو هێـزو پێگەیـەی ئـەو بەشـەی یـەکێتی لـەناو یـەکێتی و حکومەتـدا هـەیبووە، ئیسلامییەکان بەتایبەت بەشێکی بەرچاویان پێش گۆڕانیش دیدی گۆڕانکارییـان بـۆ واقـع هـەبووەو هەیـە، بـەلاّم زەمینەکـە دواتـر بـۆ گـۆڕان لـەبارتربوو لەبـەر چـەندین هۆکـار، لەلایەکیترەوە ئەگزەر ئیسلامییەکان بەو ناڕەزاییانەی گۆڕان هەستانایە، تۆزیان دەبردن بەئاسماندا و بەناوی تیرۆرو هتدەوە گەورەترین زیانیان پیّ دەگەیاندن .

# ئیسلام پەیك

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله محمد صلى الله عليـه وسـلم وعلـى آلـه وصحبه ومن اتبعهم إلى يوم الدين.**

1-ئایا بوونی حیزبی ئیسلامیی لە نێو میللەتی موسڵمان و بەکارهێنانی وشـە و پاشگری ئیسلامیی لە رووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە تا چەند رەوایە؟

بەناوی خـوای خـاوەن میهروبـەزەیی، دروودو سـلاّو لەسـەر پـەیامبـەری ئـازیزو یارویاوەران وشوێنکەوتووانیی...

پێم خۆشە لە سەرەتاوە ئـەوە بڵـێم نامـەویّ لەوەلاّمـەکانی بەرێزتانـدا بـە دوای سەرچـاوەدا بگـەرێم یـا خـود هاوشـێوەی بابـەتێکیی ئـەکادیمیی وەلاّمـی پرسـیارەکانی جەنابت بدەمەوە، بەڵکو دەمـەویّ ئـەو قەناعـەت وبیروبۆچـونەی لام گەلاّلـەن بیانخەمـە

ڕوو...وەك ئەوەی دووكەس گفتوگۆیەكیی هێمنانەی ئاسایی ئـەنجام دەدەن بـیٚ زۆر لـە خۆكردن وتەكەلوف.

سەرەتا گرنگە ئاماژە بەوە بدەم (حیزبی ئیسلامی) بەم شێوەو میكانیزمـەی ئێستە هەیە، مێژوویەكی زۆر كۆنیی نییەو وەدەرهاویشتەی ئەو بارو دۆخە جۆراوجۆرانەیە كە پاش رووخانی سەڵتەنە ت وخەلافەتی عوسمانیی هاتە ئاراوە و زیاتر مۆدیلێكی ئەوروپیانە یە، كە لەوێدا حیزب مێژوویەكی درێـژتری هـەبوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت حیزب بە واتا نوێیەكەی لەم ناوچانەدا نەبووە، بەڵكو پێش لە ناوچونی دەسەلاّتی عوسمانییەكانیش حیزب لە قەڵـەم ڕەوی وسنوریی عوسمانیەكاندا هەبووە، هەندیٚ جار دژە عوسمانی بوون وەكو (ئیتیحادو تەرەقی) وهەندیٚ جاریش بۆ چارەسەركردنی باری نالەباری ناوخۆ بووە، وەكو (الحزب الوگنی الحر1879) و ڕێكخراوی وەكو (العروە الوپقی1883)، كە جەمالەدینی ئەفغانی لە پشتی دروست بونیانەوە بوە، ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر زۆر ووردی بكەینەوە زۆر بزاڤی ئیسلامیی دە بینینەوە لە مێژوودا كە دەكریٚ پێناسە حیزبی بۆ بكریٚ بە لاّم بە رەچاوكردنی باریی مێژوویی و واقیعی كۆمەلاّیەتیی ئەو كات.

بەو پێیەی كاری حیزبی ئیسلامی لە چوارچێوەی كاری (بە كۆمەڵ وهاریكاری و فەرمان بەچاكەو بەرگری وبەرهەڵستی كردنی خراپەدا)یە، هەر بۆیە دەكریٚ دەیان بەڵگەی جۆراوجۆر لە ئایەت وفەرمودە پاڵپشتی ڕەوایەتی ئەو پێكهاتەیە بن كە پێیی دەوترێت حیزبیی ئیسلامیی جا ئیتر هەر ناوێكی هە بێت، زۆرجار جاریش بۆ ئەو مەبەستە دەیان بەڵگە دەیهێنرێتەوەو لە چەندەها هەڵوێستی مێژوویی هاوەڵاّن وزانایان و وتەكانیاندا بەڵگەو پاڵپشتی زۆرو زەوەندە ی تریش هەن، ئەمە لە كاتێكدایە، كەئەو حیزبە لە چوارچێوەی خزمەت بە ئیسلام وموسوڵمانان و خەڵكیدا بیٚ بە گشتیی، وە ئەو بەرژەوەندی و سودەی دەستی دەخات وبە دی دەهێنێت زیاترو زۆرتربن لە زیانەكانی، هۆكارێك بێت بۆ دادگەریی ویەكسانی وبەدیهاتنی مافەكان وڕەخساندنی دۆخێكی لە بار بۆخەڵكی تا بتوانن رەخنەكانیان ئاراستەی دەسەلاّت بكەن

وبیروبۆچـونەکانیان دەربـبڕن، لـە هـەمان کاتـدا بیـانگۆڕن گـەر لـە خزمـەتی خـەڵك وبەرژەوەندییەکانیاندا نەبن، سـەرەرای چـەندین ئـەرکییتر... هـەر حیزبێکـی ئیسـلامیی ئەگەر کاریی لە سەر ئەم خاڵانـە دەکـرد ئـەوا بـێ گومـان رەوایـە چـونکە لێـرەدا حیـزب هۆکارێکە بۆ خزمەت وبەرەو پێشبردنی دۆخێکی سـازو ئاسـایی بـۆ خـەڵکی وهاوڵاتیـان، کە دەکرێ حیزب کۆمەڵێك ئامانجی تریشی هەبێت بەدەر لەوەی کـە وتمـان، گـرنگ ئـەو چوارچێوەو نەخشەی کارەیـە کـە بۆخـۆی دانـاوە، کـە ئـەکرێ هەنـدێ جـار حیزبێکـی ئیسلامیی چەند ئامانجێك دیاریکا و کاریی لەسەر بکات نەك هەمووی بەلاَم بەبێ رەفزیی ئەسڵ و رەوایەتی ئامانجەکانیتر... بـەم پێیـە بـونی حیزبـی ئیسـلامیی لـە نێـو میللـەتی موسـڵماندا هـیچ لەکـەو کەمییـەکی تێـدا نییـە بـە مـەرجێ تـای تـەرازووی چـاکیی وبەرژەوەندییەکانی قورستربێت و خزمەتی ماددی ومەعنەوی بۆ خەڵکی بە دیی بهێنێ لە رێگـەی کـارو چـالاکیی وپرۆژەکانیـەوە یـاخود لـە رێگـەی گرتنـە دەسـتی دەسـەلاَت وحکومەتدارییـەوە، خـۆ ئەگـەر خراپـی و زیانـە کـانی زۆرتـر بـوون ئـەوا دەبێـت چـاو بخشێنرێتەوە بە بەرنامەو کارو پێکهاتەکەیدا و گۆڕانکاریی تێـدا بکرێـت، بـەلاَم ئەمـەش ئەوە ناگەیەنێت کە حیزب وەکو هۆکارێك هەڵوەشێنرێتەوە، چونکە چاکی وخراپیی هەر هۆکارێك بـە نـدە بەوعەقلییەتـەی کارەکـان هـەڵ دەسـووڕێنی نـەك خراپیـی هۆکـارە لـە خۆیدا، هەندێ جار کۆڕی زانایان وزانکـۆ و مزگـەوت ودەزگـا جۆراوجۆرەکـانیش توشـی گرفت دەبن وکاریی خۆیان ئەنجام نادەنی ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت سـەر لەبـەریان هەڵوەشێنینەوە، بەڵکو دەبێـت ئـەرکیان ڕوون ودیـاربێ و ئیدارەیـەکی بـاش وعـەقڵێکی ساغ وسەلیم هەڵیان سوڕێنێ.

نازانم ئەگەر حیزب بەم شـێوەیە بێـت ئـەوا چ لەکـەو ناڕەواییـەکی تێدایـە، خـۆ ئەگەر واش نەبێت ئەوا ناڕەواو نادروستە جا ئـیتر نـاوی(حیزبی ئیسـلامییە) یـاخود هـەر ناوێکیتری هەیە یا هەر نییەتی، ئێمە دەبێت بڕوانینە ئەوەی پێشکەشـی دەکـەن، نـەك خودی پێکهاتـەکە، پێکهاتە وئـامرازی کۆبونـەوەوکار بـۆ هـە ئامانجێـك بێـت، خـۆی لـە خۆیدا پیرۆزوموقـەددەس نییـە، دەکـرێ ئـەمرۆ بـە شـێوەیەك دابیبرێـژین بـەلاَم سبەی

یاساڵێکیتر یاخود دە ساڵیتر بیگۆرین، ڕەوا نییە بە شەرع وعەقڵ کە سانێ وا بیر بکەنەوە کە پێکهاتەی ڕیکخراوێکی هەنوکە و شێوازی کارکردنی وهۆکارەکانی خزمەتکردنی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گۆرانی بە سەردا نەیەت و بە جۆرێك لە جۆرەکان ئامرازو شێوازومیکانیزمەکانمان لێ ببێ بە خودی دین، لە کاتێکدا ئەوەی نەگۆرە ناوەرۆکی دین وئامانجە کانیەتی، ئەو فەرمان وقەدەغە کردنانەیە کە ناکرێ بگۆرێن، نەك پێکهاتەو ئامرازو هۆکارەکان، ئەوانەشی بە ڕەهایی ڕەفزیی حیزبی ئیسلامی دەکەن، بە دەر لەوەی کەچی پێشکەش دەکات یا نا، وەبەبێ ئەوەی بە دەرەنجامەکانی هەڵی سەنگێنن، ئەو واقعە بخوێننەوە کە تێیدا دروستبووە یان دروست دەبێت ئەوا وا دەزانم لە سەردەمی خۆیاندا ناژین و لە مێژوودان، وەنەیانتوانیوە واقع ببینن و بیخوێننەوە، وە لە واتاو مەبەستەکانی شەریعەت وئامانجەکانی نەگەیشتوون، چونکە ناکرێت ئەو هەموو خزمەتانە بە دین وبە ها رەوشتیەکان نەبینرێ کە پارت وبزوتنەوە ئیسلامیەکان پێشکەشیان کردووە، گەر لە کۆمەڵگەی کوردیش بڕوانینن ئەوا زۆر بەباشی دەزانین کە پارتە ئیسلامییەکان چۆن توانیویانە بە هەزاران گەنج و لاوی کوڕو کچی ئەم وولاتە بە شێوازێك پێبگەیەنن کە دیندارو بە ڕەوشت بەرزووخاوەن کەسایەتییەکی بەهێزو بەپێزبن بۆ کۆمەڵگەکەیان، سەرە ڕای ئەوەی بەربەستێك بوون لەبەرامبەر زۆر بیروباوەریی نامۆ بە ئەساڵەتی ئیسلامی کۆمەڵگەکەمان کە ئەو پارت وکەسایەتیە خۆ بەعەلمانی زانەکانی کوردستان لە پشتیی بون وپەرەپێدەریی بون، بەلاَم ئیسلامییەکانییش بێبەش نەبوون لە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی خراپ کە هەندێکی کەم ئەزمونی بووە و هەندێکیتری سادەیی بووە لە تێڕوانیندا و هەندێکیشی دەوروبەرەکە سەپاندویەتی، بەلاَم بەگشتیی خزمەتیان بە کۆمەڵگەی کوردی کردووە لە زۆر ڕووەوە، کە ئێرە جێگەی باسکردنیی نیە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشە و پاشگری (ئیسلامیی)و رەوایەتی ئەمە بۆ پارتێکی ئیسلامی، ئەگەرمەبەست لێرەدا بۆچونی ئەوانە بێت کە بونی حیزبی ئیسلامی و حیزب لە ئیسلام دا بە ڕەوا نازانن ئەوا زۆریی دەوێ وئەو گفتوگۆیەی بەجێ دەهێڵم

وواش نازانم پرسیارەکەی جەنابتان ڕوو لەمەیان بیّ، بەلاّم گەر باس بێت لەو کەسانەی کە پاشگریی ئیسلامییان پیّ باش نییە و وادەزانن بەمە هەم ناویی ئیسلام ناشیرین دەکەن و هەم کاریی خۆیان سنوردار دەکەن، بەردەوامیش ئەم جۆرە دەربرینانە بوەتە ویردی سەرزمانیان و وادەزانن پاشگری ئیسلامیی نەما ئیتر حیزبە ئیسلامییەکەی پێشوو بەم گۆڕانە عەسای سیحریی بۆ پەیدا دەبێت وکۆمەڵگە دەگۆڕێت وهەرچی چین و توێژو مەزهەب و ئاینزاو ئاینە جیاوازەکانیان هەیە لیّ کۆ دەبێتەوە و خەڵکیی چین چین دێنە ناویەوە وپاڵپشتیی لێدەکەن؟!!

دیارە ئەم بۆچونە بەم شێوەیە هەڵەیە، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا لە جیهاندا حیزبی ئیسلامی زۆر هەن کە پاشگری ئیسلامیشیان نییە و پێش نەکەوتوون و جەماوەرییش نین، حیزبۆچکەی زۆریش لە کوردستاندا هەیە هەمان فیکری حیزبە گەورەکانی جیهانیان هەیە و کەچی لە بازنەیەکی بچوکدا دەخولێنەوەوخەریکی کەسابەت وخۆ ژیاندنن وەك لەوەی کە حیزب بن، حیزبی زۆریش هەیە لە جیهانیی ئیسلامییدا کە هەڵگریی پاشگری ئیسلامین، گەر بارودۆخی دەسەلاّتە خۆسەپێنە ناوخۆیی و جیهانییەکان بهێڵیّ زۆر جەماوەریی وخزمەتگوزارن، پاشگر ئیسلامیشمان زۆرە کە هیچیان لە باردا نییە ولە ئاستێکی سنورداردان ولە بازنەیەکی بچوکدا دەخولێنەوە...کەواتە ئەگەر بەرنامە هەبیّ، ئەگەر حیزب خاوەن پرۆژەی جۆراوجۆربیّ وبونی خۆی لە خزمەتیی خەڵکدا ببینێتەوەونمونەی زیندو و بەرچاو لەو پێناوەدا پێشکەش بکات وخۆی بە هی هەموو خەڵکی بزانێت ئەوا لەبەرەو پێشڤەچون وجەماوەریی بوندا دەبیّ ئیتر هەڵگری پا شگری ئیسلامیی بیّ یان نا، پێش ناو ناوەڕۆك گرنگە، پاشان ناویش ڕۆڵیی هەیە بە لاّم بە پلەیەکی کەمتر، هەڵوێست بەهێزیی ئەو حیزبە لە ئاست روو داو پێشهات وواقع بینیی، ڕۆڵ دەبینێت لە سەرەنجامی کارایی وجەماوەریی بونی ئەو حیزبە لە زەمینەو واقعیی خۆیدا کە هەموو ئەمانەش داخوازیی شەرعیین وهۆکاریی بەهێز بونی حیزبن لە ناویشیدا حیزبیی ئیسلامیی، هەر یەك لە کۆمەڵ ویەکگرتوو هەڵسەنگاندیان بۆ واقع وهاوپەیمانێتییەکەیان لە هەڵبژاردنی 25-7

هۆکاریی لاوازییبوو بۆیان، کەچی لە هەڵبژاردنیی 3/7دا، ڕێژەی جەماوەریی بون وپاڵپشتیی جەماوەرییان زیادی کرد، ئەمەش پەیوەست بوو بەهەڵوێستیانەوە، دیارە ئەو دەرەنجامانە خوێندنەوەی زۆر وزیاتریش هەڵ دەگرن...

ئەمەش واتای ئەوە نییە ناو کاریگەریی نییە، هەیەتیی، بەلاَم ئەولەویەت ناو نییە ناوەرۆکە، پەیرەووپرۆگرام وپرۆژەوکارو خزمەتی جۆراوجۆرە ژیان ومان وبون وبەها وقیەمی خەڵکە، لەوانەیە هەندێ جار پاشگری ئیسلامیی لە هەندێ زەمین وزەماندا کاریگەریی سلبی هەبێت، لەوانەشە بە پێچەوانەوە بێت، گرنگ ئەوەیە بزانین دانانیی پاشگریی ئیسلامیی واجب نییە و دەقیشی لە سەرنییە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتە وەختەی ئیختیاریی ناوی تێدا دەکرێت، لە کاتیی دروست بونی حیزبە ئیسلامییەکاندا کۆمەڵێ هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی ئەو پاشگرە هەبێت، هەندێکی ماوە و هەندێکیشی بەسەرچووە، ئەکرێ ئەو پارتانەی لە ئێستادا دروست دەبن وا باشتربێت ئەو پاشگرەی نەبێت بە لاَم هەمان خەم وخولیای هەبێت، بەلاَم هەندێ جاریش گۆرینی ئەو ناوە بەلَگەو ئاماژەی پاشەکشێ وبەزینە یان دڵساردکردنەوەیە و ناوەڕۆکیش ناگۆڕێ کەنابێت بکرێ، ئەمەش بە بەدواداچون وتوێژینەوە دەردەکەوێت کە کامیانە؟ گرنگە ئەوەش بڵێم کە پاشگریی ئیسلامی بۆ زۆر لە زاراوەکانی خۆمان پرۆسەیەکە چەندین ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی یەکەم ودیاریی خۆ جیاکردنەوەو(تمیز)بووە لە بیروبۆچونەکانیتر، لە عەلمانییەکان وهتد...، (ئیسلامی) لە یەکیك لە واتاکانیدا واتە ئەو کەسەی یا ئەو کۆمەڵەی بە دیدو تێروانینێکی ئیسلامیانەوە هەنگاوو کارەکانی ئەنجام دەدات کە ئەمە هیچ نەنگیەکی تێدا نییە و جێی شانازییە، یاخود فیکرەکە سەرچاوە گرتووە لە ئیسلامەوە یاخود ئینتماکردنە بۆ فیکری ئیسلامی و کارکردنە بەڕێبازە، بە واتایەکیتری واتە ئەو کەسەی خەبات دەکات بۆ کاراکردنی بەهاورێنماییەکان ئیسلام لە کۆمەڵگەدا و دەیەوێ کێشەکانی کۆمەڵگە لەرێگەی تێروانینێکی ئیسلامییانەوە چارەسەربکرێ وکۆمەڵگەش بەرەو پێش ببرێ وئاسودەیی باڵ بکێشێ بەسەریدا، لە کۆنیش دا ئەبو حەسەنی ئەشعەریی زاراوەی (ئیسلامییەکان—

الاسلامیین)ی به سلبی بەکار هێناوه بۆ ئەو گروپانەی خۆ دەدەنە پاڵ ئیسلام بەڵام خۆیان وا نیین ولادەرن، پێش سەردەمی نوێ ئەم جۆره زاراوانه به واتا نوێیانه به کار نەهێنراوه، چونکه پێویست وگونجاو نەبووه، بۆ نمونه هەروەك(بسطامی محمد سعید) دەڵێ دەربڕینی (بیری ئیسلامی) بەکارنەهێنراوه، چونکه ئەوەی هەبووه له واقعەدا بیری ئیسلامی بووه و پێویستی بۆ ئەو وەسفه له ئارادا نەبووه، دواتر کەپەیدا بووه بۆ ناساندنەوەو جیاکردنەوه بوه له وانیتر، ئەو بۆچونەش هەیه که دەڵێ سەرەتا رۆژئاواییەکان ئەم پاشگرەیان هێنایه ئاراوه بۆ جیاکردنەوەی له بیری رۆژئاوایی خۆیان، بۆیه دەیان ووت، ئابوری ئیسلامی، یاسای ئیسلامیی، کەواته بەکارهێنانی پاشگریی ئیسلامی زەمینەیەك خوڵقاندویەتی که دەکرێ بەکار بهێنرێ یان نا، به رای من له هەرشوێندا ئەو زەمینه وگونجانه هەبوو ئاسایی وباشه، به لام مەرج نییه بکرێته پاشگریی هەموو شتێك، واته به کورتیی ئەم زاراوەیه بۆ حیزبیی ئیسلامی به بۆچونیی من ڕەواو دروسته وهەندێ جار پێویست و زەروره، بەڵام ئەرك وپێویست نییه له هەموو کاتێکدا، ئەوه به جێ دەهێڵرێت بۆ چەندێتیی ئەو بەرەنجامانەی لەو ناوه دەکەوێتەوه له رووی سودو زیانەوه، بەڵام دانانی پاشگریی ئیسلامیی واتای ئەوه نییه ئەوانیتر ناموسوڵمان ونا ئیسلامیین، هەروەك چۆن پاشگری کوردستانیی بۆ پارت وحیزبه کوردییەکان ئەوه ناگەیەنێت ئەوانیتر کوردو کوردستانی نین، که ماوەیەك ئەم جەدەله نەزۆکه له ئارادا هەبوو.

موسوڵمان واتای گشتیی هەیه به لام چەمکی ئیسلامیی گەر بەکارهات ئەوا بۆ ئەو کەسانه یا ئەو پارتانه بەکار دێت دەیانەوێت ئیسلام بکەنه سەرچاوه بۆ چارەسەرکردنیی کێشەکانیی کۆمەڵگەو بنیاتنانەوەی دەزگاکان وکارگێری، سەرەرای سودمەند بوون له لایەنه گەش وسودبەخشەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ، هەروەها برەو دان به پەیامی ئیسلام یه هەموو رەهەندە جۆربه جۆرەکانییەوه که به رای بەندە دەیان دەزگاو رێکخراوی تریشی دەوێت به دەر له میکانیزمی حیزب.

2–ئایا ئـاییـنی پـیرۆزی ئیسـلام ڕێگـە بـەوە دەدات سـێ حیزبـی ئیسـلامیی لـە هەرێمێکی وەك كوردستان هەبێت، چونكە چاودێران و پسپۆرانی بواری ئیسـلامیی بـاس لەوە دەكەن بوونی سێ حزبی ئیسلامیی بۆ هەرێمێكی سـێ پارێزگـای وەكـو كوردسـتان جۆرێك لە ناڕوونیی دروستدەكات لەبیری هاوڵاتیان و نازانن ڕوو لەكامەیان بكەن، چونكە ئیسلام یەك دینە و پێویستە ئەوانیش یەك بن؟

جارێ گرنگە سەرنجیی ئەوە بخەیینە ڕوو كە حیزبی ئیسلامی دین نییـە بـەڵكوو هەواڵدانێكە بۆ ئەوەی مافەكانی خەڵك بەدیی بێنێت بە مەرجەعییـەتێكی ئیسـلامیی، لـە هەمان كاتدا برەو بە بەهائیسـلامییەكان وپـەیامیی ئیسـلامیی بـدات لـە نـاو كۆمەڵگـەدا، هەرچەندە گرنگە ئەوەش بڵێیین كـە حیزبیـی ئیسـلامی لـە كۆمەڵگـە ئیسـلامییەكاندا بـە شێوەیەكی گشتیی ئەركو كارەكانی گەلێك زیاترە لە وەی لە حیـزب داواكـراوە لـە ڕووی سیاسـییەوە، بۆیـە حیزبـی ئیسـلامی لـە كۆمەڵگـەی ئێمەشـدا زیـاترە لـە حیـزب و ئەركەكانیشی قورسترە، چونكە ئەركی دەعوەو ئامۆژگاریی و ململانێیی فیكرییو...هتد یش لە ئەستۆ گرتووە و تەنها سەرقاڵیی ئەوە نییە كە لە كـەلتووریی فیقهیـی وسیاسـیی ئێمەدا بە(سیاسەتیی شـەرعیی) ناسـراوە ولەمڕۆشـدا بـەكاریی سیاسـی دەناسـرێت، لـە سۆنگەی ئەم قورسـی وكـار فراوانییەوەیـە هەنـدێ لـە نوسـەرە ئیسـلامییەكان لـەم ڕۆدا بانگەشەی ئەوە دەكەن كە حیزبیی ئیسـلامی هەنـدێ لـەو كارانـەی لـە ئەسـتۆ هـەڵگیرێ وباری سوك كـرێ وتـەنها بـە لایـەنێكی كـارەوە خـەریك وتایبـەت مەنـد بـێ، كـە كـاریی سیاسی وحكومەت دارییە و بۆ بوارەكانیتری كاری ئیسلامییش نەخشـە ڕێگـەی تـر بێتـە ئاراوەوپێكهاتەی تریی مەددەنیی بەدەر لە حیزبیی سیاسی پێیی هەستێت، هەرچـەندە بانگەشەكەیان هێشتا بە باشیی نەخەملێیوەوزۆریش ڕۆشن نییە بۆیە قورسە بە ئاسـانیی هەرس بكرێ و بێتە پەسەند كردن، خۆ ئەگەر ئەم بار سوكییە لـە سـەر حسـابیی كـاری بانگخوازیی بێت بێگومان، زۆرینەی هەرە زۆریی كەسە مانـدوو نـەناس وخۆبەخشـەكانی نێو كاریی ئیسلامیی ئامادەی ئەو قوربانیی دانە نـابن كـە دەیـان سـاڵە دەیـدەن و بـەبێ بەرامبەری دەستكەوتیی ماددی شەووڕۆژیان بۆ خستووەتە سـەر، لێـرەش پرۆژەكـە لـە

هەردوو ڕووەوە زیانی لێ دەکەوێت، هەر بۆیە دەست بردن بۆ کارێکی لە و شێوە حیکمەت ودووربینی زۆری دەوێ ...

بونیی سێ حیزبی ئیسلامیی لە هەرێمێکی وەك کوردستان شتێکیی ئاساییە ئەگەر بەرەنجامی نەخشەوتێروانین وتەواوکاریی بێت لە ئەرکدا، بەلأم ئەگەر بەرە نجامیی خۆخۆیی وبەرژەوەندیی شەخسی و بنەماڵەیی بێت، لە ئاستیی تەواوکاریی وجۆراوجۆریی دەرچوو ئەوا نادروست وکەم ئەنجامە، وا دەزانم ئەگەر وەك یەك بوون لەبۆچوندا (کە لە ئێستادا زۆر نزیکن لە یەکترەوە)، لە هەمان کاتدا مونافەسەیەکی شەریف وکێبڕکێیەکی دروست لە ئاراد نەبوو ئەوا شڵەژانی جەماوەریی دێنێتە ئاراوەو زۆر جاریش لە زۆر باریی وادا مەترسی ئەوە لە ئارادایە لایەن وحیزبە لاوازەکان بخرێنە یا بکەونە ژێرکاریگەریی حیزبەکانی دەسەلأتەوە کە ئەمەش میسداقیەتی بونیان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دەبنە حیزبێکی مشەخۆرو تەنها هەندێ ئەندام بەخێو دەکەن وبونیان هیچ پاساوێکی نابێت، لە لایەکیترەوە بۆ دەبێ تاکە ڕێگەی خزمەت کردن تەنها لە ڕێگەی پێکهێنانی حیزبی سیاسی ئیسلامییەوە بێت، کە بەداخەوە لە کوردستاندا ئەمە باوەو وانازانن دەزگایەکیی بانگەوازیی گەورەی سەرکەوتوو لەوانەیە دەیەها جار خزمەتی لە حیزبێکی ئیسلامی مردوو یا نیوە زیندووە زیاتر بێت وکۆمەڵگە سوودی لێ ببینێت، زۆر گرنگە ئەو کەسانەی لە حیزبێکی ئیسلامیدا جێگەیان نابێتەوە بە هەر هۆیەك بێت یاخود کاتێك کە پەرتەوازەی وئینشقاق دروست دەبێت پەنا نەبەنە بەر دروستکردنی حیزب ئەگەر لاوازوبێکەڵکیش بێت یاخود بچن پشتوێنی لێبکەنەوەو دابنیشن یا دەست بکەنە گلەیی وبناشت وزەم و زەم کاریی و بۆڵ بۆڵ، بە ڵکو واباشترە دەست بدەنە کارێکیتری سودبەخش بە کۆمەڵگەوپەیامیی ئیسلامیی، بۆ ناکرێ هەندێك سەرقاڵیی دەزگایەکیی توێژینەوەیی تایبەت بە بوارێك بن وهەندێکیتر کۆمەڵەیەکی بانگخوازیی دروست کاو ئەویتر ڕێکخراوی دژە تلیاك وماددە سەرخۆشکەرە بێهۆشکەرەکان دروست کا و ئەوانیتر ڕێکخراوێك بۆ برەو دان بە بەها بالأکانی ئیسلام وئەوانیتر ڕێکخراوێکی فیکری و هەندێکیتر بازرگانێکی سەرکەوتوو بەخشندەو نمونەی خێرخوازێکی ناودار

ئەویتر ڕێکخراوێکی خێرخوازیی و...هتد، بۆ هەر دەبێت لە کلاو ڕۆژنەی حیزبەوە لە کارو خزمەت بروانین، ڕاستە حیزب ئەگەر تۆکمەو بەنەخشەو پڕۆژە بێت گەورەترین خزمەت دەکات، بونیشی لە تێروانینە ئیسلامییەکەوە ئەرك وواجبە لە واقیعی ئەمرۆماندا چونکە دەیان واجب وئەرك لە سەری دەوەستێت، بەلاّم هەموو کەس پێیی ناکرێ وتاکە ڕێگەی خزمەت کردنیش نییە بە پەیامیی ئیسلام هەرچەندە گەورەترینیشیان بێت و ئیسلامییش زۆر لەوە گەورەترە تەنها بە حیزبێك ودوان هەموو داخوازیی ورێنماییەکانی بگات بە کۆمەڵگە.

داخوازیی پێکەوە بون وبەیەك بوون بە تایبەت لە هەرێمێکی وادا هیوایەکی گەورەو ئەرکێکی شەرعییە، بەلاّم بەیەکەوە بون یەك بونێك کە زەمینە وبناغەیەکی پتەوی هەبێت وداهاتوویەکی گەشیی هەبێت ئەگینا بە جیا کارکردن باشترە و سەرنجامیش باشترینەکەیان دەمێنێتەوەوجەماوەری دەبێ، چونکە حیزبی ئیسلامیی فیرقە وگروپی لاڕێ نین مادەم لە جێگیرو(پوابت)ەکانی ئیسلام دا یەکن وجیاوازییەکەیانیش دەرهاویشتە جیاوازیی تێروانین بێت بۆ کار وگۆرینی واقع وئیجتهادی فیکری بۆ کارکردن لەم ڕۆدا، لێرەو زەرورە بەردەوام کار لە سەر ئەوە بکرێت ئێمە دین نین وتاکە بۆچونیی ڕاست نین وئەکرێ باشتر یا باشترین بین، بەلاّم نابێت ئەوانیتر گومراو سەرلێشێواو بن یان بە نەزان وگەمژە بۆیان بروانین بیریی تەسکی حیزبایەتیی وخۆ پەسەندیی وامان لێ بکات بەردەوام بە چاویلکەی ڕەشەوە لەویتر بروانین وبەردەوام بەبالاّی خۆماندا هەڵ دەین وبەرامبەریش بە کەم ئەزمون و لێ نەزان تەماشا کەین.

بەشێك لە ئیسلامییەکان وەکو لایەنەکانیتری کوردستان زۆر جار نەیانتوانیوە گەورەتر لە کۆمەڵگەکەی خۆیان بروانن وگێڕۆدەی کێشەکانیان بوون، تەجاوزیی هەندێ لە بەهاکانیان کردووە، بەلاّم گرنگە زیاتر بەخۆیاندا بچنەوەو بزانن چییان دەوێ ئایە ئەم سێیە زیادە یان نا ئەی چیی نوقسانە، هەر لێرەشدا حەزدەکەم بڵێم کە گروپی تریش هەن دەکرێ ناوی حیزبیی لێ بنرێت هەرچەند خۆی ئەو بانگەشەیە ناکات خۆی بە دژە حیزب دەناسێنێ، برایانی سەلەفییش یەك لە و گروپانەن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و خۆ بە

کۆمەڵێکی ئیسلامیی تایبەتمەند دەناسێنن، ڕێزم بۆیان هەیە و هیوادارم ئەمیندارانە ئەوانییش دەستباریی کاریی ئیسلامیی بن لە کوردستاندا، سەرەڕای بونیی گروپێتر وکەسایەتیی ئیسلامیی سەربەخۆ، کاتیی ئەوە هاتووە ئیسلامییەکان زیاتر واقعەکەی خۆیان بخوێننەوەو پێیان نەنگیی نەبێت راستگۆیانەتر سەردان و گفتوگۆبکەن، ئەوە بزانن خاڵە هاوبەشەکانیان زۆر و زەوەندەن، دەکرێ پرۆژەیەکی گەورەی پێ ئەنجام دەن، کاری سەلەفی وسۆفییە راستگۆو دڵسۆزەکانییش (کە ئەم دەربڕینە لای هەندێ قورسە) بە جۆرێ لە جۆرەکان کارێکی تەواوکارییە بۆ کاری ئەمان سەرەرای بونی سەرنج وجیاوازیی، کە دەکرێ لە بەیەك گەیشتن دا زیاترتێبگەن و تە ئویلە نادروست ونەگونجاوەکانییش راستبکرێنەوە..

بە کورتی پێویستە یا کار بۆ یەکبون بکەن یان بەیەکەوە بون وکاریی تەواوکاریی، بەڵام هیچ کات بەزۆر بەیەکەوە لکاندن بەرەنجامی باشیی نابێت وئاساییە چەند گروپ وکۆمەڵێکی ئیسلامیی هەبن بەڵام رێز لە جیاوازییەکانی یەکتر بگرن وجەماوەریش تێبگەیەنن کە ئەوان ئەزمونێکن بۆ خزمەت نەك تەفرەقە لە خودی دیندا، ئەکرێ هەڵە بکەن وەکو کرد ویانە ئەکرێ خزمەت بکەن وەکو دەیکەن.

3-بۆچی ئیسلامییەکان ناروانن مێژووی پێش خۆیان هەر لە دوای خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفانەوە (رەزای خوای لەسەر بێت) تا دەگاتە ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و میسر و چەندین شوێنی تر کە ئەو ئیسلامییانە خوێنێکی زۆریاندا تا گەیشتنە مەرحەلەی (تمکین) بەڵام دواجار هەر بەدەستی خۆیان خۆیانیان لەناوبردو بوونە هۆکاری روخاندنی دەوڵەتە ئیسلامییەکەشیان؟ تاکەی دەرس و عیبرەت و پەند لەو مێژووانە وەرناگیرێت ؟؟

جارێ ئەبێ ئەوە بڵێین راستە هەندێ لێکچون لەو ئەزمونانەدا هەیە، بەڵام تەواویش وەك یەك نین، گرفتێکی گەورەی مێژووی ئیسلامی ئەوەیە بەها سیاسیەکانی ئیسلام وەکو دادگەریی وڕاوێژ ویەکسانیی هەر لە سەرەتاوە شێوەی بەندی دەستووریی

یا یاسایی نوسراوی وەرنەگرتووە ودام ودەزگاو دامـەزراوەی وای بەرهـەم نـەهات کـە بـە شێوەیەکی رەسمی داکۆکیی لەو مافانە بکات یا خود زۆر بە ڕوونـی بیـان چەسـپێنێت و تاوەکو نەبێتە قوربانیی بۆ حەزو ئیرادەی تاکی فەرمان ڕەوا ودواتر بـە نـاوی گوێرایـەڵی ومافی فـەرمان رەواوە سـتەم لـە خـەڵکیی بکـرێ ودەسـەڵات لـە بنەماڵەیەکدا قـۆرخ کـا، چەندین دەققیش بە خراپیی لێکدرێتەوەوتەفسیری هەڵەیان بـۆ بکـرێ و لـە بەرژەوەنـدی ئەو جۆرە فەرمان رەوایانە بخرێنە گەر کە لە ڕابردوو ئێستاش دا ئەوە دەکرێت، هـەموو ئەوانـەش بـارێکی رەخسـاند کـە دەسـتاو دەسـتی دەسـەڵات نەهاتـە ئاراوەوزەمینـەی لێبوردن وتەساموح لـەو رووەوە کـەمتر گەشـەی کـرد، ئەمـە جگـە لـەوەی هەنـدێ جـار ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست بۆچونەکانی خۆیانیان کردووە بە دین وفـەرمانیی ئـایینی ولـە زۆر سـەردەمی مێژووییشـدا حـەزی فـەرمان رەواو مانـەوەی دەسـەڵات بـۆ بنەماڵەکەی بە دین وفەرمانیی ئایینی خوێندراوەتەوە، راستە ئـەو دەزانـین کـە مێـژووی موسوڵمانان لە زۆر قۆناغیدا توانی خزمەتێکی گەورە بە شارستانییەتی مرۆڤایەتیی بکات و خەڵکانیتریش لە بیرو عەقڵ و زانستی موسوڵمانان سودمەند بن، بـەڵام ئەمـەش وامـان لێناکات چاو لە ئاست کەمو کورتی موسوڵمانان(نەك ئیسلام) بنـوقێنین، سـەرنج دان لـە ووردەکارییەکانی ئەو گۆرانکارییانەی لە هەڵبژاردنی فەرمان رەوا لە راوێژ(الشوری)ەو بـۆ پشتاوپشتیی(الوراثـة) شـتی زۆرمـان پـێ دەڵـێ و ئـەوەشمان بـۆ دەخاتـە روو کـە چـۆن دواجار ئەوەی کە ئینحراف بوو لە دیدو تێروانین و بۆچونیی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) دا، کەچـی فوقـەهاکانی دووایـین (لـە ژێـر زەبـری واقعـدا) بەڵگـەی شـەرعی بـونی بـۆ دەهێننەوە ؟!

پاش ئەوەی ئەبوبەکرعومەروعەلی تەئکید دەکەنەوە لەسەر ئـەوەی گوێرایـەڵی لە چاکەدا دەبێت وفـەرمان رەویـەتییش بـە راوێـژە، کەچـی لەپڕێکدا گوتـاری سیاسـی دەگۆڕێت و فەرمان رەوایەتی لە بنەماڵەیەکدا قەتیس دەکرێ، بەم شێوەیە پاش ئەوەی کارەکـە مـافی ئوممـەت بـوو زەوت ئـەکرێو بەرۆیشـتنی کـات و لـەژێر ئـەمری واقـع دا شەرعیەت وەردەگرێ لە لایەن فوقەهاکانەوە(لە گەڵ دان نانمان بە بـەرزیی پلـە وپایـەی

ئـەوان و ئیعتبـار دان بـۆ هەنـدێ لـە پاسـاووبەڵگەكانیان)...تاوەكو ئێسـتـەش زۆرن ئـەو فەقیهانـەی لـە جیهـانی ئیسـلامیدا شـەرعیەتی بـونی فـەرمان رەوای سـتەمكارو زۆردار بەرەوا دەبینن لە ژێر كاریگەریی ئەو ئینحرافە مێژووییەی رەوایەتی وەرگرت بە رۆیشتنی كات وبە بیانووی خوێن نەرشتن، كەچی ئیرادەی گـەل لـەولاوە بـەردەوام زەوت دەكـراو خوێنیان حەڵاڵ دەكرا، ئەو كەسانەشی شۆرشـیان دژ بـە نادادییـەكان بـەرپا دەكـرد بـە یاخی لە قەڵەم دەدران، بەمەش كەسە ئازادو داد خوازو دڵسۆزەكانی نێو خەڵكی وازیـان هێنا لـە دژایـەتیی فـەرمانرەوا موسـوڵمانە سـتەمكارەكان و كەسـە بەرژەوەنـدی خـوازە نادادگـەرەكان شـۆرش وكودەتایـان دەكـردو دواتـریش دەبونـە خەلیفـەی موسـوڵمانان و گوێرایـەڵییان دەبـووە واجـب! ! لەولاشـەوە ئەمـە بـۆ ئـەوانیتر دروسـت نـەبوو چـونكە دەرچونە لە لە گوێرایەڵیی فەرمان رەوایان! !

ئـــەی ئەگـــەر ئاســـتیی هۆشـــیاریی سیاســـی موســـوڵمانان زووتـــر بگەیشـــتایە ئاستی(تقنين) كردنی ئەو بەهایانە و كار كردنیی زیاتر بۆ چەسپاندنیان و ئەو كارە گرنگە بۆ حەزی كەسانێك بەجێ نە هێڵرایە، ئەوا ئێستا باری ماف وئازادییـەكان لـە ئاسـتێكی زۆر گونجاوتردا بوو، راستە رۆڵی زانایانیش لە گەیاندن وبەرز راگرتنی ئەو بەهایانە بەرزو دیارە بەڵام چەپڵەش بەیەك دەست لێ نادرێ...

بۆ پەند وەرناگرین، لە بەر ئـەوەی تـاوەكو ئێسـتاش بـە جـۆری لـە جۆرەكـان عەقڵییەتی یـەكترقبوڵ نـەكردن وریشـەی زۆرداری لای بەشـێكی بەرچـاوی ئیسـلامیەكان بونی هەیە ونەیان توانیوە لە ئاستی ئیسلامەكەیاندابن، ئەمە واتای ئـەوە نییـە ئـەوانیتر وا نیین، وادەزانم واقعیی هاوبەشی كۆمەڵایەتیی ومێژوویی هەموو هێزەكان هاو بۆچونیی لای هـەموان دروسـت كـردووە، مێـژوی خوێنـاوی ئـەوروپی وململانێكـانی هـەر چـەندە درێژبوون بە لام دواجار عەقڵیی پێ بەخشین وبەشێكی بـاش وبەرچـاوی مافـەكانیانی بـۆ دەسـتە بـەر كـردن ...بـەڵام ئێمـە تـازە وا هەسـت دەكـەین و بـە خۆمانـدا دەچـینەوە ودرەنگـیش وە خـۆ دەكـەوین، ئـەو ئەزمونانـەی كـە جـەنابت ئاماژەیـان پـێ دەكـەیت شایەنی لەسەر وەستانن، بە لام دواجـار ئـەزمونیی كۆمـەڵێك مرۆڤـی موسـوڵمانە گرنگـە

پەندیان لێ وەرگرین، سودیان لێ ببینین بەلاّم کەی، هیوادارم زوو بێت، ئەوەش لەبیر ناکەین تەواوی ئەو ئەزمونانە یەك رەهەندو هۆکاریان نییە و لە چەندین رووەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، هەموشیان لەیەك ئاست و وەك یەك دا نین، لە دەست دان وشکستەکانیش تەنها هۆکاری ناوخۆیی نییە...ئێمە باسیی برایەتیی دەکەین بەلاّم لە بستێکی ئەم دونیایە دەسەلاّتێ دەکەوێتە دەستمان ناتوانین ژیرانە مافەکانیی بدەین، هەندێ گروپی ئیسلامیی تاوەکو ئێستەش ئەوەی خۆی بەراستی دەزانێت هەر ئەوە قبولێ وپەسەند دەکات و ئامادە نییە گوێ لە رای بەرامبەرەکەی بگرێ، نالێ(رأيي صواب يحتمل الخطأ ورأي غيري خطأ يحتمل الصواب)، ئەرێ ناکرێ(شباب المجاهدين وهتد) لە سۆمالّدا دەرفەتێك بدەنە شێخ شەریف وبزانن ئەوەی دەیلّێ لە پیادەکردنیی شەریعەت دەتوانێ پیادەی کا!!، بۆ دەبێ پیادەکردنیی شەریعەت بەپێی ئیجتهادەکەی ئەوان بێت، گرفتەکە لەوەدایە، ئەمرۆ بەشێك لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان دینداریی وئیسلامەتیی تەنهاو تەنها لەو شێوازە بیرکردنەوەو ئیجتهادەی خۆیاندا دەبیننەوە وهیچی تر و(لا) یەك بۆ(يحتمل)ەکانی یاساکانی سەرەوە دادەنێنن و (صواب) تەنها لەوەدا دەبیننەوە کە خۆیان دەیلّێن وپاش چەندین سالّیش(مراجعات) دەکەن ودەنوسن؟؟!!

4–ئایینی پیرۆزی ئیسلام تاکە ئاینە کە هەموو گەل و نەتەوەیەك لەخۆدەگرێت و کۆیان دەکاتەوە، کەچی لەکوردستان سێ حیزبی ئیسلامیی نەیانتوانیەوە بەیەکەوە کۆببنەوە، ئایا هۆکاری یەکنەگرتنی ئەم سێ حیزبە ئیسلامییە بۆچی دەگەرێتەوە؟ ئایا هۆکارەکان شەخسین؟ یان دەستی دەرەکی لەپشتەوەیە؟ یان خۆیان نایانەوێت؟ ئایا جیاوازیەکانیان چین کە رێگرە لەیەکگرتنیان؟ واتە هۆکاری یەکنەگرتن و نزیك نەبوونەوە لەنێو هەرسێ هێزەکەدا فیکری و مەنهەجی و سیاسی و بیروباورین؟ یاخود جیاوازی و ناکۆکییەکان زیاتر کەسیی و نەفسیی و شەخسی و بەرژەوەندین؟ چونکە روون نییە ئەم سێ حیزبە لەچیدا جیاوازن تەنانەت لەلایەن سەرکردایەتی خۆشیان!! چونکە

لەولآتانی دونیادا کاتێك حزبەکان بوونیان هەیە یەکێك لە مەرجەکانی بوونیان دەبێت جیاوازبن لەحیزبەکانی تر، کاتێك لەیەك چوون، ئەوکات تێکەڵ دەبنەوە. ئەمەش لە ئەوروپا زۆر ئاسانە، چونکە لەسەر بنەمای فکری یەکتر دەگرنەوە، بەلآم لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام ئینشیقاقی تێدەکەوێت لەجیاتی ئەوەی یەکبگرنەوە، هیج حیزبێکتان ئامادە نییە بو ئەوی تر تەنزول بکا لە پێناوی بەرژەوەندی ئیسلام و رەوتی ئیسلامیی.

وەلآم/ئەوە راسیەکی قورئانییە کە پێویستە هەموو موسوڵمانێك برایانەهەڵسوکەوت ومامەڵە بکات﴿ إنما المؤمنون إخوة ﴾، ئەو برایەتییەش وادەخوازێت چاکسازی و ئاشتەوای لەنێوان یەکتردا بکەن ﴿ فأصلحوا بين أخويكم ﴾ ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، جیاوازیی وناکۆکی روودەدات، گرنگ ئەوەیە چۆن هەڵسوکەوت بکەین، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا ﴾ بەلآم موسوڵمان هەندێ جار تا رادەی جەنگ کردن وشەرو هەرا دروستکردن تێك هەڵدەچێ لە گەڵ موسوڵمانە براکەیدا، ئا لەو کاتەدا، دەبێ جارێکیتر پەنا بۆ ئاشتی وئاشتەوایی ببرێ...

ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام تاکە ئاینە کە هەموو گەل و نەتەوەیەك لەخۆدەگرێت و کۆیان دەکاتەوە، هیچ کات لەمێژووی ئیسلامییدا واتای ئەوەی نەگەیاندوە کە هەموو موسوڵمانان یەك کۆمەڵیی یەکگرتوو بووبن، یەك فەرمان ڕەوای سەرتاسەرییان هەبوبێ، گەلە موسوڵمانەکان تایبەت مەندیی خۆیانیان هەبووە، موسوڵمانان چەندین بیرو بۆچونیی جیاوازییان هەبووە لە رووی فیقهی وسیاسی و تەنانەت جیاوازی لە هەندێ تێگەیشتنی بیروباوەری، هەموو کاتیش بە دەققەکان نەتوانراوە جیاوازییەکان نە هێڵرێ، بەڵکو قوەی مەنتیق و مەنتیقی قوە توانیویەتی بون وهێزیی بۆچونێك لە گۆرەپانەکەدا بسەلمێنێ، هەندێ جارییش بسەپێنێ، ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام تاکە ئاینە کە هەموو گەل و نەتەوەیەك لەخۆدەگرێت و کۆیان دەکاتەوە بەو واتایە نییە لە مرۆی ئێمەدا بەو تایبەتمەندییانەی لە ئارادا هەن دەبێت هەر ببین بە یەك حیزب چونکە بارودۆخەکان لە بار نیین خۆمان لە و ئاستەدا نیین هەندێ

جار ئەوەش زیانیی دەبێت ئەگەر لە هەندێ رووەوە بۆ واقعیی ئێستا شرۆڤەی کەین، فرەیی تەواوکاریی بۆ هەندێ بارودۆخ سودمەندە، کێبڕکێیی دروست بەرەو پێشچونیی لە دوایە و...هتد، وا دەزانم ئیسلامییەکانیش(زۆرینەی هەرە زۆریان) بەو ڕادەیەی ئاماژەی پێ دەکەی لە ئێستادا ئەوەندە پەرتەوازەو ڕق ئەستوور نین لە یەك، بارو دۆخییش گۆرانیی بە سەرهاتووە، لە یەك خوێندن وشەرە قسە کاریی بێکارو بێ بارەکانە، ئیسلامییەکان(زۆرینە)توانیویانە لەروی هەست وسۆزو هەندێ جار هەڵوێستیشەوە یەکگرتوو بن، یا خود بۆ یەك ئامانج کۆببنەو یان کار بکەن، راستە سەرهەڵدانیی کێشەکان وای لە هەندێ کردووە لە روحی ئیسلام دوور بکەوێتەوە وهەندێ جارییش بە ئاقارێکی دژدا بروات، بەڵام ئەو کەسە یا گروپە ئیسلامییە بە ئەندازەی ئەو لادانەی لە پەیامیی ئیسلام ئەوەندە باجیی داوەو لە بون و کاریگەری لاواز کردووە، سەرقاڵیی بە گلەیی ولەیەك خوێندن و کولکو موو شیکردنەوەو باسی رابردوو کردن خزمەت ناکا، با بە پەیامیی ئەخلاقی و ئیسلامییانە بخرێتە پێناو خەڵکی کوردستان و نوێ کردنەوی کۆمەڵگەی کوردیی با ئەوەندەی دەکرێ خزمەت پێشکەش بکەین، لە مرۆدا کە زۆرتر لە هەر کاتێکیتر خەڵکی پێویستیی بە پەیامیی ئیسلام هەیە لە رووی دورووني وکۆمەڵایەتیی وداددگەریی کۆمەڵایەتییەوە...

واقعیی کوردستان وکارکردنیی جیاوازیی ئیسلامییەکان لەو واقعەدا وای کرد لە سەرەتاوە دوو بۆچونیی سەرەکیی بۆ کار دروست بێت، هەر یەکەیان مکوڕ بوو کەکارکردنەکەی ئەو تەواوو دروست ترە، درێژە دان بە و کارە جیاوازە وایکرد هەندێ حاجیزی دەرووني دروست ببێت ودواجار هەریەکەشی بەرگریی لە بەهێزیی کارکردنەکەی خۆی بکات، هەندێ جاریش بۆچونیی شەخسیشی تێکەڵ دەبوو، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە یەك بیرکردنەوەی تایبەت بە هۆیی بێ بەرنامەی یا ی جیاوازیی تێگەیشتن و هەندێ جار بابەتیی شەخسیی بەرەو پەرتبوون بچێت، کەواتە هۆکاریی جیاوازیی تێروانیین و هۆکاری دەرونی و شەخسیی لە ئارادابوو بۆ یەك نەبوون لە سەرەتاوە، هۆکاریی فیکری و مەنهەجی و سیاسی هەبو، جیاوازیی ئیجتهادیی حەرەکی هەبوو،

بـەلأم بیروباوریی(اعتقـادیی) نـەبوو بـە واتـا باوەکـەی، ووردەکـاریی ئەمانـەش زۆریـی دەویت، بە سەیر کردنیی رابردوویەکی نزیکی ئەم سێ حیزبە دەزانرێت ئـەو جیاوازییانـە لەچـیدا بـوون، ئەگـەر ئـەو جیاوازییـە نەبوایـە لایـەنێکیی سـەرەکیی وەکـو بزوتنـەوەی ئیسلامیی چەندین گروپی بچوکی لـێ جیانەدەبویـەوە، کـاتێکیش نزیکـی زۆر لـە نێـوان راپەرین وبزوتنەوەدا دروست دەبێت لە چەند روویەکەوە ئەوا یەك دەگرن، بـەلأم کاتێـك یەکگرتەکە زۆر بەرنامەبۆدا رێژراونییە نە گەیشتووەو وهەندێ بۆچون و حـەزی شەخسـی وفیکریی دێنە ئاراوە ئەوا جارێکیتر لێـك تـرازان دروسـت دەبێـت، ئـەوە راسـت نییـە بـە رەهایی بلێیی هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم حیزبانەدا نییە، هەمووی چەند ساڵێکە ئـەو نزیکییە پەرەی سەندووە، کە هەموویان لە ناو خەڵکی و بە شێوەیەکی ئاشتییانەوە کار دەکەن، راستە ئیسلامییەکان لە رووی بیروباوەری ئیسلامیی و مەرجەعییەتەوە یـەکن، بە لأم لە دوێنێیەکی نزیکدا بۆچونیان بۆ گۆرینی واقع جیاوازیی هـەبووە، ئێسـتا زۆر لـە یەك نزیـك بوونەتـەوە کـە ئەمـە سـوودی بـۆ واقعـە ئیسـلامییەکە زۆرە، بـەلأم تـا نزیـك دەبنەوە دەبێت پرۆژەیان هەبێت بۆ پێکەوە بوون ئەگەر کرا یە کبـوون یـاخود کێبرکـێ بۆ باشتر کـردن وبـەرەو پـێش چـون ئەمـەش بـەهۆی پـرۆژەی جۆراوجـۆری خزمـەت بـە خەڵکیی کوردستان، بە دڵنیاییشەوە ئەو لایەنەی نەتوانێت نـوێ بونـەوە بکـات یـاخود کێبرکێیەکی شەریفانە بکات ئەوا لە کاروانی کارو خزمەت جـێ دەمێنێـت و زۆریـش خـەم نەخۆین لە کەسانێکی ناکارا ﴿ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ ﴾، ئەگـەر ئیسـلامییەکانیی کوردسـتان بتـوانن کێشـەی کۆمەڵگەکـەیان بخەنـە روو، پرۆژەیان هەبێت بۆ گۆرانکاریی وجورئەت بدەنە خۆیان بۆ بەرهەڵستیی نادادییەکان ئەوا بێگومان خزمەتێکی بەرچاو دەکەن، ئەوەشیی چەند حیزبێکن ئەگەر فیعلیی بن وکار بە پەیامیی ئیسلام بکەن وخزمەت بە خەڵك پێشکەش بکەن ئەوا کوردستان جێگەی ئـەوانی تێـدا دەبێتـەوو پێویسـتیی زۆری پێیانـە بـا سـێ حیزبـی یـا زیـاتریش بـن، بەمـەرجێ واتێگەیشتبین لە حیزب کە هۆکارێکە بۆ خزمەت و چەند حیزبییش بە واتایـەکی دروسـت چەند پرۆژەیەکە بۆ چاك سازیی نەك چەند گروپی لارێ، بگرە پێویستیی هەیە بە دەیان

رێکخـراو دەزگـای جـۆراو جـۆریی زانسـتیی و دەعــوەیی تـاوەکو کەلێنــەکانیی ئــەوان پربکاتەوە...مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەوانەی کاریی ئیسـلامیی دەکـەن چ لـە ژێـر نـاوی حیزبدا بێت یان نا، ئەگەر خاوەنی خەم خـۆریی و لێزانـی بـن دەتـوانن ئـەو فرەییـە بـە ئاقارێکی ئیجابییدا ببەن، مادەم هۆکارە جۆراوجۆرەکانیی یەکبوون هێشتا نەرەخساوە، گرفت لێرەدا ئیستغلالی شەخسییە یا شوێن کەوتنی حەزە نارەواکان یان بە ئەویتر بوون وچونە نێو پرۆژەی ئەێکی دژو ناتەبایە...

5-ئایا کێشە و ناکۆکییەکان گەشتونەتە ئـەو رادەیـەی کـە هـەرگیز ئـەم حزبـە ئیسلامیانە نەبنە یەك هێزی سەرەکی؟

ئەو ئیسلامییانەی ئێستا لە نێوگۆڕەپانی کوردستاندان، سەرەڕای هەندێ گرفت کە مۆرکێکی شەخسی-شێوە بنەماڵـەیی هەیە(کـە بەشـیی خـۆی دەردەسـەریی هەیـە)، بەڵام تا رادەیەکیی زۆر نزیك و هاو ران لە زۆر بۆچونیاندا، ئەگەر باریی سیاسـی ئـارامتر بێت و بە واتایەکی دروست ئازادی دەستە بـەر بێـت ومافـەکان پێشـێل نـەکرێن لـە رووی سیاسییەو ئەوا بێگومان، ئەوا ئیسلامییەکان ئەبنە هاوکار لە پرۆژەی کـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتییاندا ئێستەش بە عەمەلیی هەندێکیی دەکەن، بەڵام مەرج نییە ببنە یەك حیز ب وەك هێزێکـی سیاسـی، ئـەوەش لـەم قۆناغـەدا زۆر بـە نزیـك نـابینم، هەرچـەندە موستەحیلیش نییە...بەڵام مـن رەشـبین نـیم بـە ئیسـلامییەکانی کوردسـتان و وا دەزانم سەرەرای هەندێ گرفت کە ئاسـاییە لـە کـارێکی ئـاوادا بێتـە ئـاراوە بـەڵام هێشـتاش زۆر نزیکن لە یەکەوە، تەنها جورئەت وبوێریی دەوێ پێ لە هەندێ هەڵەی رابـردووی خۆیـان بنێن وچاوی پێدا بخشێننەوەو نەهێڵن حەساسیەتی شەخسی و پێکەو هەڵنەکردن ببێتە بەربەستێك لە بەرامبەر بەرەو پێشچونی کاری ئیسلامییان لە کوردستاندا...

6-ئایا یەکگرتن تـەنها یـەك میکـانیزمی هەیـە یـان چـەند ئالیـەتیك و شـێوازێك لەخۆی دەگریت؟

نەخێر یەك میكانیزمی نییە، مرۆڤ لە نێو ماڵێكدا گرفتیی پێكەو گونجان وسازانیی هەیە، لە كارێكی ئاوا گەورەدا گەر نەكرا خۆ لە یەك پێكهاتەدا رێكبخرێت خۆ دەكرێ پێكەوەو بەهاوكاریی وهەماهەنگیی كار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە باڵا مەعنەویی وخزمەتگوزارییەكان بكرێ، دەكرێ كار بۆ پەیامی ئەخلاقی ئیجتماعی بكرێت كە جێی گرنگی پێدانێكی سەرەكی ئیسلامەو ئەمرۆش كۆمەڵگەی كوردیی لە بەردەم گەورەترین هەرەشدایە ولە زۆر رێگەو پێگەوە لەدەرەوەو ناوخۆی كوردستانەوە كار بۆ هەرەس ودارووخانی زۆر لایەنیی ئەخلاقیی وكۆمەڵایەتیمان دەكرێت، دەیان رێو شوێنیی تایبەت دەگیرێتە بەر، تەئكید دەكەمەوە لەوەی پێم باش نییە كەسایەتییە ئیسلامییەكان تەنها چاویان لە هۆكاری پارتی سیاسی بێت بۆ خزمەتیی ئیسلام وپەیامی ئیسلام و رەنگ دانەوەی لە خزمەتكردنی كۆمەڵگەدا، سەرەرای ئەوەی گەورەترین هۆكاریی خزمەتە گەر كەسی ودەستە بەتواناو لێهاتوو وئایندەبین پێی هەستن...

7–ئایا بوونی حیزبە ئیسلامییەكان باشترە، یان نەبوونیان بەو شێوە پەرش و بڵاوەی ئێستا كە گوتاریان بێ هێزەو پێداچوونەوەی دەوێت و هەروەها چەندان گرفتی ناوخۆییان هەیە و ئاسۆكانی تێڕوانینیان فراوان نییە، چونكە بەلای خەڵكێكی شەرعزان و سیاسیی نەبوونیان باشترە لە بوونیان؟

بێگومان بونیان نەك باشترە بەڵكو زەروورەتە، ئەوەندەش پەرش وبڵاو نیین كە تۆباسیان دەكەیت، گوتاریان لاوازیی تێدایە، دەبێ بەهێز بكرێت، پێداچونەوەی بۆ بكرێت، من وا دەزانم ئاسۆكانی تێڕوانینیان زۆر فراوانبووە بەبەراورد لەگەڵ 15ساڵێك پێش ئێستە، بوون ونەبوون دەبێت بە دیاریی كراوی قسەی لەسەركرێت، دەكرێ حیزبێكی ئیسلامی لە فەترەیەك یان شوێنێكی دیاریكراودا نەبوونی باشتر بێت، بەڵام بەمەرجێ بەدیلیی تری هەبێت لەو سات وكاتو شوێنەدا، بە بیانووی لاوازیی هەندێ حیزبیی ئیسلامی ئاشبەتاڵی ئیسلامییەكان بە هەموو پێوەرێكی شەرعی و واقیعی زیانێكی هەرە گەورەو مەترسی دار دەبێت، بونی پارتە ئیسلامییەكان لە كوردستاندا

خزمەتێکی زۆر بەهاداربوو بە بەها رەوشتییەکانی کۆمەڵگە و پێگەیاندنی هەزارەها خەڵکی رەوشت بەرز، دروستکردنی بەربەستبوو لە بەردەم ئەو کۆمەڵ وحیزب وکەسانەی دەیان ویست و دەیانەوێ کۆمەڵگەی کوردیی لە رووی هەندێ ئاکار وبەهاوە بتاوێننەوە یان لاوازیی بکەن، سەرم سوور دەمێنێت لەو دەنگانەی وا پیشان دەدەن کۆمەڵ وپارتە ئیسلامییەکان رۆڵییان نییە لە گەشە پێدان و پارێزگاریی کردن لە بەها ئاینیی و رەوشتییەکاندا، ئەی کێن ئەو سەنگەرەیان هەڵبژاردووە، کێن راگەیاندنەکانیان لە خزمەت ئەو بارەدایە، ئەی کێن ئەوانەی کار بۆ داماڵینی زۆربەی بەها رەوشتی وکۆمەڵایەتییە بەهێزەکانی ئێمە دەکەن، بەسەرنج دان لە راگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان زۆر شت روون دەبێتەوە، راستە لاوازیی وگرفت هەیە بەڵام بێ پسان پێویستی بە راستکردنەوەو خۆ نوێ کردنەوە هەیە، پێویستی بەوەیە ئاسۆی بیرکردنەو فراوانتر کرێ، بۆ خوابوون وبۆخوا ژیان لە بریاریی سیاسی وخزمەتیی کۆمەڵایەتییدا رەنگ بداتەوە ئەمەش توانەوەی ئەرکو مافەکان نییە، دژ نییە بە جە ماوەریی بون و کرانەوی زیاتر بە ڕووی کۆمەڵگەدا، بێ ئەوەی لە بنەماو مەبادیئەکانیش پاشەکشە کرێ، ئەمەش قابیلی روودانە، راستە بەو پێیەی حیزب ئامرازێکی کاریگەرەو باشی وخراپییەکانییشی بەهەمان شێوەیە، لەبەر ئەمەش دەبێت زۆرترین گۆرانکاری و چەکوشکاریی تیابکرێت و ببێتە ئامرازوهۆکارێك بۆ خزمەت نەك پەرتەوازەیی و...هتد.

خەڵکی شەرعزان و سیاسیی بە هەردوو بارەکەیدا هەن، لە نێو شەرعزانەکاندا چەندین کەس هەن سەرکردەی حیزبیی ئیسلامیین، هەروەك لە دەرەشی هەن، بە هەمان شێوە سیاسییەکان، هەڵسەنگاندنی باری فیکریی کاریی ئیسلامیی نابێت کاری کەسێك بێت کە سەرقاڵیی جێبەجێکاریی و تەنفیزییاتە لە نێو حیزبدا ئەوە کاریی بیرمەندەکانە، کاری زاناو شەرعناسەکانە، کاریی حیزب بە روویەکیتریدا خستنە رووی پرۆژە وکارکردنە لە پێناو هێنانە دیدا، کە سیاسیەکانی حیزب دەتوانن ئەنجامیی بدەن وسوود لەکەسانیتر وەربگرن، بانگەوازیی ئیسلامییش هەندێکی حیزب دەتوانێ لە سنورێکدا لە رووی ناوخۆیی ولەرێی دەزگاکانییەوە پێی هەستێت و هەندێکیترییش لە رێ

وشوێنی جۆراو جۆرەوزە دەکرێن وهەمووشی تـەنها ئـەرکی حیزبـە ئیسـلامییەکان نییـە، بەڵکو هەر موسوڵمانێك پشکی هەیە لەو کارەدا بە ئەندازەی تواناو لێوەشاوەیی...

8-بۆچی حیزبە ئیسلامییەکان نـەیانتووانی ئـەو بۆشـاییە گەورەییـەی لـەنێوان هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستان و ئەندامانیان و خەڵکی تـر دروسـت بووبـوو، پـڕی بکەنەوە و ببنە بەدیلی واقیعەکە لەکاتێکدا ئەم میللەتە موسڵمانە؟.

بوونـە بـەدیل کۆمـەڵێك مـەرج وزەمینـە سـازیی دەوێـت هێشـتا بـە تـەواوی لـە ئیسلامییەکاندا بەرجەسـتە نییـە، هەرچـەندە ئامادەسـازیی باشـیان کـردووە و ڕۆڵییـان بووە لەوەی باری کۆمەڵگەی کوردسـتان بـەرەو پێشـترو باشـتر بـروا، موسـوڵمان بـونی کۆمەڵگەبەتەنها ئەوە ئامانجە بەدی ناهێنێ، بـەڵکو چـەندین هۆکـاریی تـریش هەیـە ڕۆڵ دەبینن بۆ بـەدیل بـوون، وەك چۆن کوردبونمـان ئـەوە ناگەیـەنێت کـە هەرچـی لافیـی کوردایــەتی دا هــەموو خــەڵك دوای بکــەوێت، ئیســلامییەکانی کوردســتان، زۆرینــەی هـەرەزۆریان تـا کـاتێکی نزیـك لـە بـەردەم هەرەشـی جۆراوجـۆردا بـوون، سـەردەمانێك رووبەرووی لە ناو بردنیی جەستەییش ببونەوە بە حیزبە بێچەکەکانیشیەوە، واتە گرفتی بون ومانیان هەبوو، ئەوەندەشی کەوتونەتـە سـەرپێ سـەرەرای چـەندین گـرفتی جـۆراو جۆر، بەرەوپێشچونییان پێوە دیارە، لەم پێشکەوتنەشدا وەکو یـەك نـین، بزوتنـەوی ئیسلامیی بەهۆی پـەرت بون وبارە ناوخۆییەکانییەوە ڕۆڵیی کـەمتر بـووە، کـە هیـوادارم یان گەشە بەخۆیان بدەن لە سەر توانا خودییەکانی خۆیان و ڕۆڵیی کـارا ببیـنن، یـاخود ئەوەتە پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵیی ئیسلامیی یەك بگرنەوەویەکریزییەکەی جارانیان دروسـت بکەنــەوە، کــەوادەزانم خــاڵیی هاوبەشــیان یــەکجار زۆرە (بــەوەلا خســتنی کێشــە لاوەکییەکان)، بەمەش هەردوو لایان بەهێز دەبن وسوودی زیاتر دەبێت بۆ گۆڕەپانەکـە، ئەو کات با لە گەڵ یەکگرتوو لە کێبەرکێی خزمەتی زیـاترو هـاوپرۆژەیی و هەماهەنگییـدا بن...دەکرێ دواترییش بـیر لـە پـرۆژەیتریش بکرێتـەوە، ئەگـەر زەمینـەی لـە بـاریی بـۆ سازا...

بەراورد کردن بە گۆرانییش شتێکی هەڵەیە لەبەرچەندین هۆکار کە یەك لە وانە ئەوەیە گۆران واتە نیوەی یەکێتی، بە هەموو ئەو هێزو پێگەیەی ئەو بەشەی یەکێتی لە ناو یەکێتی وحکومەتدا هەیبوووە، ئیسلامییەکان بە تایبەت بە شێکیی بەرچاویان پێش گۆرانییش دیدی گۆرانکارییان بۆ واقع هەبووەو هەیە، بەڵام زەمینەکە دواتر بۆ گۆران لە بارتربوو لە بەر چەندین هۆکار، ئەوانییش پێ گۆران ڕۆڵیان هەبوو لە سازاندنیی گۆرانکاریی و زەمینەی نەیار بوون لە کوردستاندا، ڕچە شکێنیی یەکگرتوو لە دابەزینی جیا شتێکی بەرچاوبوو لەو ڕووەوەو قوربانییشی لە پێناودا درا، لە لایەکیترەوە ئەگەر ئیسلامییەکان بەو نارەزاییانەی گۆران هەستانایە، تۆزیان دەبردن بە ئاسماندا و بەناوی تیرۆروهتدەو گەورەترین زیانیان پێ دەگەیاندن، لە بەرامبەردا گۆرانییش ئەو هێزە دەستە پاچەیە نەبوو لە رووی سەربازییەو تا بنتوانرێ بەر گورزیی دەن، سەرەرای گۆرانی هەندێ هاوکێشە، ئیسلامییەکان تاوەکو ئێستا لە پێگەی جەماوەرییاندا باشن، راستە تا ڕادەیەك لە دواوەن، بەڵام ئەوەی گرنگە کارو پرۆژەیە بۆ لەمەولا، بەلای منەوە نەبوونی پرۆژە، خۆنەگۆرین ێ گرفتە، نەبوون هیواوئومێد بە داهاتوو گرفتە، گرفتەکە لەوەدایە تۆ تەنها لەوەدابخولێیتەوە کە بمێنێیی نەك ئاییندە خوازبیت!!، گرفتە ناوخۆییەکان چ زاتی چ بابەتییەکان دەبێت کەمکرێنەوە، لەخۆبوردەیی وبۆ خوا ژیان، خەڵك خوازی و میللەت دۆستی دەبێت دروشم وکرداریی پۆست دارەکان بێت لە نێو ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئەوانەی پۆستیی حکومییان هەیە، لاوازیی لەمانەدا دەیانخاتە ژێرپرسیارەوە، یا دەبێت گرفتی دارایی نەهێڵرێت یاخود کارەکان بەشێوەیەك رێکبخرێنەوە کە ئەو لایەنە نەبێتە گرفت کە ئەوەش لەمرۆدا مەحاڵە، لێڵی لە دیدو تێروانیندا گرفتە، نە گۆران بەرەوباشتر گرفتە، کێشەی فیکریی گرفتە کە دەبێت زوو چارەسەر بکرێ...ئیسلامییەکان وحیزبەکانیتریش بۆ ئەوەی بیسەلمێنن حیزب هۆکارێکە بۆ خزمەتی خەڵك نەك خۆیان دەبێت بەردەوام سەرنج بدەن لە پێداویستی وخواستەکانی خەڵك، گرفت وکێشەکانیان ودواترییش کار لەسەر ئەوە بکەن و بیکەنە دەنگوباسیی رۆژ، لایەنیی کولتووری وفیکرییش گرنگیی زۆری هەیە ودەبێت ئەوەش بۆ میللەتێکی

وەکو کورد پشتگوێ نەخرێت، چونکە لە دەستدانی کلتووروکەلەپووروداب ونەریتە باشەکانی کۆمەڵگەمان(کە زۆرن) گەورەترین گورزە بەر لایەنی رەمزیی ونەتەوەییمان دەکەوێت، بانگەشەکردنیی بەشێك لە کەناڵەکانی راگەیاندن وهەندێ لە نوسەروو رۆشنبیران بۆ هەندێ شتیی نامۆو نالەبار دەبێت هەڵوێستەی لە سەربکرێو بە میکانیزمی گونجاو بەرهەڵستیی بکرێ وبەدیلیی سازو لەبارییش لە ئارادا بێت.

9-حیزبە ئیسلامییەکان ئەگەر یەکیش نین بۆ ئەوەندە دژ یەکن، کۆمەڵ و یەکگرتوو لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازی لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی دروست دەکەن و بزووتنەوە لەرِقی کۆمەڵ دەچێتە لیستی کوردستانی و یەکگرتووش خۆی لەئاستی کۆمەڵ هەژمار ناکا و کۆمەڵیش دەیەوێ خۆی لەیەکگرتوو گەورەتر پیشان بدات؟ ئەو دژایەتی یەکترکردنەش لەبەرژەوەندی و قازانجی حیزبە دەسەڵاتدار و عەلمانییەکان دایە؟ هۆکاری ئەمە چییە؟ لەکاتێکدا ئەوەندەی ئامادەن لەگەڵ حیزبی غەیرە ئیسلامیی هاوپەیمانی دروستکەن ئەوەندە ئامادەنین لە ژێر لیستی ئیسلامیی کاربکەن...

وا دەزانم زۆر شتت ووروژاند کە وەڵام دانەوەوقسەکردنی لەسەرکردنیی زۆری دەوێ وناتوانیین بەدرێژیی لە سەری بدوێیین، هەنگاویی کۆمەڵ و یەکگرتوو لە لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازی لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی لە بناغەدا بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئۆپۆزسیون بو لە کوردستاندا، هەوڵێك بوو بۆ خزمەت بە باروگوزەرانیی هاووڵاتیان لە رێگەی ئەو لیستەوە، کە دەنگ و رەنگە جیاوازەکانی تێدا بوو، بەڵام هاتنە ناوەوەی گۆران بە تینێکی بە هێزترەوە، پێگەی ئەو لیستەی لاوازکرد، من وەك چاودێرێك سەرنجم زۆر بوو لە سەریی بەڵام ئەگەر هاوکێشەکان گۆرانیان بەسەردا نەهاتایە بارەکە بە ئاقارێکیتردا دەرۆیشت، یەکبوونی ئەو دوو حیزبە لەو لیستەدا بەڵگەی نزیکیی بوو نەك دژ یەك بوون، جۆرێکیش بوو لەوەی پێی دەوترێت لیستی ئیسلامیی بە هەندێ دەستکارییەوە، هەرچەندە دەرەنجامەکان چاوەروان نەکراو بوو، سەبارەت بە بزووتنەوەش ئەوە وا دەزانم باریی ناوخۆیی خۆیان کەپێشتر لاوازبوو(بە هۆیی چەندین هۆکارەوە)ئەو بریارەی پێدان، ئەکرێ پاساویترییشیان هەبوێ،

سەرەرای هەندێ هۆکاریی تر، زۆریی و کەمی هەریەك لە یەکگرتوو کۆمەڵییش ئەوا زمانی ژمارە یەکلای دەکاتەو نەك ئیدیعا و تەوەقوع، ئەو هەڵبژاردنانەی تا ئێستا ئەنجام دراوە لە بەرچاوەو دوا هەڵبژاردنیش باشترین پێوەریی جەماوەریی بوونی هەر یەکەیانە، بەو پێیەی بە جیا دابەزین و هەریەکەشیان لە شوێنە جیاوازەکاندا رەمزی جەماوەریی هەبووە، کەسییشیان قسووریيان نەکرد لە و رووەوە، کەواتە بۆ ئێستە دروستە بەو پێگە جەماوەرییەی هەیانە قەبارەی خۆیان بزانن و موزایەدە بەسەر یەکترییەوە نەکەن، لەهەر هاوپەیمانیەکیش دا دروستە زمانیی ژمارە هەندێ جیاوازیی بۆچون وهەڵسەنگاندن یەکلا بکاتەوە...جیاوازیی ئەوان لەم هەڵبژاردنەشدا و نەبوونی لیستیی ئیسلامیی لە بەرژەوەندیی حیزبە عەلمانیەکاندا نەبوو، چونکە پێگەی هەردو حیزب کە بە جیابوون بەهێزتربوو نەك لاوازتر، ئەوانەشی گرەویان دەکرد لە سەر شکستی ئیسلامییەکان تا رادەیەك هیوابراوبوون، زۆرم لا سەیرە لە گەڵ بەهێزبوونی پێگەی ئیسلامییەکان کەچی هەندێ نوسەر وکەسایەتیی بگرە هەندێ جار ئیسلامیی باس لە لاوازبوونی پێگەی ئیسلامیەکان دەکەن، خۆ ئەگەر ئیسلامییەکان شکستیان بهێنایە ئێستە سەرقاڵیی دەهۆڵ کوتانیان بوون، هەرچەند ئاستی جەماوەریی بەهۆی هەڵوێستی سیاسیەوە بەرزو نزم دەکات، ئەوەش شتێکی ئاساییە، نا کرێت هەموو خوێندنەوەکان لەسەر ئەو رێژەیە هەڵچنیی، جەماوەریی بونی پارتە سەرەکیەکانی کوردستان ئامـاژەی دیموکراسیی بون ومافخوازییان نییە، بە شێکی بەرچاویی دەستگرتنیانە بوسەرقوتی بەشێکیی زۆریی خەڵك لە ژێر چەندین ناودا، تەنانەت هەندێجار موچەی دەزگا رەسمییەکانیی حکومەت لە نێو بارەگا حیزبییەکاندا دابەشکراوە، موچە برین ودەرکردن وسوێنددان دوای هەڵبژاردنەکان وترساندنیی پێشوەختی هەندێکیتر نیشانەی ئەو دیاردە نا تەندروستەیە کە لە کوردستاندا بالاَ دەستە تا ئەم ساتە وەختەش، راستە دەبێت حیزبە ئیسلامییەکان راچەنن، نویَ ببنەوە، ئەولەوییەت ولەپێشینەی کارەکانیان دیاریی بکەن، وا نەزانن ئەو ئامرازو میکانیزمەی تاوەکو ئێستە حیزبیان پیَ ئیدارە داوە، ئەوە دەقق و وەحییە ونا بێت

گـۆرانیی بەســەردا بهێــنن، ئــەکرێ وەك چــۆن ســودیان لــە میکــانیزمیی حیزبیــی سۆشیالیستی وەرگرتووە ئاواش سوود ببینن لە ئەزمونیی رۆژئاوایی بەلاَم تـا ئەوەنـدەی خزمەت بەخەڵك دەكات، تا ئەوەندەی لـە گـەڵ مەبەسـتەكانی شـەریعەتدا دەگـونجێن، هـەردوو ئەزمونەكـە دەكـرێ سـودی لـێ وەربگـیرێ، بـەلاَم دەبێـت ئـەوە بـزانن ئـەمرۆ گۆرانكارییەكان زۆر خێران، ئەگـەر لەگـەڵ رەوتـی گۆرانكارییەكانـدا هـەنگاو خەڵنـەگرن ئـەوا دوا دەكـەون، بـە داخـەوە زۆرن ئەوانـەی سـەردەمانێك پێشـرەو بـوون لـە كـاریی ئیسلامییدا بەلاَم بە هۆی نەخوێندنەوەو موتابەعە نەكردنو بێ ئاگـایی وسـودنەبینیین لـە هۆكـارە جۆراوجۆرەكانـەوە ئێسـتە نەخوێنـدەوارن؟! بـە جـێ مـاوون گرفتەكـە ئەوەیـە هەندێكیان رازییش نین و داوای(صدارە) دەكەن، بگرە هەندیێكیشیان بە دڵ راگرتن بێت یان هەرهۆیەكیتر پۆست وئەركییان لەسەر شانە، سەرقاڵیی كات بـە زایـەدان ومرانـدنیی كارن!!

10-بۆچی حیزبە ئیسلامییەكان یەك لیست و یەك هەڵوێست و یەك بەرەنین بـۆ هەڵبژاردن و كارو رابوونی ئیسلامیی؟ لەكاتێكدا لایەنە عەلمانییـەكان لەیـەك هاوپـەیمانی كۆدەبنەوە بـۆ هەڵبژاردنـەكان و دژایـەتی كردنـی ئیسـلامییەكان و چـەندان حاڵـەتی تـر، كەچی لایەنە ئیسلامییەكان سەرەرای ئەوەی یەكیش ناگرن هاوپەیمانیش پێكناهێنن؟؟

وەكو ئەوەی تۆ گرفتەكە تەنها لە یەك لیستی ویەك بوندا دەبینیتەوە كـە بـەرای من ئەوە وانییە، دەكرێت حیزبێكیی ئیسلامی خاوەن پرۆژەو هەڵوێست كارێك بكـات لـە ڤۆرەپانەكەدا كە چەند قات زیـاد بكـات وسـوود بگەیـەنێت بـە خـەڵكیی، لـە بەرامبـەردا ئیسلامیی تـریش هـەبن ولـە جێگـەی خۆیانـدا بـن یـا لـە پاشەكشـەدا بـن، هەنـدێ جـار بانگەشە كردن بۆ یەك لیستیی بوەتە موزایەدە و بانگەشـەی هەڵبـژاردنیی پێـوە كـراوە كە ئەمە دواجار كاریگەریی سلبیی هەبووە لەسەر هاو هەڵوێستی وبرایـەتیی كـە لەوانەیـە لە هەندێ قۆناغدا زۆرگرنگتر بوبێت لـە یـەك لیسـتییەكە، بریـاردان لەسـەر یـەك لیسـتی دەبێت بەپێی ئەو دەرەنجامە ئیجابییانە بێت كە لێی دەكەوێتەوە، لـە هەركاتـدا بـەپێی هەڵسەنگاندنێكی تەواودروست ولە لایەن كەسانێك یا دەزگایـەكیی زانسـتیی بێلایەنـەوە

سەلما ئەو یەك لیستییە قازانجەكانیی زیاترە بەپێیی پێوەرە شەرعیی وواقعییەكان، ئەوا پێویستە ئەو كارە ئەنجام بدرێ، كەمتەرخەمییش لەوەدا كارێكی نادروست ونارەوایە، بەلاَم لە هەموو كاتدا دەبێت ئەم لیستە یا ئەم بەرەیە نەكرێتە بەرەی كوفروئیمان...و لیستی موسوڵمانان، راستە دەنگ دان شایەتیی دانە بۆ شیاوێتی كەسێك یان لایەنێك بەرەنجامەكەشیی مرۆڤ لای خواو خەڵكیی لێیی بەرپرسیارە هەرچۆنێك بێت، بەلاَم دەبێت ئەوەش بزانیین لە هەندێ شوێن وپێگەشدا پێوەر دەبێتەپێوەریی لێوەشاوەیی و كاریگەربوون، لەو ساتە وەختەدا، لەسەر ئاستیی تاكەكەسیش زۆرجار كەسێك با دیندار و خواناسیش بێت دەكرێت بۆ كارێك نەشێت، هەموو ئەمانەش شیتەڵكاریی وشرۆڤەی زیاتری دەوێت.

هاوكاریی ویەك هەڵوێستیی ئیسلامییەكان سەبارەت بە ناعەدالەتییەكانی نێو كایەی سیاسی وكۆمەلاَیەتی، سەبارەت بە ڕەوشە خراپە ئاكارییەكان، سەبارەت بە خزمەت، سەبارەت بە هەرشتێك كە پێویستە هاوكاریی تێدا بكرێت وبچێتە ژێرسایەی(البر والتقوی)ەوە، ئەركێكی شەرعییەو خۆدزینەوە لێیی، هاوكارییە لە(الاثم)دا، یەكجار زۆرن ئەو بوارانەی یەكریزی و یەك هەڵوێستی و هاوكارییان دەوێت نەك هەر لە نێوان حیزبە ئیسلامییەكاندا بەڵكو لە گەڵ ئەو حیزبانەش كە لە وبازنەیەشدا نین وبەحیزبیی نیشتمانی یاخود هەندێ جار بە عەلمانییش خۆیان دەخوێننەوە، ئەمەش لە كوردستاندا نمونەی زۆرەودووبارەو چەند بارەش دەبێتەوە...حەزییش ناكەم خەڵكی موسوڵمانی كوردستان وەكو تاك بە تێروانینی بەرنامەی حیزبێكی عەلمانیی یەكسان كەین، كە هۆكار زۆرن ئەم جیاكارییە بكەین...زۆرینە نین ئەو كەسانەی لە پێناوی عەلمانیی بونی حیزبیی كوردیدا شوێنی ئەو حیزبانە كەوتوون بەڵكو هۆكاریتر لە ئارادان...؟!.

11–ئایا حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان تا چەند خۆماڵین؟ یان هەڵقولاوی فیکری و ئایدۆلۆژی و خوێندنگەی دەرەکین و وابەستەی وڵاتانی ئیسلامین و نەخشە و ئەجێندای ئەوان جێبەجێدەکەن؟

باری زاڵ وئاسایی حیزبە ئیسلامییەکان خۆماڵیی بونیانە لە ڕووی سیاسییەوە، پەیوەندیی سیاسی دەرەکییان هەبووەو هەیە، بەولاّم لاوازە، واش دەزانم ئەگەر بەکۆ وەربگرین کەمترین وابەستەیی بە ئەجێندای دەرەکی لە نێو ئیسلامییەکاندایە، ئیسلامییەکان نەخشەی کەسانیتر ڕاناپەڕێنن، ئەمەش ووردکردنەوەی زیاتری دەوێت...

سەبارەت بە فیکر و ئایدۆلۆژی و خوێندنگەی دەرەکی ئاساییە ئیسلامییەکانی کوردستان بکەونە ژێر کاریگەری ئەوانیتری ئیسلامییەوە، یا درێژکراوەی فیکریی ئیسلامیی دەرەوەی کوردستان بن، خوێندنگە جۆراوجۆرەکانی فیکریی ئیسلامیی کاریگەرییان هەبووە لە سەر رەوتیی ئیسلامیی کوردستان، بەتایبەت بە سروشتی پێکهاتەی ئیسلامی رەهەندێکی نێو نەتەوەییشی هەیە لە رووی فیکروسۆزو هاوپشتییەوە زیاتر لەوانیتر، حیزبە سیاسییەکانتریش هەروان، پێم بڵێ چ حیزبێکی ئیسلامیی هەیە لە جیهاندا کاریگەریی قوتابخانەی برایانی بە جۆرێك لە جۆرەکان لەسەر نەبێت لە رووی فیکری ومامەڵەوە، تەنانەت ئەوانەشی دژی ئەو قوتابخانەیەن لە نێو ئیسلامییەکاندا بە کاردانەوەش بێت پێیی کاریگەرن، قوتابخانەی نەورەسی و نوسینەکانیی مەودودی و هتد...هەر بزاوت وقوتابخانەیەکی فیکریی ئیسلامیی هەبوبێ لە وڵاتانیی ئیسلامییدا کاریگەریی فیکریی کەم تا زۆرێك هەبووە، ئیسلامییەکانیی کوردستان پێویستە لە نێو خۆیاندا مەرجەعی ئیسلامی دروستکەن وپەرەی پێ بدەن، چوکە (أهل مكة أدرى بشعابها)، بەلاّم هیچ کاتییش بێ نیازنیین لەوانیتر، ئەمە بۆ تەواوی بیرو بۆچونەکانیترییش هەروایە، بە تایبەتییش لە سەردەمی ئەنتەرنێت وئەو پەیوەندییە جۆراجۆرەسەرسامکەرەی ئەمرۆ لە ئارادایە...ئەبێت ئسلامییەکان وئەوانیتریش هاوسەنگییەك بکەن لە نێوان خۆماڵیی بون و جیهانی بوندا، لە نێوان هزری خۆو دیدی ئەوانیتر، ئێمە بە ئەزمونی سەرکەوتووی خۆمان دەتوانیین ببینە نمونەی

سەرکەوتوو بۆ ئەوانیترییش، بە هەمان شێوەش ئەمە بۆ بەرامبەرەکانمان هەر دروستە... دەبێت بە ئاگا بین لەوەی هەندێ لە دیدو تێروانینەکانیی ئەوان هی پێکهاتە کۆمەلأیەتیەکەیانە نەك ئیسلام...ئەمە بۆ ئێمەش هەروایە...

12–حیزبە ئیسلامییەکان لە ئاستێکدا وەستاون و بەرێژەیەکی کەمیش بەرز و نزم دەکەن کە ناگونجێت لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و خەباتەی ئەندامەکانیان بەشەورۆژ خەریکنی، ئایا هۆکاری گەشەنەکردنی ئیسلامییەکان و نەگەیشتنە دەسەلأت لەکوردستان بۆچی دەگەرێتەوە؟ هەروەها لیستە ئیسلامییەکانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکان ئەندازەێکی کەمی دەنگیان بەدەستیان هێناوە، دەبێ خەڵکی کوردستان بەشی زۆریان عەلمانی بن و باوەڕیان بە ئیسلام نەبێ، وا دەنگی هەرە زۆریان بە حیزبە عەلمانییەکان داوە؟! یان باوەڕیان بە حیزبە ئیسلامییەکان نییەو هێشتا خەڵکی نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئیسلامییەکان بتوانن پارێزگاری لە دەستکەوتەکانیان بکەن، و دەوڵەت بەڕێوە ببەن؟! بۆچی لیستە ئیسلامییەکانی عەرەبی شیعە لە باشووردا زۆرینەی هەرە زۆریان هێناوە؟ ئەی ئەم دیاردەیە بۆچی لەکوردستان پێچەوانەیە؟ عەلمانییەکانی کوردستان زۆرینەو ئیسلامییەکان کەمینەی دەنگیان بەدەست هێناوە؟ کەچی حیزبیکی وەکو پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا توانی بگاتە ترۆپکی دەسەلأت لەولأت، بەلأم ئیسلامییەکانی کوردستان هەر لەدواوەن؟

گشتاندنی حیزبە ئیسلامییەکان و قسەکردنیی ئێمە بەوشێوەیە ویەك خوێندنەوە و روانین بۆیان، تەواو دەرناچێ وئەوەشی کەلە ئاستێکدا وەستاون و بەرێژەیەکی کەمیش بەرز و نزم دەکەن، بەو شێوە گشتییە لەگەڵییدا نیم، نازانم پێوەریی بەرزو نزمیی چییە، لە سەرەتای راپەریندا هەموو ئیسلامییەکان نەگەیشتنە لە6 ٪ بەلأم ئێستا زۆر زیاترن لەو رێژەیە، ڕاستە ئاستیی ئەوان ناگونجێت لەگەڵ هەوڵ و خەباتی ئەندامەکانیان، بزوتنەوەی ئیسلامیی یا یەکبوونی ئیسلامیی توشیی لێکترازان بوو، دواتر کۆمەڵ بە بارێکی زۆر نالەباردا تێپەڕیی بەلأم پاشان خۆی گرتەوەو بەرەو پێشچوو، یەکگرتوو زۆر ململانێی قورس و کۆسپیی گەورەی بڕیی و کۆڵیی نەدا،

بزوتنەوەش لە پێش ئەزمونێكدایە هیوادارم بەسەركەوتویی بیبڕێ و هەڵبژاردنیی 3/7 بۆ ئەوان ئاماژەیەكی تارادەیەك ئیجابیی بوو، هەرچەند ئەو ژمارەیەی بەدەستیان هێنا جێگەی قسە لەسەركردنە...كەمیی دەنگی ئیسلامییەكان بەشێكیی پەیوەندیی هەبوو بەو ململانێ ناشارستانیی ونا دیموكراسییەی لە كوردستاندا هەبووە، بەشێكیشیی لاوازیی خۆیانە لە خوێندنەوەی واقع وتەوزیف كردنی بە شێوەیەكی ئیجابیی كە لە خزمەت خەڵكی كوردستان وداخوازییەكانیی خەڵكدا بێت كە دواجار ئەوانیش پێی گەورە دەبوون، دەنگ نەدانی خەڵكی كوردستان بە ئیسلامیەكان هی عەلمانی بون و باوەڕ نەبونیان نییە بە ئیسلام و دەنگ دانیشیان بە حیزبە عەلمانییەكان لە بێباوەڕییەوە نییە هەرچەندە كۆمەڵگە هەموو جۆرێكیی تێدایە...

مێژووی درێژیی حیزبەكانیتر و دواتربونە حیزبیی دەسەلأت، گەورەترین ڕۆڵیی هەبووە لەوەی ئەو دەسەلأتە بۆ قازانجی خۆیان وزەرەریی ئەوانیتر كە سەرەكیترینیان ئیسلامییەكان بووە بقۆزنەوە و بەكاری بهێنن، وورووداوی جەنگە ناوخۆییەكانی نێوان ئیسلامی وعەلمانییش بەشوێنەوارەكانییەوە بەشیی خۆیی كاریگەریی خراپیی هەبووە لە سەر رەوتیی ئیسلامیی، ئەكرێ ئەزمونی خراپیی دەرەكیی وپڕوپاگەندەی ناوخۆییش ڕۆڵیی خراپیی هەبوبێ كە ماوەیەكی زۆر مۆدیلیی بوو، ئەزمونی لیستە ئیسلامییەكانی عەرەبی شیعە لە باشوور و پارتی دادو گەشەپێدانی توركیا جیاوازە لە ئیسلامییەكانی كوردستان لە ڕووی ژینگەی سیاسی وهۆشیاریی جەماوەری ومێژوویی سەرهەڵدانەوە و هاوكاری دەرەكی وپێگەی جەماوەریی و جۆری جەماوەرەوە، كە هەموو ئەمانە گفتوگۆو قسەی زۆر هەڵ دەگرن، ئیسلامییە شیعییەكان هۆكاریی مەزهەبیی وپشتگیری دەرەكیی ڕۆڵیی زۆریی هەبووە لە گەشەكردنیاندا، ژینگەی سیاسیی و باریی دیموكراسیی ودەستووری وهۆشیاریی جەماوەریی لە توركیادا تەواو جیاوازە لێرە، سەرەرای ئەوەی پێكهاتەی ئەوان لە روو سیاسییەوە وەكو حیزبێكی سیاسی تەواو جیاوازە لە هی سیاسییەكانی كوردستان...سەرەڕای ئەوەی كاریی ئیسلامییەكانی

کوردستان تەنها بانگەشەی سیاسی نەبووە و ئەرکی تریشیان لە ئەستۆبووە کە لە تورکیادا جەماعەتیی نوورو هەندێ کەسایەتیی تر ئەنجامیی دەدەن...

13–پێتانوانیە لەبەرئەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان نەیانتوانیوە خۆیان نوێ بکەنەوە، ناشتوانن ببنە نموونەیەکی جوانتر بۆ دەوروبەر؟!، بۆ نموونە: سەرکردەکانیان هەر بۆ یەك جار دادەنرێن و ناتوانن بیانگۆڕن، لە کۆنگرەکانیاندا تەنها گۆرانکاریی تەقلیدیی دەکرێت و ناتوانن دەست بۆ پرسە گرنگە بەرن.

باری زاڵ لە نێوحاڵەتیی ئیسلامیی کوردستاندا تونای گۆران بووە، هەنگاوە بەرەو نوێبونەوە، بەڵام ئایا لە ئاستی خواست وچاوەروانییەکاندایە؟ نەخێر؟ بزوتنەوەی ئیسلامیی دەیتوانی ئێستا یەکێك بێت لە هێزەگەورەکانیی کوردستان ئەگەر لە سەرەتاوە بەنەخشەو پرۆژەی بەهێزەوە کاریی بکردایەو سەرکردایەتییەکیی تۆکمەتری هەبوایەو خۆی لە هەندێ هەڵوێست بپاراستایە، یەکگرتوو بەهێزتر دەبوو لە ئێستە ئەگەر نەخشەیەکی دارایی سەرکەوتوی هەبوایە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی زۆرو پرۆژە جۆراوجۆرەکانی...وا نازانم هەموو گرفتەکان لە گۆرینی سەرکردەی یەکەمدا بێت، ئەو هەنگاوە کارێکی باشە و نزیکە ئیسلامییەکان پێیی هەستن ئیتر لەم کۆنگرەدا بێت یاخود لەویتر، گۆرینی سەرکردایەتییش چەندجار هاتووەتە ئاراوە، لە کۆنگرەی پێشووی یەکگرتوودا چەندین ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان نە پاڵاوت یا دەرنەچونەوە، لە چێگەی ئەوان کەسانیترو لاوو گەنج هەڵبژێرران، بەڵام هاوکێشەکان گۆرانێکی یەکجار گەورەیان بەسەردا نەهات، من وادەزانم چەندین هۆکار هەیە کە حیزب بە تایبەت حیزبی ئیسلامیی لە قەیراندا بهێڵێتەوە، لەوانە لاوازیی باریی دارایی، بەتایبەت بۆ حیزبیی ئیسلامی کە ئەرکیی زیاترە لە حیزبیتر، چونکە ئەرکیتری هەیە، جگە لە ئەرکیی سیاسی، بانگەشە هەیە بۆ لەکۆڵخستنی ئەو ئەرکانەو دابەشکردنی بەسەر چەندین کەناڵی جۆراوجۆریتردا، بەڵام ئەو بانگەشانە هێشتا روون نیین، نازانیین چ بەشێك دەبێتە قوربانیی لەو ئەرکانەی کە دابەش دەکرێن...؟!

14– بەستنی كۆنگرەیەكی هاوبەش بۆ یەكخستنی هێزەكان بەزەروور دەزانن یان نا؟

هۆكار زۆرن بەلاَم رەخساندنی زەمینەی پێكەوە بون و پێكەوە كار كردن وبرایەتیی لە هەموویان گرنگترن، ئەوە گرنگە ئەو قەناعەتە دروست بێت كە كاركردن پێكەوە و هاوهەڵوێستی وهەما هەنگیی كرنگ وپێویستە بەلاَم بە راستیی ولەناخەوە نەك بۆ رازیی كردنیی جەماوەر، دەكرێت هەریەك لەو حیزبانە پێكەوە كۆنفرانس و نەدوە و مێزگردی هاوبەش بكەن لە ناو خۆو لە ئاستی كراوەتریشدا، دەكرێت كەسانێكی تری خەمخۆری ئەو بوارە با ئەندامییش نەبن ئەو جۆرە كۆبونەوانە برەخسێنن، تاوەكو لە ئاستتی بالاَدا بێت وپاشترییش لە ئۆرگانەكانیترياندا كاری لەسەربكرێت باشترە، باری فیكریی حیزبە ئیسلامییەكانی گۆرەپانیی كوردستان جیاوازییەكی وای نییە كە نەكرێت پێكەوە كاری هاوبەش بكەن یاخود لە هەلۆێستەكانیاندا یەك بن، ئەوەی جییایان دەكاتەوە هەندێ هەلۆێستیی سیاسی كاتی وتاكتیكیی و پێكهاتە ی رێكخستن وهەلۆێستی سروشت شەخسییەیە كە لێكترازانەكانی رابردوو بەرهەمیی هێناوە، گرنگە هەندێ لەو سەركردانە ئەمرۆ پێش لە سبەی واز لەو هەلۆێستانە بهێنن ولەبەر خوا واز لە رق وكینەو دلگرانییەكانی رابردوو بهێنن وبەرگی دین ولەبەرخواكردنی نەكەنە بەر...

15–پاش ئەو هەموو پرسیارانەی كە ئاراستەمان كردن، ئێستا بەڕای جەنابتان چ رێگاچارەیەك هەیە بۆ وەلاَمی ئەو پرسیارانەی كە عەرزتان كرا؟ تكایە زۆر بە روونیی بە پێی دەلیلی عەقلّیی و نەقلّی وەلاَمی ئەوە بدەنەوەو چارەسەرەكان بخەنەروو ؟؟

پێشنیاری زۆر هەن لەم ڕووەوە، بەلاَم دەمەوێ ئەوە بلّێم، ئیسلامییەكان چۆن دەتوانن زیاتر ببنە دەربڕی ویژدانیی خەلّكیی بەگشتیی، هەلّگریی خەمەكانیان، خەمخۆری گرفتەكانیان، قەتیس نەبن تەنها لە ئەندامەكانیی خۆیاندا، حیزب نەكەنە رێگر لەبەردەم تێكەلّ بون بە جەماوەر و سیاسەتیشیان بە دیهێنانی خواستەكانی شەریعەت و سارێژی برینەكانیی خەلّك و هیوای داهاتوویەكی باشتر بۆ ژیان وگوزەرانیان،

هەر کات حیزبە ئیسلامییەکان توانییان وەلاّم بۆ ئەم پرسیارانە ببیننەوەو کاری جیددی بۆ بکەن ئەوا ئەمڕۆیان لە سبەی باشتر دەبێت ودەبنە جێ ئومێدی جەماوەروو ئیسلامیی بونیی خۆیان بە واتا دروستە کەی دەسەلمێنن، فرە بونیش لە دۆخێکی تەندروست دا نابێتە ئەو دێوەزمەیەی بەردەوام بمانترسێنێ، خۆ ئەگەر فرەییش لە کاری ئیسلامییدا ئامانج دار نەبێت ونەتوانێ پاساوی شەرعیی و واقیعی بسەلمێنێت ...ئەوە دیادەیەکی نەخۆشییە و فەتحی یەگەن بە ئایدزی حەرەکی دەیچوێنێ!! .

# مێژووی عەلمانییەت لەکوردستاندا

# ژمارە 6ی گۆڤاری ڕێنوێن-2010

**پ1 / عەلمانیەت چۆن هاتە کوردستان ؟**

قسەکردن لە چۆنێتی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە کوردستاندا یاخود هاتنی بۆ کوردستان بابەتێکی دابڕاو نەبووە لەو بارودۆخەی وولاّتانی ئیسلامی و دەوروبەر پێیدا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە ژینگەی تایبەتی خۆی کە ئەوروپایە زۆر و زەوەندە ن و دیارترینیان ستەم وزۆرداریی‌ەکانی کەنیسە و دژایەتی زانست وزانیاریی بوە بەناوی ئایینەوە بە تایبەت لە ڕێگەی دادگاکانی تەفتیش وبریارە ستەمکاریی ونامرۆڤایەتیەکانییەوە، لە و لاشەوە بەهۆی لاوازیی جیهانی ئیسلامی بەتایبەت لە دوادواییەکانی دەسەلاّتی عوسمانیدا توانرا چەند ناوچەیەکی وولاّتانی ئیسلامی داگیر بکرێت لە لایەن ئەوروپیەکانەوە لەوانە داگیر کردنی میسرلە لایەن

ناپلیۆن(1798–1799م) کە122زانای لە بوارەجیاجیاکان لە گەڵ خۆی هێنابوو، ئەم هەڵمەتەش دەنگدانەوەی شۆرشی فەرەنسی بوو کە یەك لە ئامانجەکانی ئیسلاحی کەنیسە ودژایەتی کردنی بوو، ئەم داگیر کردنە عەسکەری–فیکریە ی عەلمانیەت کاریگەریی خۆی لەسەرنوخبەی میسری بە جیٚ هێلا، لە تورکیاش بلاوبونەوەی بیرۆکەی باشترێتی رەگەزیی تورکی کە لە لایەن نوسەرە ئەوروپییەکانەوە برەوی پیٚ دەدراو لە لایەن هەندیٚ لە تورکەکانەوە تەرجومە و پێشوازیی لیٚ دەکرا، سەرباریی دروست بونی چوندین کۆمەڵەو ریکخراوی وەك تورکیای لاو(ترکیا الفتاة) و ئیتیحادو تەرەقی و دواتر سەرکەوتنی موستە فاکەمال وهەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانیی لە3ی ئازاری 1924کە سەرەتا ی بەرەسمی راگەیاندنی عەلمانییەت بوو، هەروەها بارودۆخی وولاتی شام و سەرهەڵدانی فیکریی نەتەوەپەرستی بە تایبەت لە لایەن مەسیحییەکانەوە و رەنگدانەوەی لە سەر دەورویەر، دروست بونی ئەم بارودۆخانە لە هەریە کە لە میسرو تورکیا و ولاتی شام کە پێگەی بەهێزی جیهانی ئیسلامی بون و رۆشنبیرو سیاسەتمەدارەکانی زۆرێك لە وولاتانی ئیسلامی ئەو کات لە ژێرکاریگەری بەتایبەت ئەو دوو ولاتەدا (تورکیا ومیسر) دا بون و لە وێوە بیروبۆچونەکان پەخش دەبون، ئەمە سەرەڕای جەندین هۆکاریتر کە ئاسانکارو رێخۆشکەر بون بۆ گواستنەوی عەلمانیەت لە ناوچەکەدا لەوانە بلاو بونەوەی ستەم لە لایەن هەندیٚ لە کاربەدەستانی عوسمانیی وپاشەکشەی موسوڵمانان وپێشکەوتنی ئەوروپاو وەرگرتنی یاساو ریسا لێیان وناردنی نێردەی زانستی بۆ ئەوروپا بەمەبەستی وەرگرتنی زانست وپێشکەوتن وبونی نێردە موژدە دەرییەتەنسیریەکان وبونی چەنین قوتابخانەو دانشکاو زانکۆی بیانیی لە وولاتانی ئیسلامی بە مەنهەج وپرۆگرامی ئەوان، هەموو ئەمانە بەشدارییان کرد لە رەخساندن وهاتن و سەرهەڵدانی فیکریی عەلمانی لە وولاتانی ئیسلامیی لەوانە کوردستان، بیرمان نەچیٚ پشتگیریی کردنی نوخبەی عەلمانیی وغەرب زەدەکان لە لایەن ئیستعمارو داگیرکەرە ورۆژئاواییەکانەوە ئێستەشی لەگەڵدا بێت دەرفەتێکی لەباریان رەخساند بۆ سەقامگیریی و ئاسایی بونی فیکریی عەلمانی وعەلمانییەت لەم وولاتانەدا و

گەورەترین هۆكاربوون بۆ ئەوەی عەلمانیەت درێژە بەبونیی خۆی بدات وتەمەنی درێژ بكاتەوە، پاش جێپێ بونەوەی عەلمانییەت لە جیهانی ئیسلامی لەوانە وولاتانی دەوروبەرو دروستبوونی رێكخراو وحیزب وكەسایەتیی عەلمانیی مەشرەب لە بەرەنجامی ئەو هۆكارانەی ئاماژەی پێ درا، وە بەو پێیەی كوردستانیش بەشێك بووە لە و واقعە لێرەوە هەندێ لە نوخبەی كورد لە رێگەی بونە ئەندام لە توركیای لاوو ئیتیحاد و تەرەقی كە زۆرێك لە كەسایەتی كوردی خاوەن فیكرو سیاسەت بەشداربوون تێیدا لەوانە عبدالله جەودەت و ئیسحاق سكوت و چەندانی تر وهاوكاریی كردنی كەمالییەكان كە سەرەتا خۆیان بە دۆستی كورد پیشان دادە، ئەندامێتی كورد لە نێو ئەم رێكخراوانەدا بە جۆرێك لە جۆرەكان سەرەتایەك بوو بۆ هێنانە ناوەوە و رێ خۆشكردن بۆ بیری عەلمانییەتی رۆژئاوایی، خۆ ئەگەر تەواوی ئەوانە عەلمانیش نەبوبن(سەلماندنی ئەوە توێژینەوەی تایبەتیی دەوێت)، بەلأم بەپێی ئەو رێكخراوانەی كاریان لە گەڵیان كردوون دەردەكەوێت سەرسام بوون بەشۆرسی فەرەنسی كە رووی سیاسی عەلمانیەت بووە لە رۆژئاوادا، لە گەڵ ئەوەش دا نكولی لەوەش ناكرێ گواستنەوەی فیكریی عەلمانی بۆ كایەی كوردی بە شێكی لە رێگەی كاریگەری رۆشنبیرو ئەدیب وسیاسییە توركەكانەوە بووە لە م نێوەندەش ئەوانیش لە ژێركاریگەریی رۆژئاواییەكاند ا بوون، خەباتی نەتەوەیی گەلانیی ئەوكاتە لەوانە كوردیش بەشێكی لە ژێر كاریگەریی فیكریی نەتەوەییدا بووە و بە جۆرێك لە جۆرەكان شەپۆلی ناسیۆنالیستیش بە قوڕی عەلمانییەت شێلرابوو، ئەو پارتە سەرەتاییانەی كە دروست دەبوون خاڵی نە بون لە چەندین كەسایەتی كە عەلمانیی مەشرەب بون یاخود هەندێكیان بەتەواوی ئەو فیكرەیان وەرگرتبوو، بەلأم بە سەرنج دانێكی خێرا وادەردەكەوێ تا كۆتای سیەكانیش رەوتێكی عەلمانیی تەواو لە نێو كورددا نە خەملێیبوو، ئەوەی هەبوو چەند كەسایەتی و رێكخراوێكی كوردی بون ولە پێناوی سەربەخۆیی یا ماف نەتەوەیی گەلی كورددا خەباتیان دەكرد لە م ڕووەشەوە د لە ژێر كاریگەریی نەیاران ودژە عوسمانییەكاندا بون كە زیاتر پشتگیرییەكی

ئەوروپییانـــەیان هـــەبوو لەوانـــە بەشـــێك لـــە ئەنـــدامانی كۆمەڵـــەی ژ–ك(1942)و حدكا(1946)، پێشتریش كۆمەڵەی هیوا .

**پ2/ قۆناغە مێژووییەكانی عەلمانیەت لە كوردستان كامانەن ؟**

بە داخەوە ئێمە توێژینەوەی زۆر وردی وامان لەبەردەستدا نییـە كـە ئـەو قۆنـاغ بەندییانـەمان بـۆ دەسـت نیشـان كـا خـۆ ئەگـەر لێـردەدا بـە كـورتی بمـەوێ شـتێك لـەو بارەیەوە بڵێم ئە وا دەكرێ بەم شێوەیە ریز بەندی بكەم.

قۆناغی یەكەم : كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وهەرددوو دەیەیی سەدەی بیسـتەم: ئـەو كوردانـەی لەژێركاریگـەریی توركیـای لاوو كۆمەڵـەی ئیتیحادوتـەرەقی دا بـون (كـە هەندێكیان لە ئاستی دەستەی دامەزرێنەردا بون) یان ئەوانەی بە كەمالیسـتەكان خەڵـەتا بون، بەشێك لەمانە یەكەم چین ونوخبەی كوردین كە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لـە ژێـر بانگەشـەی عەلمانییـەتی رۆژئـاوایی وبـاڵیی سیاسـی عەلمانیـەت دا بـون كـە خـۆی لـە بنەماكانی شۆرشی فەرەنسی دا نمایش كردبوو، دەشـیان ویسـت بـۆ بـارو دۆخـی نـوێی دەوڵەتی ئەوسای عوسمانی سودی لێ ببینن، بـەڵام كاتێـك زانیـان هەڵخەڵـەتێنرابوون، دواتر خۆیان پێكهاتەی نوێیان دروسـتكرد كـە لـە چـەندین رێكخـراو و كۆمەڵـەو حیزبیـی كوردید ا خۆی دەبینییەوە، لەو كاتەش دا نوخبەی سیاسی وسەرەك هۆزەكانی كورد لو ژێر كاریگەری هە ریەك لـە بـاڵی كەمالیسـت و سـوڵتانی عوسمانیـدا بـون بـە واتایـەكیتر دابـەش ببـون بەسـەر ئەنقەرە(ئـەتاتورك) وئەستەمبوڵ(سـوڵتانی عوسمـانی)دا، بیرمـان نەچـێت لـە بیسـتەكانی سـەدەی بیسـتیش دا(1924) شـیوعیەتی رووسـی كـاری زۆری كرددوە بۆ بلاو كردنەوەی شیوعیەت لە نێو كوردەكانیی ئەرمینیا و سنوریی سۆڤیەت.

قۆتـاغی دووەم: قۆنـاغی كۆتـایی سـیەكان وسـەرەتای پەنجاكانـە: قۆنـاغی دەركەوتنی چەندین رێكخراوو كۆمەڵە وحیزبی كوردی كە زیـاتر فیكریـی عەلمانییـەت زاڵ بووە بەسەر یاندا، كە دواتر دواتـر لـە رێگـەی كەسایەتییە كۆمەڵایەتییـە دینییەكانـەوە بونە حیزبیی جـەماوەریی و كـاركردن لـە پێنـاو دیموكراسـی ومافـە نەتەوەییەكانـدا بـوە دروشـم وئامـانج نـەك عەلمانیـەت وەكـو فیكـرو ئایـدیۆلۆژیا، لەوانـە كۆمەڵـەی هیـوا و

کۆمەڵەی ژ–ك و کە دواتر بون بە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران وحیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش لە1946دروست بوو کە سەرجەمیی ئەمانە نوخبەیەکی دیاری عەلمانییان لە خۆ گرتبوو، دواتریش لەحیزبیی شیوعی عێراقیدا (کە لقی کوردستانیشی هەبوو)بە تەواوی عەلمانیی بون رەنگی دایەوە، چونکە ئەم نوخبەیەی کەلەگەڵ سەرکردەکانیی ئەم حیزبا بون نەك هەر عەلمانیی بوو بەڵکو عەلمانییەکی توند رەو بوون.

قۆناغی سێیەم: پەنجاو شەستەکانەوە کە تاوەکو کۆتایی دەیەی سەدەی بیست ویەکەمی خایاند و تا ئێستاش درێژەی هەیە بە ڵام لەم ماوە دوورو درێژەدا عەلمانیەت لە کوردستاندا (چونکە عەلمانیەتی کوردی خۆی باس وخواسیتر هەڵ دەگرێ)جەندین گۆرانکاریی و سیما و رووی نوێی لە خۆگرتووە و زیاتر لە فیکری مارکسی –لینینی دا خۆی بینیوەتەوە، هەرچەندە خاڵی نەبووە لە رەوتەکانیتریی مارکسییەت، هەریەك لە حیزبی شیوعی ویەکێتی نیشتمانی کوردستان (بە تایبەت کۆمەڵە)و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی وەکو حسك وزەحمەت کێشان وحیزبی کۆمۆنیست کرێکاریی و... لەو حیزبانە بون کە خۆیان بە عەلمانیی زانیوەو، زۆرجار لای بەشێکیان مارکسی بون لە سەرووی کوردایەتیشەوە بووە، بەڵام لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانەوە زیاتر حیزبیی کوردی هەنگاوی نا بەئاڕستەی حیزبی عەلمانیی لیبرالی بە حیزبی شیوعیشەوە؟!!

ئەم سیمایە زیاتر لە دوای ڕاپەڕینەوە بە دەرکەوت و زەق بویەوە، لە 2003یشەوە زیاتر تۆخ بووەتەوە و کاریگەریی سیستەمی نوێی جیهانی سەرەتای نەوەدەکان ویەکجەمسەریی ئەمریکی و هاتنی ئەمریکا لەم رووەوە زۆر رۆڵی بینیوە، وا دەزانم لە 2005بە دواوە خەریکە عەلمانیەتێکی تا ردەیەك میانەرەوتر لە رووی فیکرەوە لە ناو حیزبە عەلمانییەکاندا خەریکی خەملاّن ودروست بوونە، بونیی ئەم گۆرانکارییانەی ئەم دوواییەی ناو ی.ن.ك. زیاتر یارمەتیی ئەم رەوتە دەدات بە تایبەت

لە هەڵوێستی بەرامبەر بە ئایین و ماف وئازادی وديموكراسييەت...كە ئەكرێ ئەمە ببێتە قۆناغی چوارەمی عەلمانیەت لە كوردستاندا.

ئەم پۆلێن كردنەش زیاتر سەرنجێكی شەخسیی سەرپێییە و دەكرێت لەم ڕووەوە كاری جیدی وئەكادیمیی زڤیاتر ئەنجام بدرێت، یاخود لە روانگەو دیدی ترەوە قسەی لەسەر بكرێت، ئەوەشمان لە بیرنەچێ كە ئەوەی بەعەلمانییەتی كوردی خۆی ناساندووە تاوەكو ئێستەش گیرۆدەی چەندین دیاردەی ناعەلمانیی ودژە دیموكراسین بە پێوەرە رۆژئاواییەكان ونەیانتوانیوە تەجاوزنی زۆر كۆسپ و تەگەرە بكەن لە و رووەوە، زۆر جاریش لە سنوری بیری خێڵ وهەندێ حساباتی ناوچەیی دا خولاونەتەوەو بارو دۆخە كۆمەڵایەتیەكان كە بەشێكیان سلبیی بون كاریگەرییان بووە لە چۆنێتی هەڵسوكەوتیان بە ئێستاشەوە كە هەندێكیان لە دەسەڵاتیشدان!

### پ3/ رێبەرانی عەلمانیەت لە كوردستان ؟

دیارە ڕێبەرانی عەلمانیەت لە كوردستان لە كۆن ونوێ دا لە چەند گروپ و دەستە یان توێژی تایبەتدا هەبوون وهەن، زەقترینیان نوسەر و سیاسی وهونەرمەندەكان بوون، لە ریّیی ئەم سێ توێژەوە عەلمانییەت بونی خۆی بەرجەستە كردووە، توێژە سیاسییەكەش زیاتر توانیویەتی خەڵكی لە دەوری حیزب وپارتە عەلمانییەكان كۆ بكاتەوە نە لە بەرئەوەی عەلمانییەت وەكو فیكر جێ بایەخ و خواستی خەڵكی كوردستان بوبێ، بەڵكو بەهۆی ئەو داكۆكی و خەباتە سیاسییەوە بووە كە كە ئەو كەسانە لە مێژووی خۆیاندا پێیی هەستاوون، بەو هۆیەی كوردیش خاوەنی دۆزێكی ڕەوایە هەركەس بەش و پشكی لەو خەباتە دا زۆر بوبێ ئەوا جەماوەریشی زۆر بووە، خەڵكی زۆرینەی هەرە زۆری شوێنی بیرێك نەكەوتوون بە ناوی عەلمانیەتەوە بەڵكو شوێنی رەمزە كۆمەڵایەتی وئایینیەكانیان كەوتوون لە هەرسەنگەرێكدا كە بەسەنگەریی رەوای بەرگری كردن لە خۆیانیان بینیبێ.

كەمتر سیاسییەكان وەكو سونبولی عەلمانییەت(لە ئاستە فیكرییەكەدا) دەركەوتوون مەگەر هەندێ لەوانەی لە كۆمەڵەی ڕەنجدەران و حیزبیی شیوعی دا بوبن،

بەڵكو زیاتر سونبول و رەمز بوون لە بواری خەباتی سیاسی و نەتەوەییدا بە دەركەوتوە، ئەمەش وا مان لێ دەكات كەمتر ئاماژەیان پێ بكرێ، ئەوان لەبەر ئەوەی هەندێكیان سەركردە بوون لە ناو حیزبێكی سیاسی عەلمانیی رۆژهەلأتیدا بۆیە خۆیشیان دواجار برەو پێ دەری ئەم رەوتە بوون، بەلأم بانگەشە كردن بۆ عەلمانییەت زیاتر لە نێو نوسەران دا بە دەركەوتووە، ئەو ناوانەش لە هەشتاكانەوە زیاتر دیارن، وا دەزانم پێشتر زیاتر خوێندنەوەی كتێبە ماركسییەكان باوتر بووە وەك لە نوسین، لای هونەرمەندو ئەدیبەكانیش نوسینی چیرۆك و رۆمان و هەروەها لە دراماو شانۆو هونەری نواندن دا ئەو فیكرە(بە تایبەت بەدیوە ماركسییە چینایەتییەكەیدا ) زیاتر رەنگدانەوەی هەبووە لە دوای نەوەدەكانیشەوە چەندین نوسەر بەدەركەوتوون كە ویستویانە لە رێگەی وەلأم دانەوی ئیسلامییەكان وگوتاری ئەوانەوە زیاتر تەعبیر لە خۆیان بكەن، كە زۆرتریان مونافەسەو دەعمی حیزبی لە پشتیانەوە هەبووە وەك لە تەنزیر كردن بۆ عەلمانیەت بە شێوەیەكی جیددی، بەلأم خالێیش نییە لەو جۆرە نوسەرانە، كە نامەوێ لێرەدا ناویان هیچ یەك لەو نوسەرانە بهێنم، ئەوە بۆ دەرفەتێكیتر بەجێ دەهێلم. واش نازانم رێبەریی مەزنی عەلمانییەت لە كوردستاندا بونی هەبێت، ئەگەر شتێ هەبێت زیاتر لە برادەرانی رەهەندو هاوبیرەكانیاندا رەنگی داوەتەو لەگەلّ هەندێ كەسایەتیی تری كەم لە سەنتەرو ناوەندە توێژینەوەییەكاندا.

**پ4/ دابەشبونی بانگەشە كەرانی عەلمانیەت.**

گرنگە ئاماژە بدرێ بەوەی عەلمانییەكان سەرەرِای خالّی هاوبەشیان بەلأم دەكرێت پۆلێن بكرێن ولە چەند ئاستێكی جیاوازدا بیانخوێنینەوە، پێش ئەوەش گرنگە بزانین پارتە عەلمانییەكانی كوردستان لە شێوازی عەلمانییەتی رۆژهەلأتین و كەمتر توانیویانە لە واقعیی ئاینی وكۆمەلأیەتی خۆیان بگەن و عەلمانیەتیان زیاتر لە فۆرمە تەقلیدیەكەیدا وەرگرتووە، سەرەتای دەركەوتنی دیاریی پارتە عەلمانیەكانی كوردستان زیاتر عەلمانیەتێكی توند رەو بو ە لەو جۆرەی عەلمانیەت بووە كە بەعەلمانیەتی گشتگیر(العلمانیە الشاملە) دەناسرێت و بەهەموو توانایەكیەوە ویستویەتی(بەتایبەت لە

70–80کـان و لای زۆرینـەیان) ئـایین ورەهەنـدی غـەیبی لـە ژیـان دابرێـت، ودیـدێکی مادییانـەی بـۆ ژیـان هـەبووە و دژایـەتی تـەواوی ئـایینی کـردووە و بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانی کەمتر رەچاوی بەهایەکی مرۆیی وکۆمەڵایەتی وژیارییەکان دەکات ودەست دەخاتە نێو کاروباریی ژیانەوە، هەرچەندە عەلمانیەتی کورد ی لە ڕووی مەعریفییەوە لە و ئاستەدا نەبووە، بەڵام بە کوێرانە شوێن کەوتنی مارکسییەت هەڵەی گـەورەی مێـژووی پیێ کردووە.

عەلمانیـەکانی کورد(حیزبـەکان)، بـەها دیموکراسـییەکانی عەلمانییـەتی رۆژئاواییـان وەرنـەگرتبوو تـاوەکو ئێسـتەش خـوێنی دیکتاتۆرییـەت لـە شـادەمارياندا سووری ئاسای خۆی هەیە هەرچـەند پەسـتانی واقـع ناچـار بـە زۆر شـتی کـردوون بـەڵام لـەکاتی تەنگژەو ناکۆکییەکانـد جـارێکیتر گیـانی پاکتـاو کـردن وسـڕینەوەو لـەناوبردنی ئەویتری بەرامبەر دەژێتەوە...

بەشـێکی دیـاریی عەلمانییـەتی کـوردی بەنوسەرەکانیشـیەوە کـاتێ کـە دێنـە سـەرخوێندنەوەی ئـەوەی ئـەوان بـە ئیسـلامیی سیاسـی دەیناسـێنن تـەنها یـەك ئیجابییەتێکی تێدا نابینن؟!!

ئێ باشە هیچ عەقلێ ومەنتقێك ئەوە دەسـەلمێنێ کـە ئیسـلامییەکان بـە تـەواویی رەوت و باڵـە جیاوازەکانییـەوە، تەنانـەت رەوت وبزاڤـە میانـە رەوەکانیشـیان تاکـە ئیجابیـەتێك لـە خـۆ نـەگرێت، داتاشـینی وێنـەی ناشـیرین ورەش ببـوە بـاو و بـاوە لای هەندێ لەو نوسەرانە!!

لای ئـەوان ئیسـلامیەکان کـە بـەرەی دژە عـەلمانیین، تـەنها و تـەنها شـەڕیی رووتن؟!! ئەمە ئەگەر توند رەویی فیکریی نەبێت چییە؟!!نوسینەکانی شـوان ئەحمـەد ورامیار مەحمود و فۆاد مەجید میسری وسەرۆ قادر و هەندێ کەسیی سیاسـیی وحیزبیـی تر نمونەی ئەم رەوتەن و زیاتر دەچنە ئەم بۆتەیەوە وئەم ڕێبازە زیاتر زاڵە بە سەریاندا، لەو لاشەوە کەسانێکیتر هەن لە نێو رەوتـی عەلمانیـدا کـە کەسـانێکی جیـددین و لەگـەڵ جیاوازی فیکرشماندا دەبێ بڵێم خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەوان جۆرێك لە بـە ویـژدانی

و حساب كردن بۆ بەرامبەری تێدایه با نەیاریی فیكری ئەوانیش بن، بۆچونەكانیی ئـەوان سەرەرای جیاوازی فیكری وبیروبۆچونمان ناچار بەوەمان دەكات دان به جیـدیی بونیـان دا بنێین، نمونەی ئەمانەش رێبین هەردی ومەریوان وریا و قانع و سـتران عەبدلاَّ(كـه لـه هەندیَ كۆریدا لەو باسه دواوه) وهتد...

لـەو لاشـەوه عەلمانیـەتی گشـتگیرو تونـدرەو لـه رووی فیكرییـەوه لەسـەرەتای نەوەدەكاندا له كۆمۆنیستی كرێكاریی وباڵەكانیدا خۆی نمایش دەكرد، سەرەرای هەنـدیَ نوسەرییتر كه ئێمه بەنوسەریی جیددی ناو زەدی دەكەین.

وا دەزانم ئێسـتا رەوتێكـیتر لـه ئارادایـه بـه ئاراسـتەیەكی میانـه رەوتـر هـەنگاو هەڵدەگرێت ئەمەش دوو بەشه یەكەمیان : ئـەو پارتـه عەلمانیانـەن كـه دەیانـەویَ ئـایین وهەستی ئاییني بۆ خۆان وله بەرژەوەندی خۆیان ئاراسته بكەن، نـەك لەبـەر رێـزی دیـن وخۆش ویستنی بـەڵكو لـه بـەر دەنـگ وپشـتگیریی سیاسـی لـه گۆرەپانەكـەدا، كـه پـیَ دەچێت پارتەكانیی دەسەلاَت لەم رووەوه یاریكەرێكی بـاش بـن لـه ئێسـتادا، بەشـێك لـه ئۆپۆزسیۆنییش ئەم یارییه ئەنجام دەدات كه هیوادارم له قەناعەتێكی راستگۆیانەوه بێت بەرامبەر به خودی ئایین وبیروباوەریی خەڵك نەوەك تاكتیكێكی سیاسی رووت؟!!

هەندێكیشی له بەرەنجامی موتوربەی ئیسـلامی–عـەلمانیی هەنـدیَ نوسـەره كـه سەرەنجامەكەی قورس كردنی لایەنی عەلمانییه وەك لـەوەی بـه دیـوی ئیسـلامیی بونـدا بكەویَ بەلاَم دەیەویَ رێزێكی زیاتر و رۆڵێكی باش و فراوانتر به ئیسلام بدات؟!

ئەوەی ئەمرۆ بـه ئاشـكرا لای عەلملنیـەكان لـه ئاسـته سیاسییەكەیدا ولـەناو حیزبەكانیــدا بـــه دەردەكـــەویَ زیـــاتر عەلمانییـــەتكی جوزئییـــه كـــه زیـــاتر كـــار لـــه ســـەرجیاكردنەوەی ئـــایین لـــه كایـــەی سیاســـی دەكاتـــەوه، بـــەلاَم هەنـــدیَ رەفتـــارو هەڵوێستیشیان ئەو قەناعەتەمان بـۆ دروسـت دەكـات كـه كرۆكـی ئەمانـه عەلمانیـەتێكی گشـتگیره نـەك جـوزئی بـەلاَم نوسـەرو رۆشـنبیره عەلمانییـەكانی كوردسـتان زیـاتر عەلمانیەتی گشتگیرو توندرەو له رووی فیكریەوه زاڵه بەسەریاندا...

**پ5/ ئەزمونی عەلمانیەت لە کوردستان (سەلبی و ئیجابی)**

لـە ڕووی مێژووییـەوە کـورد وەکـو نەتـەوە ئـەزمونێکی تـاڵی هەیـە لەگـەڵ عەلمانییـەت دا، هـەر لـە دابەشـکردنی کوردسـتان لـە لایـەن دەوڵەتـە عەلمانییـە ئیمپریالیزمەکانەوە بیگرە تاوەکو عەلمانیەتی تۆرانی ئـەتاتورك کـە پـەیمانی سیڤەری هەڵوەشاند ولۆزانی لە جێی دانا و زمان و فەرهـەنگی کـوردی ئیلغـا و قەدەغـە کـرد و تـا دەگاتە عەلمانیەتی بەعسی لە عێراق وسوریە و عەلمانیەتی شا لـە ئێـران و عەلمانییـەتی شیوعی وسۆڤیەتی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە بونیی کوردی نزیك بە نەمان و پاکتـاو کردن کرد؟!!

لە سەر ئاستی ناوخۆی ئـەزمونی تـاڵیی براکـوژیی و چـونە سـەنگەریی دوژمنـان زۆر روون و ئاشـکرایە، لـە سەرئاسـتیی بیروبـاوەر وبـەها ئـاییني وئەخلاقییـەکان عەلمانییەکان ڕۆڵێیکی یەکجار زۆرە سەلبیان گێراوە بـە تایبـەت لـە راگەیاندنەکانیانـدا، ئاراستەی باوو زاڵیی ئەوان لە راگەیاندندا سرینەوەی کـوردە وەکـو نەتەوەیـەکی خـاوەن شوناسی تایبـەت لـە زۆر رووەوە کـە ئێـرە جێـی باسـکردنی نیـە، گەنـدەڵی مـۆرکێکی دیاریی حوکمرانی ئەوان بووە، خاڵە ئیجابییەکانیشیان لە کۆڵ نەدان بووە لـە خـەباتیی نەتەوەی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان وجۆشدانی خەڵك لەو پێناوەدا، کە دواتر چەندین دەستکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد بـەدی هـات، هەرچـەندە زۆرجـار بـەهۆی خـراپ ئیـدارە دانەوە زیانی زۆر گەورە کراوە... ئەمانەش قسەی زۆر هەڵ دەگرن وفـرە رەهەنـدن، لـە ئێستاش دا نەوەیەکی ژیرو ماف خوازو دیموکراسی ویست لە نێو رۆشنبیروورۆژنامە نوس و نوسەرە عەلمانییەکاند پێ گەیشتووە و لە واقعی کوردستاندا جێ دەستیان دیارە.

**پ6/ کاریگەری شالأوی فیکری و کرداری عەلمانیەت لە کوردستان** .

بێگومان شالأوی فیکری و کرداری عەلمانیەت لە کوردسـتان دا کاریگـەریی زۆری بووە، چونکە هاوکار بوون بۆ راپەراندنی ئەو رەوتە جیهانییەی کار لەسەر لاوازکردنیـی بەها ئەخلاقییەکان دەکات... وەکـو ئاماژەشمانـدا راگەیانـدن وکەناڵـە ئاسمانییـەکانیان نمونەیەکی بەرچاون لەم رووەوە، هەروەها عەلمانیـەتی دەسـەڵاتدار لـە کوردسـتاندا بـۆ

نمونە لە پرۆسەیەکی وەکو تەبشیردا بێ دەنگە یا مرونەتی زۆرباسی نواندووە، ئەمە ئەگەر نەوترێت پشتگیرو هاوکارە، چونکە زۆر ئاماژە هەن دەری دەخەن کە عەلمانیەکانی کوردستان لە ریْفەی دەسەلاّت وحیزب وکەسایەتیەکانیانەوە خزمەتێکی گەورە بەپرۆسەی تەبشیر دەکەن وداکۆکی کەرێکی سەرسەختیشن لەو روەوە بەلاّم بەدواداچون و ساغ کردنەوەی ئەم بۆچونە زیاتر لەم ئاماژەیە دەخوازیت... لە کاتێکدا ئەو بە رەنجامە بەرەنجامی پرۆسەیەکی عەقلیی حیواریی نەبووە لە کوردستاندا بەڵکو زیاتر قۆستنەوەی نەداری و کەم دەرامەتی و کارەساتەکانی کوردستانە... لە رووی فیکرییەوە عەلمانییەکانی کوردستان توانیویانە کاریگەریی خۆیان لە گۆرەپانی رۆشنبیری کوردستاندا بە جیّ بهێڵن کە بەشێکی بە پاڵپشتی و لە رێی دە زگا زەبەلاحە حیزبیە– حکومیەکانەوە ئەنجام دراوە؟!!

### پ7/پەیوەندی عەلمانیەتی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا.

لە پرسیارەکەدا دیار نییە مەبەست لە و پەیوەندییە چییە؟ لە چ روویەکەوە؟ لە چ بوارو ئاستێکدا؟ بەشێوەیەکی گشتی بە هۆی کرانەوەی زیاتر و ئاسان بونی رایەڵەکانی پەیوەندییەوە هەموو بۆچونەکان دابراو نین لە یەك ، ئەو پەیوەندییانە لە چەندین ئاست ولە چەندین رووەوە درێژەیان هەیە، فیکری و رۆشنبیری و سیاسی و موخابەراتی و...هتد

### پ8/ پەیامت بۆ عەلمانی و ئیسلامی لە کوردستان

لێرەدا بەو پێیەی پرسیارەکانی بەرێزتان زیاتر لە چوارچێوەی عەلمانییەکاندا بوو، قسە کردنیشم لە سنوری پرسیارەکانی ئێوەدا یە ئەگین شتی تر زۆرن بۆ وتن و وەدەکرێ لە دەرفەتی تردا بکرێن...هەر رووەشەوە پێم خۆشە زیاتر روو لەوان(عەلمانییەکان) بکەم، گفتوگۆم لە گەڵ ئیسلامییەکان بۆ دەرفەتێکیتر بەجێ دەهێڵم و بڕواشم وانییە ئیسلامییەکان بێ پەڵەو هەڵە بن، یاخود رەوتی عەلمانی هیچ ئیجابییات و خاڵی ئەرێنیەکی نەبێ.

زۆر گرنگە عەلمانیەکانی کوردستان کۆپی هیچ عەلمانیەتێك نەبن بەڵکو سودمەند بن لەو خاڵە ئیجابییانەی لە عەلمانییەتی رۆژئاواییدا بەدی دەکرێن و ودەرژێنە خانەی مافەکانی مرۆڤ و هەستی عەدالەت خوازی و یەکسانی و خێر خوازیی و دابن کردنی خزمەت گوزاریی و رەفاهییەت بۆ هاووڵاتیان بە دەر لە بۆچون ودیدە جیاوازەکان، چونکە دواجار ئەم خالانە لە گەڵ عەدالەت و ماف و بەرپرسیارێتی و هەستیی راوێژ خوازیی و بەها جۆراو جۆرەکانی ئیسلام دا یەك دەگرنەوەو هاوکار دەبن لە خزمەتی هاووڵاتیاندا، بەمەش وەکو کورد وهاووڵاتی کورد لە دوو لاوە سودمەند دەبین، لەو لاشەوە دەکرێ بە شێوەیەکی سەلبیی سوود لە عەلمانییەتێکی دکتاتۆری و ستەمکار وەربگیرێ کە تاوەکو ئێستە ش نەك لە رۆژهەلات دا لە نێو هەندێ دام و دەزگای تایبەتی رۆژئاواییشدا بونی ماوە، ئەو دڕندەیەتییەی لە هەندێ ووڵاتدا بەرامبەر مرۆڤ دەکرێ لە لایەن هەندێ سوپا ودەزگای تایبەتەوە هی رژێم و ولاتە عەلمانییەکانن کە بانگەشە وپیادەی دیموکراسییەت دەکەن ! !

دەخوازم عەلمانییەتی کوردی بەتایبەت حیزبەکان ودواتریش رۆشنبیران لێبوردەیی و ماف و ئازادیەکا ن و روونی و شەفافییەت لەوانەوە فێربێت و بکرێتە رۆشتبیریی باوو زاڵ ....

لە رووی بیرو باوەر وبەهاکانیشەوە کە پێکهێنەریی لایەنی کۆمەلایەتی وئایینی و رۆشتبیری ئێمەن، گرنگە خۆمان بە کەم نەزانین، بەشە خراپ و نەخوازراوەکانی نێو پێکهاتەی کۆمەلایەتی و رۆشنبیریمان پاڵفتەکردنی دەوێت بەلام نەك جینۆساید کردنی، چونکە خالێی زۆر بەهێزی تێدایە کە کەڵەکەبووی سەدان ساڵەو وا بە سانایی بە دەست نەکەوتووە ناشکرێ بە هەرزان لە دەستی خۆمانی دەرکەین، هەر گەلێك بە تایبەتمەندی خۆیەوە هەیە و دەناسرێت و دەکرێ شانازی بکات، بەلام کاتێ لە رووی رۆشنبیری وکۆمەلایەتیەوە بویت بەویتر ئەوە تۆ نیت هەیت، بەڵکو بویت بە ئەویتر، کە ئەمەش پرۆسەی تواندنەوەیە نەك بەهرەدار بوون، بۆیە عەلمانییەکانی کوردستان دەبێ لەم خاڵەشدا هەستیار بن، ئەوان نایانەوێ ببن بە ئیسلامی بەلام گرنگە بزانن شارستانییەت

ئیسلامی بونێكی زۆر گەورەیی مێژوویی رابردو و هەنوكەیە و قورساییەكی گەورەشی لە نێو ئێمەی كورددا بە دیوە ئیجابییەكەیدا هەیە وناكرێ نا دیدە بكرێ، وە دەتوانرێ بە شێوەیەكی زۆر ئەرێنەیی لە قازانج وسودی مانەوەو بونی گەلی كورددا سودی لێ ببینرێت، دیار شتی تر زۆرە بۆ ووتن بەلاَم لە م دەرفەتەدا ئەوەندە بەسە بۆ وتن.

# ئیسلام وكۆمەڵگە ئاویزان بون یان لێكترازان
## خوێندنەوەیەكی خێرای سێ ستونەكەی مەریوان وریا قانع
## فاتح سەنگاوی

( ئیسلامیەكان وشەریعەت ویاسا) و(ترس لەعەلمانیەت )و(دیسانەوە عەلمانیەت ودین ) سێ بابەتی ستونی (ئەو دیوی شتەكان) ی نوسەرو ڕوناكبیر مەریوان وریا قانعە و لەهەفتەنامەی ئاوێنە ولە ژمارەی (24، 26، 27) بلاْوكراوەتەوە، بۆ نەی نوسینەكانیش نوسینەوەی دەستوری داهاتووی هەرێمی كوردستانە كەتیایدا ئیسلامیەكان پێ دادەگرن لەسەرئەوەی (شەریعەت سەرچاوەی سەرەكی یاسادانان بێت و ئایین قورسایی ورۆڵێكی گرنگی هەبێت وهیچ یاسایەك دەرنەچێت ناكۆك بێت بەحوكمە نەگۆڕەكانی ئیسلام..)

دیارە نوسەر لەم ڕووەوە بیروڕایەكی تری هەیەو دژە بەم خواستەی ئیسلامیەكان و بە داخوازیەكی ناڕەواو دوور لە لۆژیكی زانستی و ڕۆحی سەردەمی دادەنێت، بڕوای وایە ئەم داوایە گەڕانەوەیە بۆ دواوەو لە پەنای ئەم داخوازییەدا ئارەزوی دەسەلاْت خوازانەو مەبەستی نا ئایینی خۆی حەشارداوە، هەرچۆنێك بێت ئەوە بۆچونەو هەركەسەش ئازادە لە دەربڕینی بیروبۆچونەكانیدا، هەرلەبەر ئەمەش لەبەرامبەردا ئیسلامیەكان ئازادن و مافی خۆیانە ئەو داخوازی و خواستەیان هەبێت و داكۆكی لێ بكەن، بەتایبەت پاش ئەوەی گەلی كوردستان ئەو بڕگانەی پەسەندكردو دەنگی بۆدا لە دەستوری نوێی عێراقدا و بونی ئەو بڕگانە ئەوەندە مەترسیدار نەبوو ببێتە هۆی ئەوەی نەخێری بۆبكا. لێرەوە ئیسلامیەكان تەئكید لەسەر داخوازییەك

دەکەنەوە پێشتر گەلی کوردستان بەڵێی بۆ کردوەو لەدەستوری عێراقدا سەلماندویەتی ...دەزانم دەسەڵات و حیزبە کوردیەکان ڕۆڵی یەکلایی کەرەوەیان هەیە لە بەڵێ و نەخێرکردنەکاندا بەڵام وا نازانم لەمەسەلەیەکی وادا ئەگەر خەڵکی لە 100٪ سەرپشك کرێن نەخێر بۆ ئەو خاڵانە بکا.

لە لایکی ترەوە ئەم داوایە داوایەکی ڕەوایە، بەو پێیەی زیاد لە 90٪ ی هاوڵاتیانی کوردستان موسڵمانن و ئیسلامیش وەکو ئاینێکی ئاسمانی بەسروشتی خۆی دینێك نی یە تەنها لە باری کەسێتی و پەیوەندی فەردیانەی نێوان بەندەو خوادا کورت هەڵبێ و قسەیەکی نەبێت بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیان، بەڵکو ئیسلام وەکو ئاینێك پانتایی فراوانتر لەخۆ دەگرێ و قسەی تایبەتی پێیە سەبارەت بە هێڵە گشتیەکانی ژیانی مرۆڤ لەڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە، بەشداری و ئاراستەکردنی ئەم بوارانەش سیمایەکی دیندارانەو ئەرك ئامێز لەخۆ دەگرێ و کەمتەرخەمیش تێیاندا بەکەم و کورتی دادەنرێت، ئەمەش واتای کوشتنی زیندەگی و وەستاندنی ژیان و گەرانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو نی یە بەرەودواوە ... بەواتایەکی تر ئیسلام وەکو دین و ئیسلامیەکانیش وەکو ئالا هەلگران و خەمخۆرانی پەیامی ئیسلامەتی خوازیاری ڕەنگدانەوەی دینن لەژینداو بەهاکانن لە کۆمەڵگەدا بێ ئەوەی ڕەوتی گەشەسەندن دوابخەن وە یاخود ماف و ئازادییەکان پێشێل بکەن، هەڵبەت باسکردنمان لەو ئیسلامیانەیە کە میانە ڕەوانە لە گەڵ ئیسلام و دەقەکانیدا هەڵس وکەوت دەکەن.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەوقسەیەی کاك مەریوان کەدەڵێ یەکێك لەپرۆژەی ئیسلامیەکان (پرۆژەی بەئیسلامکردنی سەرجەمی ژیانی سیاسی وکۆمەلایەتی وفەرهەنگی کوردستانە) لەڕویەکەوە هەڵگری ئەندازەیەك لەڕاستی وبەدیوێکی تردا جێ ی ڕەخنەو قسەلەسەر کردنە، کەئیسلامیەکان دەیانەوێ بەهاوئاراستەو ڕێنمایەکانی ئیسلام لەژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرنگی کوردستاندا ڕەنگ بداتەوە ئەوە ڕاستی یەکی حاشاهەڵنەگرەوئیسلامیەکان خوازیاری ئەمەن وکارێکی سەرەکی وستراتیژی ئەوان بریتی یەلەمە، بەڵام ئایا ئەم خواستەی ئیسلامیەکان چیتر دەگەیەنێ وچ جیاوازییەکی هەیە

لەگەڵ ئەو شێوە دەڕبڕینەی برای نوسەر بەکاری هێناوە ؟ئایا ڕەنگدانـەوەی دیـن لـەژین دا واتای ئەوەیە ئەم بوارانە بـەدەق مـێن ڕێـژکرێن وکـەس بـۆی نـەبێت ورتـەی لێوەبێـت وعەقڵ وژیری مرۆڤ کلۆم دریَ لەئاست ئەم بوارە حەیاتیانەندا؟!

بێگومان نەخێر .چونکە ئیسلام بۆ ئەم بوارانە تەنها هێڵ وڕێنمایی گشـتی هەیـە وپاش ئەوە سـەرلەبەری بـۆ ئیجتهـاد وژیـری مـرۆڤ بـەجێهێڵراوە، هـەر بۆنمونـە لـەبواری سیاسـیدا وهەربـەو ئیسـلامیەی کـاك مـەریوان دەترسـێ بکرێتـە سەرچـاوەی سـەرەکی یاسـادانان، زۆرینـەی هـەرەزۆری ئەوئیسـلامیانەی لـەواقع دا فیکـرو جـەماوەریان هەیـە بڕوایان وایە کەدەبێت کەخەڵکی خۆی کاربەدەست وفەرمان ڕەواکانی خـۆی هەڵبـژێرێ و توانای ئەوەی پیَ ببەخشریَ لێپرسینەوەیان لەگەڵ دا بکاو لایان بەریَ و مەرجیان لەسەر دانـێ وچـاودێری کاروبارەکانیـان بکـا و لـەکاتی پێویسـتیش بەشـێوازی جۆراوجـۆر ڕووبەڕویان ببێتەوە، وەمرۆڤ ئازادە لەبیرو ڕاو ڕادەربڕین داو سەربەستە لەوەی ئینتما بۆ چ کۆمەڵ وئاراستەیەکی فیکری وسیاسی دەکات، وەدەبێـت مافـەکانی مـرۆڤ پـارێزراوبن وئازادیـە گشـتی یـەکان دەسـتەبەربن وهاولاَتیـان لەبـەردەم دادگـاو قـەزادا یەکسـان بـن وهەرکەسـەش بـەو شـەریعەتەی بـڕاوی پێیـەتی کاروبـاری خـۆی ببـات بـەڕێوە وفـەرمان ڕەوایـی بکـریَ ودادگـەری لـەژیانی مرۆڤـدا پیـادەبکریَ چـونکە فـەرمانی خواییـە(إن الله يأمربالعدل والاحسان)چونکە دادگەری پایـەوڕاگری دەسـەلاَت ودەوڵەتـە تەنانـەت ئەگـەر موسڵمانیش نەبن وەکو خوای گەورە دەفەرمویَ:(وماكان ربـك ليهلـك القـرى بظلـم وأهلـها مصلحون) واتە خـوای گـەورە تـەنها بـەهۆی هاوبـەش پەیداکردنـەوە خـەڵکی لـەناونابات ئەگەر هات ومافی یەکتری نەخۆن وچاکەکاری ئەنجام بدەن، لەم بارەیـەوە (ابـن تيميـە) دەڵـیَ: خـوای گـەورە دەوڵـەتی دادگەرودادویسـت پایـەدار دەکـا هەرچـەندە کـافروبیَ بـاوەڕیش بێـت، وە دەوڵـەتی سـتەمکارو زۆر دار سـوك و ڕیسـوا دەکـا بادینـدارو موسڵمانیش بێت...هەموو ئەمانەش کەئیسلامیەکان باوەڕیان پێیەتی بەڵگەو سەلماندیان هەیە بۆی، لەبوارەکانی تـری ژیـانی کۆمەلاَیـەتی و فەرهـەنگی و..هتـد یـش تێـز و بـیرو بۆچونی بەهێزو مرۆڤ دۆستانە پشـت ئەسـتور بەبەڵگـەکانی قورئـان وسـونەت لـەئارادان،

ڕاستگۆیی لەگەڵ ئەم ئید یعاو دروشمانە باسێکی ترەو لێرەدا مەودای ئاوڕلێ دانەوەیمان نی یەو باسەکەش بۆ ئەوە تەرخان نی یە.

بەڵام هەموو ئەمانە ئەو ڕاستیەمان لەبیر ناباتەوە کە زۆرترین جومگە وکەناڵە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابورییەکان لەو بوارەدا کە لەئسوڵی فیقهی ئیسلامیدا پێ ی دەوترێ بواری (ئیجتهاد) وله زەمینە بوراوەکان(المعفوعنە) و گۆڕاوەکاندا، ئەم بوارانەش بۆ ژیری مرۆڤ بەجێ هێڵراوە لەگەڵ ڕەچاوەکردنی چەند بنەماو مەرجێك دا کەگرنگترینیان بەرژەوەندی مرۆڤەکانە، برگە ومادەی دەستور ویاساکانیش بەشێکی هەرە زۆری لەم مەیدانی ئیجتهاد و گۆڕاوانە دایە، ئەمەش بەشێکی زۆری لەمەترسیەکانی کاك مەریوان وهاوبیرانی دەڕەوێنێتەوە ! بەدیهاتنی چەندین زاراوەی وەکو (القیاس) و (المصالح المرسلة) و(الاسصحاب) و(الاستحسان) و(سدالذرائع) و(العرف) لەم ڕووە وە دانراون وەکو سەرچاوەی تەشریع مامەڵە یان لەگەڵ کراوە بەو شێوازەی لە ئسوڵی فیقهی ئیسلامیدا هاتووە.

پرۆژەی دووەمی ئیسلامیەکان بەدیدی کاك مەریوان وریا قانع کردنی دینە بەتاقە موقەدەسی کۆمەڵگا.

دیارە لێرەدا من وکاك مەریوانیش ڕێکین لەسەر ئەوەی چەندین چەمك و زاراوە هەیە پێویستە پێناسە بکرێن و بناسرێن، هەر لەڕوانگە پێناسەکانیانەوە بیروڕایان لەبارەوە دەخرێتە ڕوو، لەوانەش کەلەباسەکەی ئەودا پێویستمان پێیەتی (دین و ئیسلام وعەلمانیەت و موقەدەسە)کاك مەریوان لەسەر عەلمانیەت تاڕادەیەك ڕۆچوە وئەم چەمکەی شی کردوەتەوە و ئەویتری دەرەنجامە وەك لەوەی ناساندن بێت بابەدیدی خۆیشی باسی لەهەندێ وەزیفەکانیشی کردبێ ٬جا لەبەر ئەوەی برای نوسەر چەمك و زاراوەی (موقەدەس) ی شیتەڵ نەکردوە لەبەر ئەوەی قسەکردنی ئێمەش سنوردارو کەم کورتە..

سەرەتا دەپرسین ئەوەی دین بەدیدی ئەو تاقە موقەدەسی کۆمەڵگایە لای ئیسلامیەکان چی دەگەیەنێ ؟ وچەندە ڕۆڵی هەیە لە کۆمەڵگادا و پێگەکەی لەچ ئاستێکدایە ؟

لەستونی یەکەمی دا ڕۆڵی سەرەکی دین لە( ڕێکخستنی ژیانی تایبەت )دا دەبینێ و وەهاش تەفسیری دەکا کە (هەڵگری کۆمەڵێك ئەحکامە تەواو ناکۆك بەسەرەتا کانی مافی مرۆڤ و بەشێکی گەورەی ئەودەستکەوتانەی مرۆڤایەتی لەم چەند سەدەیەی ڕابردودا بەدەستی هێناوە).

کەئەم دیدە پەراویزە خستنێکی تەواوی ئاینە و یەکسانە بەتێڕوانینی ئەوعەلمانیەتەی کەکاك مەریوان بە(سادە دیدو سادەگۆ) ناویان دەبات و تێڕوانینی عەلمانیەتی ئایدیۆلۆژییە کە کاك مەریوان خۆی لەستونی (دیسانەوە عەلمانیەت ودین) دا ئاماژەی پێ دەدات، هەرخۆیشی لەستونی (ترس لەعەلمانیەت) و(دیسانەوە عەلمانیەت ودین )دا هەڵوێستەیەکی تری لەسەر دەکات و پانتایی وپێگەیەتی فراونتری بەدین ڕەوا بینیوە و بەدروستی دەبینێ دین لە ژیانی گشتی دا ڕۆڵی پێ بدرێ بەڵام لە چوار چێوەی عەلمانیەت وپرۆسەی بەعەلمانی کردنی ئیسلام دا ؟!!

ئەو وەزیفانەی کاك مەریوان بەدینی بەخشیوە یاخود دین لەتێڕوانینی ئەو وهابیرانیدا ئەو وەزیفانەی هەیە، لەم خاڵەدا هەندێك وێکچون هەیە لەنێوان ئەو ئیسلامیەکاندا، هەرچەندە لەڕیشە وبناغەدا جیاوازن.

دین یاخود ئیسلام لەدیدی من وهەرئیسلامیەکی میانگیری هاوچەرخ دا جیایە لەوتێڕوانینەی کە کاك مەریوان هەیەتی بۆ دین، لەباشترین حاڵەتیدا لەوەی تێپەر ناکا کە ڕۆژئاواییە دیموکراسی خوازەکان هەیە بۆ ئایین و وەزیفەکانی، ئەو دینەی لەپرۆسەی عەلمانیەت دا بتوێتەوە، دینێك کەپێشتر لەڕۆژئاوادا ئازادیەکانی زەوت دەکردو زانا وژیرەکانی لەسێدارە دەدات و بەناوی خواوە سزاو ئەشکەنجەی هەموانی دەدا وکۆمەڵگەی لەبارێکی دواکەوتودا هێشتبویەوە.

لەبەرامبەردا ئیسلامیەك وا دەڕوانێتە ئیسلام کە لەبناغەدا ئایینی ئازادی و دادپەروەری یە و وەزیفە یەکی بەرفراوانی پێ دراوە، ئەم وەزیفانەش لەسروشتی ئیسلام خۆیدا وەك ئاینێك هەیە ودین ودونیا وخوا ومرۆڤ ویەکانگیرو دژیەك نین وناین، هەربۆیە دەسەلأت وکۆمەلگەش ئاتاجی ئیسلام ورێنماییەکانی ئەون، ئەم ئیسلامیە لەدینەکەی واتێ گەیشتووە (ڕۆلێ بینینی میکانیزمی سیاسی وکۆمەلأیەتی ودەزگایی لەفۆرمی یاساو ڕێکخەوتنی سیاسی و دەزگای فشارهێنان و....هتد) باری ئاسایی کۆمەلگەیە و کۆمەلگەش بەسروشتی خۆی بەدەر لەوەی چ ئاینێکی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان وگوزەرانی تر هەیە وهەرلەزووەوە فارابی وماوەردی و غەزالی وئیبن خەلدون و زانایانی تر لەم ڕووەوە قسەیان کردووە وبونی دەسەلأت ودەزگاکانیان بە خواستی سروشتی ومرۆڤانە ناساندوە، ئیستا کەش هەر لەتێڕوانینی ئیسلامی خۆشییەوە ئەو دەزگاو میکانیزمانە بە دین ناکرێن، یا ڕاستر بلێین بە پێی ڕێنماییەکانی ئیسلام و بنەماکانی ئوسولی فیقھ کارکردن لەمەیدانە گۆراوەدا سپێردراوە بە ژیری مرۆڤەکان لەبەر ڕۆشنایی و وەحی و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ دا، بێ ئەوەی ئاستەنگ دروست کرێ لە ڕێی پێشکەوتن و دونیای مۆدێرندا.

ڕاستی یەك هەیە هەمولایەك ترسمان لێ ی هەیە ئەویش بریتی یە لەوەی ئاین بکرێتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی مەبەستی نادروست و تموحاتی جۆراوجۆرو ڕۆلێکی سلبی و نەگەتیڤانەی پێ بدرێ و پشکداری پێ بکرێ لە چەوسانەوەی مرۆڤ و لەدەست دانی ئازادیە گشتی یەکان، ئەمە ترسێکی مەشروعەو نمونەی واقعی و بەرجەستەش لە ئارادا هەیە، بەلأم بە دیوێکی تریش ئەوە هەر دین نی یە کە ئەتوانرێ ئەم ڕۆلەی پێ ببینرێ بەلکو تەواوی چەمك و زاراوەکانی وەکو عەلمانیەت و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و . . . هتد ئامادەیی ئەوەی تێدایە مرۆڤەکان بۆ لەدەست دانی مافی مرۆڤ و چەوسانەوەو زۆر و ستەم بەکاری بهێنن، بۆ ئەمەشیان بە هەمان شێوە بەلگەو واقعی بەرجەستە لە ئێستاو ڕابوردوش دا هەیە، ئەمانە هەموو لەئارادان و هەمولایەك لەم بارەیەوە نیگەرانن، هەربۆیە ئیسلامیەکانیش زیاتر لە جاران وریاترن و تا ڕادەیەکی باشیش بە خۆدا

چونەوەیان ئەنجام داوە، لێرەوە بیریارانی دیار و میانڕەوی ئیسلامی هاوچەرخیش وەها تێگەیشتون لە ئیسلام و بەشێوەیەك پێناسەی دەكەن كەتەواوی ئیجابیەكانی دیموكراسیەت و ئەوەی ناونراوە عەلمانیەت لەخۆ دەگرێ و دەتوانێ لەهەناویدا هەڵگری تۆوی پێشكەوتن و دەستەبەركردنی ماف و ئازادیە گشتی یەكان بێت، بێ ئەوەی ئیسلامیش بە عەلمانی بكرێ چونكە هەرشتێ دانایی و حیكمەتی تێدابێت ئەوە ونبوی باوەڕدارەو پێویستە بە هی خۆی بزانێ ((الحكمة ضالة المؤمن أنى وجدها فهو أحق بها))

دانانی دین بەسەرچاوەی سەرەكی یاسادانان بەشداری پێ كردنی دینە لە كایە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەكاندا كە ئیسلام وەكو دین لە بەرژەوەندی كۆمەڵگادا ئاڕاستەو ڕێنمایی بۆی هەیە نەك بەدین كردنی سەرجەم ئەم كایانەو دەست وەردان لەوردەكارییەكانی ژیان و گوزەران و گەرانەوەی ژیان بۆ دواوەو بەربەست و كۆسپ دروست كردن لە بەردەم بەرەو پێش چونی كۆمەڵگەو مافە سروشتیەكانیدا و لە ناوبردنی دەستكەوتە ئیجابیەكانی ژیانی مۆدێرن . . .

بەدیدی مەریوان دواتر (دوای كردنی دین بە تاقە موقەدەسی كۆمەڵگا) پڕۆژەی دروست كردنی نوخبەیەك لە ئارادایە كە بە ناوی ئەو موقەدەسەوە داوای دەسەڵاتی سیاسی و گوێڕایەڵی لە هەموان دەكا . لێرەدا نامەوێ بچمە نێو باسی ئەو نوخبەیەی برای نوسەر باسی دەكا بەڵام حەزدەكەم بڵێم دەسەڵاتی سیاسی لە خودی خۆیدا (لە دیدی ئیسلامیشدا وەهایە ) شتێكی قێزەون نیە ئەگەر بۆ خزمەتی كۆمەڵگە و كاروبارەكانی بێت و بەرژەوەندیەكان بەدیبهێنێ و ئەو ئەركانە كەبۆی دروست بوە ئەنجام بدا، نوخبەی دەسەلات بەدەستیشی هیچ قودسیەت و پیرۆزییەكی نی یەو لە باشترین باریش بریتین لە نوێنەری خەڵك و ڕاپەڕێنەری بەرژەوەندیەكانیان (سمع وگاعە)ش لە ئیسلام دا تەنها لەم ڕووەوەیە، ترس و نیگەرانی حاڵەتێكی مەشروعە لە هەموو كاربەدەستێك لە بچوكترین كارمەندەوە تاوەكو بەرزترین كەس لە لوتكەی دەسەڵات دا ئەركی مرۆڤەكانە كارێك بكەن سەڵاحیاتی كاربەدەستان كەم بكەنەوەو ئو

دەسەلاتەشی پێیان دەدرێت لە سنوری بەرژەوەندی گشتیدا بێت نەك حەزو میزاجی شەخسی و گروپگەری .

دیارە لە ئێستەدا و تەنانەت لە دەستوری عێراقیش دا کە دەلێت (ئاینی ئیسلام فەرمیی دەولەتە، سەرچاوەیەکی بنەڕەتیە بۆ یاسادانان و نابێت یاسایەك دەربچێت لە گەلْ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام دا ناکۆك بێت) هاوکات لە گەلْ ئەمەدا دەلێ : (نابێت یاسایەك دەرچێت لەگەلْ سەراتاکانی دیموکراسی دا ناکۆك بێت ونابێت یاسایەك دەرچێت لەگەلْ ئەو ماف و ئازادیە بنەڕەتیانەدا کە لەم دەستورەدا هاتون ناکۆك بێت ) . تاوەکو بە بیانوی شەریعەت و ئیسلامەوە ڕێگە نەدرێت بە هیچ دەسەلاتێك مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکا یاخود مافی ئازادی ئاینی ئەوانی تر بخاتە ژێر مەترسیەوە .

دروشمی شەریعەت سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە ئیعتبارە بۆ بیروباوەڕی خەلکی و ناسنامەی گەلی کورد کە تێکەلْ و ئاوێزانە بە ئیسلام و بە هاکانی. لە هەمان کاتدا خەمێکە بۆ ئەو کۆمەلگەیەی عەلمانیەتی تەقلیدی توندڕەو ئایدۆلۆژی هێرشی هێناوەتە سەری و دەیەوێ ئەو تۆزە توندو تۆلی و بەهایەی تێداماوە لەناوی بەرێ و زیاتر لەوەی کە هەیە لێکی هەلوەشێنێ و گرفتار تری کا و لە ژێر کاریگەری ئەو ململانێ بێ کەلکەی کاك مەریوان ئاماژەی پێ دەداو لە ترسی مەترسی ئیسلامیەکان بەهاییە جوانەکانی کۆمەلگەی کوردی لە دەستی داو ئامادەیە سازش بکا لە سەر ڕوخاندنی کۆمەلگەکەی لە ڕوی رەوشت و باری کۆمەلایەتی بلاوبونەوەی چەندین گرفتی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی بەمەرجێ لەبەرامبەردا لاوان و تازە پێگەیشتوان ئاور نەدەنەوە بەلای نەك هەر ئیسلامیەکان بگرە هەندێ جار ئیسلامیش دا

کەنارخستن و کەنارگیرکردنی خودی ئاین و سیما و ڕەمزەکانی کارێکی بەردەوامی عەلمانیەتی کوردی بووە لە بەرەنجامی پاش خانی چەپ بون و ئەو ململانێ نادرزستانەی لە کوردستان دا ئامادەییان هەبوە.

ترس لە عەلمانیەتی ڕۆژهەلاتی بە گشتی ترسێکی مەشروعەو بەلگەو پاساوی خۆی هەیە، عەلمانیەت لەم وولاتانەدا ئەوەندەی پرۆژەیەك بوە بۆ قۆرخ کردنی

دەسەڵات و بێ دین کردنی کۆمەڵگەو نەهێلانی ناسنامەی خود ئەوەندە پانتاییەك نەبوە بۆماف و ئازادیە گشتی یەکان و فرەیی و دیموکراسی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا ...

دیارە کاك مەریوان ئاماژەی بە زۆر شت داوە کە جێی هەڵوێستە لەسەر کردنە بەڵام لە بوارێکی وا کورت دا ناکرێت وتووێژی لەسەر بکەین لەوانە بونی مەبەستی سیاسی (بەواتا سلبی و نێگەتیڤەکەی ) لەپشت ئەم بانگەشەیەی ئیسلامیەکانەوە و سودبینینی هێزە کۆنە پارێزەکان ( بەتایبەت پیاوە ئاینیەکان! ) و ڕۆشنبیرە کۆنزەرڤاتیڤە ڕۆمانسیەکان لەم داخوازییە.

لە ستونی ( ترس لە عەلمانیەت )دا نوسەر پەنجەی خستوەتە سەر برین و بە شێوازێکی وا قعی ئاماژەی داوە بە هەڵەی هەریەکە لە ئیسلامی و عیلمانیەکانی گۆڕەپانی کوردستان، لە گەڵ ئەوەشدا ئاماژەکانی نێو ئەم ستونەش قسەی زۆر هەڵدەگرن وە شایەنی بەدواداچونی زیاترن کە ئەمە لە نوسینێکی وا ڕۆژنامە نوسیدا جێ ی نابێتەوە.

دوا سەرنجێك کە دەمەوێت هەندێ وتو وێژی لەسەر بکەم دوا پەرەگرافی ستونی سێیەمی کاك مەریوانە لە ژێر ناونیشانی ( دیسانەوە عیلمانیەت و دین ) کە بە بۆچونی من نوسەر دوا خواست و مەبەستی لەو چەن دێرەی کۆتایدا چڕکردوەتەوەو لەو بارەیەوە دەڵێ : ( دینی ناو دونیای مۆدێرن دینی دونیای بەر لە مۆدێرن نییە، دینێك نی یە بەزمانی ڕۆژگارو سەردەمێك بدوێت جیاوازو ناکۆك بە دونیای مۆدێرن.ئیسلامیەکانی کوردستان دەبێت ئەم زمانە فێر بن و واز لەو دروشمانە بهێنن کە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو سەدە تێپەریوەکان دەگێڕێتەوە. لە پێش هەموشیانەوە واز لەو دروشمە بهێنن کە داوای کردنی شەریعەت دەکات بە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان )

لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئەم پەڕەگرافەی کاك مەریوان دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی ئەو پرۆسەیەیە، کە ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا لە ئارادایە وچەندین نوسەر و بیریاری وەکو ئارگۆن و حەنەفی و ئەبو زێد و چەندانی تری لە پشتەوەیەو دەرەنجامەکەی بریتیە لە کارخستن(تعگیل ) و وەستاندنی دەقەکان بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو یاساو ڕێسایانە

بکرێ کە پێویستن بۆ ئەم مەبەستە و دەرەنجامەکەشی هەروەکو ( زەکی میلاد ) دەیڵێ بریتیە لە بە عەلمانی کردنی ئیسلام (علمنة الاسلام ).

دیارە ئەم پەراگرافە زۆر هەڵدەگرێ، جەوهەریترین مەبەست تیایدا بەبۆچونی من بەیەکچاو ڕوانینە بۆ هەموو دینەکان کە لەوێ مەسحیەتە و لێرەش ئیسلام، لەوێ دین بەعەلمانی کراوە ولەناو دونیایی مۆدێرنەدا تواوەتەوە ووەزیفەکانی هاوتەریب و سازە لەگەڵ ئەوجیهانەدا بۆیە پێویستە لێرەش هەمان هەنگاو بنرێ وبەهەمان ڕەوت وپرۆسەدا تێپەڕین، بۆ ئەوەی وەزیفەی دین ڕەوتی ئاسایی لەدونیای مۆدێرنەدا وەرگرێ، ڕاستە گۆڕانکارییەکان، کاریگەرییان هەیە لەسەر هەمووشتێك تەنانەت فەتوای دینیش بەپێ ی بارودۆخ و شوێن وکات گۆڕانی بەسەردائێت و ئەمەش قسەیەکی باوی ناوەندی فیقهی یە..

بەلأم وەك یەك سەیر کردنی ئیسلام ونەسرانیەت بابەتی نیە ودەق ومێژوو واقع پاڵپشتی ناکات، ئەمەش بەکەم زانینی ئەویترنی یە وەکو دین لەبەرامبەر ئیسلام دا بەڵکو سروشتی هەریەکەیانە لە بەرامبەر ژیان و گوزەران و دەسەلأت و سیاسەتەوە، هەریەکەیان تایبەت مەندی خۆی هەیە و مەسیحیەت وەکو (برتراند بادیە) دەڵێ :لەدەرەوەی پەیکەری ئیمپراتۆرییەت بەدرێژایی زیاتر لەسێ سەدە پێکهات، پاشان لەگەڵ ئەو پەیکەرە دا ئاوێتە بوو، بەلأم وەکو (عبدالجواد یاسین) دەڵێ : ئیسلام بونێکی نەبوە جیا لە دەوڵەت بێت و دەوڵەت لەپێشیەوە هەبوبێ ..هەربۆیە ئەو پرۆسەی ئاوێتە وئاوێزە بونەی لەنێوان مەسیحیەت

و دەوڵەتی ڕۆمانی لەسەدەی چوارەمی زاینی دا ڕویداپێکهاتنێك بو لەنێوان دوودەزگای تەواو سەربەخۆ...

ئەم بارودۆخە نوێیە هەرزوو بەزوو لەمێژووی مەسیحیەتی سیاسی دا دەستەواژەی (دابەش کردنی جیهانی لەنێوان خوا ونێوان قەیسەر ) دای بەسەردا سەپاندن ئەوەبو لەدوای مەجمەعی میلانۆی سالێ 355 ز(هومسیۆس) بۆ ئیمپراتۆری (قسگنگنییوس) دەنوسێ و پێ ی دەڵێ :(خۆت مەخزێنە کاروبارەکانی کەنیسەوە،

فەرمانێکمان بۆ دەرمەکە کەلەکرۆکی کاروباری خۆمانە، بەڵکو تۆ لەئێمەوە فێری بە، جا هە روەکو چۆن ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتـەت لێ زەوت بکـا شـەڕ لەچـاوی خـوادا دروسـت دەکا، تۆش بەهەمان شێوە بترسە لەوەی دەست بخەیتە کاروبارەکانی کەنیسەوە تابەمە داهێنەری کارێکی زۆر خراپ نەبی، نوسراوە (ببەخشن بەقەیسـەر ئـەوەی هـی قەیسـەرە ئەوەشی هی خوایە بیدەنەوە خوا) هەرچۆن مافی ئێمە نی یە پیـادەی فـەرمان ڕەوایـی دونیا بکەین، تۆش مافی ئەوەت نی یە، ئەی گەورە وبەرێز بخور بسوتێنی).

لەکاتێکـدا دەقـەکانی قورئـان و ژیاننامـەی پێغەمبـەری ئیسـلام و خەلیفـەکانی ڕاشدین و دەیسەلمێنن ئیسلام وەکو دین ئاراستەی ئیجابیانەی هەیە بـۆ ژیـان خوازیـاری دادپــەروەری بەختــەوەری دونیــا و دواڕۆژی مرۆڤەکانــە، هەربۆیــە ئیســلام لەتــەواوی بوارەکانی ژیاندا ئەگەر بەهێڵی گشتیش بێت ڕێنمایی هەیە و ئـەو ڕێنمایانـەش هەنـدێکی وەکو نوێژو ڕۆژوو فەریزەکانی تری ئیسلام ئەرکو واجبن ....واتـا مـرۆڤ هـەر بەموسـڵمان بوونی بەپێ ی فەرمانەکانی خودی ئیسلام کۆمەڵێ ئەرکی دەکەوێتە سەر شـان کەتـەواو گرێ دراوی بواری سیاسـی وئـابوری وکۆمەلایـەتی و فەرهـەنگی ژیـانی مـرۆڤن، لەهـەمان کاتدا ئەو مەسەلانەی لەم بوارەدا پەیوەست و گرێ دراوی (گەشە وگۆڕان )ن دەکەوێتـە چوار چێوەی ئیجتهـادو بـەجێ هێڵـراوە بـۆ ژیـری و تواناکـانی مـرۆڤ خـۆی و کـۆت بەنـد نەکراوە بەدەقەکان، کە زۆرینەی هەرە زۆری بابەتەکانی دەستور و ئەو یاسایانەی لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دادەنرێن لەم جۆرەن، کەئـەم خاڵـەش خـاڵی هاوەبەشـی نێـوان ئیسـلام وعەلمانیەت وئیسلامی وعەلمانی یە و زەمینەکەش یەك زەمینەیـە کـەئامانج تیـادا سـوود گەیاندنــەو بــەدیهنانی بەرژەوەندیــە، بــەپێی تێگەیشـتنێك کەتاوەکوئێسـتالەعەقڵیەتی ئیسلامی میانڕەوداهەیـەو بـەردەوامیش تیـۆرەو(تـنظیر) ی بـۆدەکرێ ئەوەیـە کەئیسـلام ئازادی بیرو ڕاو مافی بێ باوەڕبوونیشی دەستەبەردەکات هەرچەندە پێیشی ڕازی نـەبێت (لایرضی لعبادە الکفر) بەلأم لەواقیع ئەوەیە هەرکەس بیـەوێ بـاوەردێنێ و هەرکەسـەش نەیەوێ ئەتوانێ بێ باوەڕبێت ﴿ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ ، ئەی بۆ لەمەدینـەی

پێغەمبەری خوادا جولەکەو بێ باوەڕ نەبونە؟ ئەی بەپێ ی بەڵگەنامەی مەدینە دان بەمافەکانیاندا نەنرابو؟!

بەکورتی یاسای ولآت بۆ هاولآتیانێتی، هاولآتیانی کوردستان ئیسلام ئاینیانە وپشکدارە لە ژیان و گوزەرانیاندا مافی ئەوەیان هەیە لەدەستورو یاسایەك کە بۆ ئەوان دادەنرێت ئاینەکەیان ڕۆڵی هەبێت، دانانی ئاینیش لەکوردستاندا وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ سنوردار کردنی عەلمانیەت و دەسەلآتی عەلمانی یە تاوەکو دین و باوەڕی خەڵکی پەراوێز نەخرێت نەوەکو بۆ سەپاندنی دین ودەسەلآت نوخبەی دینی و ڕۆشنبیری کۆنزەرڤاتیف بەپێ ی دەربرینی برای نوسەر و هەرلەو دەستورەش دا مافی ئەوانی تریش پارێزراو دەبێ بەدەقی دەستور و پاشتریش یاساکان، لەهەمان کاتدا سەرچاوەی تری یاسادان لەئارادان وسوودی تەواو وەردەگیرێ لەسەرجەم دەستور ویاسای ولآتە پێش کەوتوەکان، بڕواشم وایە ئەگەر دەسەلآت و حیزبە عەلمانیەکانی کوردستان لێ گەڕێن و بەرژەوەندی خەڵکی ئەخەنە مەترسیەوە ئەوا داواکاری ئیسلامیەکان لە کوردستاندا بەڵێ ی بۆ دەکرێ.قسەیەکی تریش ماوەبیکەین ئەویش ئەوەیە ئێمەی ئیسلامیش پێویستمان بەبەخۆدا چونەوە هەیە و فیکری و دیدی ئیسلامیش ئیجتهادێکە بۆ تێگەیشتن لەئیسلام و دەقەکانی، دەکرێ گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێ تاوەکو کلتورو دەق یەکسان نەکەین، ئەمەش بۆ ئەوەی دەڵێم تاوەکو قسەکانی ئێمەش وەکو ڕەها (مگلق)ێك مامەڵەی لەگەڵ دا نەکەین وقودسەتی دینی پێ نەبەخشین..

لەگەڵ ڕیزمان بۆ نوسەرو ڕوناکبیر کاك مەریوان وریا قانع کەخاوەنی قەڵەمێکی بەویژدان و وجیدی یە لەناوەندی ڕۆشنبیری کوریدا.

# جارێکیتر ئیسلام و عەلمانیەت

**ئا: فاتیح سەنگاوی**

پاش بەدوادا چوونێکی من بۆ سێ ستونەکەی بەڕێز مەریوان وریا قانع، کاك مەریوان لە هەفتە نامەی ئاوێنەی ژمارە (30)دا وەلآمی ڕەخنەکانی منی دابوویەوە،

سەرەتا منیش سوپاسی دەکەم لەسەر ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بەزمانی نوسینەکەی من خستبویە ڕوو، دیارە وەلآمەکەی بەڕیزیشیان هەمان زمانی نوسینی تێدا ڕەچاو کراوە وڕیزی دیدو بۆچونی بەرامبەری بەهەند وەرگرتوە تاڕادەی دانانی گریمانەی (پەسەند کردن لەڕووی تێورییەوە) بۆ بەرامبەر با بەدیدی ئەویش (نەتوانرێ لەڕووی مێژووییەوە نموونەی ئەزمونێکی ئیسلامی بدۆزینەوە کە ڕاستی ئەم بۆ چونە بسەلمێنێ و پاسادانی بکا ..)، هیوادارم لەناوەندی ڕۆشنبیریماندا گفتو گۆ و پەیڤنی هێدی و هێمنانە جێگەی شێوازەکانی تر بگرێتەوە.

بەدیدی من گفتوگۆ و بەدوادا چون و ڕەخنەکانی من و کاك مەریوان لەتێزەکانی یەکتری لە ڕۆژنامەیەکی وادا (لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو پانتاییە باشە پێمانی داوە) ناتوانرێ مافی خۆی پێ بدرێ و هەر یەکەمان بەپێ ی پێویست ئەوەی هەیەتی دەری بڕێ، بۆیە ئەوەی لێرە دا دەنوسرێ ئەکرێ ناوبنرێ خستنە ڕوویەکی خێرای ئاسۆیی نەك قوڵ بونەوەی ستونی بۆ نێو بابەتەکان، تەواوی ئەو چەمك و بۆ چۆن تێزانەی لەو چەند بابەتە دا خراونەتە ڕوو کتێبێك و زیاتر هەڵدەگرن ئەگەر بویسترێ قسەی تێرو تەسەلی لەسەر بکرێ.

سەبارەت بەخالێك کە کاك مەریوان لەسەرەتاوە لەسەر بابەتەکەی من وروژاندویەتی بەکورتی بریتی یە لەوەی کەخەڵکی کوردستان تەنها بە (پاڵنەری نەتەوەیی و بۆ چەسپاندنی فیدراڵیەتی کوردی هەرێمی کوردستان و هەندێك دەستکەوتی نەتەوەیی دەنگیان بەدەستوری عێراق داوە)سەبارەت بەم پەرەگرافە من هیچ گومانێکم نیە وبە تەواوی پشتگیری بۆ چونەکەی دەکەم و دڵنیام ئەگەر ئەم مافانە لە دەستوردا نەبوایە گەلی کورد دەنگی بۆ ئەو دەستورە نەدەدا با لەڕوی بیرو باوەڕەوە زیاتر لەوەش

کەهەیە ڕۆڵ بەئیسلام بدرایە، لەبەر ئەوەی گەلی کورد ئەزموونی زۆر تاڵی هەیە لەگەڵ ئەوانیتر داو مەترسی ئەوەی هەیە هەموو بیرو باوەڕ وچەمکە دروست و جوانەکانیش بەشێوازی نادروست و نەشیاو بەکاری بهێنرێن بۆ چەوساندنەوە و بێ ماف کردنی، چونکە تەنانەت لێکدانەوەی دەقە ئاینیەکانیش زۆر جار سەلامەت نابێت لەخوێندنەوەی بەرژەوەندی خوازانەی مرۆڤەکان ئەگەر مەرامی ناشایستەو نادروست لەپشتیانەوە هەبن و دەسەلاتێك حزوری هەبێت و دین بەکاربێنێت بۆ مەرامەکانی خۆی ولێرەوە دین بەڕادەیەك بەزەمینی بکرێ کەدوا جار (ئەو دیموکراسی بونەی دینی لێ نەکەوێتەوە کە کاك مەریوان خوازیارە لەبەرەنجامی بەعەلمانی کردنی دینەوە بەدی بێت ؟!)

بەلأم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ خەلکی ئەو بڕگانەیان نەویستوە کەباسی ئیسلام و ڕۆلی دەکات لەو دەستورەدا، ڕاستە حیزبە سەرەکیە کوردستانیەکان بەدەربڕینی کاك مەریوان (هەولێکی زۆریان دا نەهێلن ئیسلام لە دەستورە تازەکەی عێراق دا ببێتە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان ) بەلأم ئەم داوایەی حیزبە کوردستانیەکان بەپێ ی خوێندنەوەیەکی ئەو کاتی گۆڕەپان و شەقامی کوردی دەنگۆ و پشتگیرییەکی وەهای لەناو جەماوەرەوە لێ نەکرا (هەر چەندە ئامارو ڕاپرسیش لە ئارادا نەبوو ) کەبەلگەی پشتیوانی خەلك بێت لەو داوایە، ئەسلەن وانازانم خەلك گرفتێکی لەو ڕووە وە هەبێت، ئەگەر گرفتە حەیاتیەکانی تریان چارەسەر ببێت چونکە گەلی کورد بەوە ئاشنان ئەوەی ستەمی لێ کردوون دین نیە بەلکو ڕژێمە یەك لەدوایەکەکان بووە کە دوورترین کەس بوون لەبەهای دینی یەوە با (دین ) یشمان بەکارهێنا بێت بۆ ئەو مەبەستە، لەگەل ئەوەی من قەناعەتم هەیە حیزبە سەرەکیەکوردیەکان لەبەر چەندین هۆکاری جۆراو جۆر کە کورتەکەی لە دەستا بوون و قۆرخ کردنی (هێزو دەسەلأت وئابورییە)دەتوانن زۆر خواستی خۆیان بێ ڕەزامەندی جەماوەر بسەپێنن. هیوادارم لەم بۆچونەمدا هەلەبم و بەناڕاست واقعەکەم خوێندبێتەوە.

ئەگەر دەنگ دان بەو بڕگانەی دەستور ئەوەندە نەخوازراو بوایە ئەوا دەکرا ڕێژەیەکی بەرچاو و دیار و لەنوخبەی خوێندەوار و بەشێکی تر لە جەماوەر لە 20٪ یك

نەخێریان تۆمار بکردایە لانی کەم بۆ ئەوەی لەڕووی مێژوویییەوە شیاو بێت بۆ هەڵوێستەیەکی تر، ئەگەر لێرەدا ڕەخنەکەی خۆم یەخەی خۆم نەگرێتەوە، بەلاَم بە بۆ چونی من ڕاستی یەکەی ئەوەیە ئەو بڕگانەی دەستور هیچ گرفت و کێشەیەکی تێدا نیە و نامۆنیە بە واقعی کۆمەلاَیەتی خەڵك، لەگەڵ ئەوەش دا من نەم وتوە تەنها هۆکاری دەنگ دانی خەڵکی بەدەستور لەبەر ئەوە بوە کە تیایدا نوسراوە (شەریعەت سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانانەو نابێت هیچ یاسایەك دەربکرێت لەگەڵ شەریعەت دا ناکۆك بێت ) چونکە هەموو کەس دەزانێ ڕۆڵی داخوازی نەتەوەیی سەبارەت بە کورد چەند گرنگ بووە بەلاَم ئەمە هیچ یەکانگیری و دژایەتیەکی نی یە لەگەڵ بڕگەکانی تردا ئەگەر مامەڵەی دروستیان لەگەڵ دا بکرێ، بەتایبەتیش لە بڕگە(أ)ی دەستورەکەدا نوسراوە نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام دا ناکۆك بێت.کۆت و قەیدی (حوکمە نەگۆڕەکان) بۆ ئەوەیە قسە لەجێگیرو (ثوابت) ە کانی ئیسلامە نەك بیرو بۆ چونە فەرعی و فیقهی یە جۆراو جۆرەکان کە زیاد لە بۆ چونێك هەڵدەگرن تا وەکو سەرەنجام دا سەپاندنی مەزهەبێکی دیاری کراوی لێ نەکەوێتەوە کەمە ترسی دەبێت بۆ هەموو لایەك.

جا ئەگەر دەربڕینەکەی من بۆ ئەم مەبەستە دوا جار (لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی ناڕاست بێت ) ئەوا سەلماندنی دژە بۆ چونەکەی منیش تەنها خوێندەوەیەکی شیتەڵکارییانەی وایە سەلماندنەکەی زیاتر پشت ئەستورە بەزەبرو زۆری فرە ڕەهەندی حیزبە سەرەکیە کوردیە کوردستاننیەکان وئەوان دەتوانن لە واقع دا پاسادانی بکەن (نەك بیرو بۆچونی خودویستانەی جەماوەر ).

ئاماژەدانی منیش بە ڕێژەی 90٪ هیچ کات بۆ ئەوە نەبوە ئەو دەرەنجامەی لێ بخوێندرێتەوە کە (...کە زۆرایەتی چی ویست بێ قەیدو شەرت ئەوە ڕووبدات ... ) وحساب بۆ خواست و ویستی کەمینەکان دانەنرێ چونکە تێگەیشتنی من لە ئیسلام بە شێوازێکە (ئازادی و مافی ئەوانیتری تێدا جێ دەبێتەوە ) و تایبەتمەندییەکانیان تێدا پارێزراوە ) و دەستورە نوێیەکەی عێراقیش ئەو مافانەی دابین کردووە کە تیایدا هاتوە

(نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ سەرەتاكانی دیموكراسی دا ناكۆك بێت و نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەدا كەلەم دەستورەدا هاتوون ناكۆك بێت ) هەروەها تیایدا هاتوە (ئەم دەستورە پاراستنی ناسنامەی ئیسلامیەكەی زۆرینەی گەلی عێراق مسۆگەر دەكات، هەروەها سەرجەم مافە ئاینییەكان بۆ گەیشت تاكەكانی وەكو مەسییحی و ئێزیدی و سابیئەمەندائییەكان لە ئازادی باوەڕو پیادەكردنی كارەكانی ئاینی مسۆگەر دەكات.)

لێرەوە هەر بە دەستور كەئیسلامی و نەتەوەیی و عەلمانیەكان لەسەری پێكهاتون ئەو ترسە ڕەوێنراوەتەوە كە كاك مەریوان ئاماژەی پێ دەدات، دیارە ئەمە لەسەر ئاستی تیۆرییە، ئەگینا عەقڵیەتی عێراقی بەگشتی زۆری ماوە وەكو پێویست بتوانێ ئەو بڕگانەی دەستور لەسەری زەمینەی واقع بەرجەستە و پەیكەڵ بكات، ڕووداوەكانی ئێستای عێراقیش ئەو دواكەوتوییە دەسەلمێنن كە تا وەكو ئێستایش لە زەمینەی كۆمەڵایەتی خەڵكی عێراق دا بەرجەستەیە و مەودایەكی زۆریش ماوە بۆ ئەوەی بتوانرێ تێپەڕێنرێت. پێ دەچێ كاك مەریوان زۆریش قەڵس بێت بەو ئاماژە دانەی ئێمە بە لە 90٪ هەر بۆیە تاڕادەیەكی باش تاوتوێ ی ئەم ڕێژەیە دەكات، جارێك دەگاتە ئەو دەرەنجامەی ئەم بۆ چونە بۆ دیموكراسیەت (كەمن قسەم لەسەری نەكردووە و بەدەرەنجامی قسەكانی منی دەزانێ )تێگەیشتنێكی دەسەڵاتگەرانەو ناڕاستە بۆ دیموكراسیەت )پاشانیش دەیەوێ لە ڕێژە كە داگرێ بەوەی هەندێ لەو خەڵكە فەرائیزەكان جێ بەجێ ناكەن و حەرامەكان ئەنجام دەدەن و دینیان پەسەند نی یە و مەرجیش نیە هەموو نوێژكەر و ڕۆژوگەرێك دینی پەسەند بێت ئەمانە هەموو ڕاستن بەڵام باسێك لەو زۆرینەیەش ناكات كە بۆ چونیان بەدیوەكەی تردایە، لەهەمان كاتدا مەرجیش نی یە هەموو كات ئەو موسڵمانانەی حەرام ئەنجام دەدەن یان هەندێ لە فەرائیزەكان جێ بەجێ ناكەن دژ بن بە خواستی سەروەری شەریعەت لە كۆمەڵگەدا. لەكاتێك دا ئەو شەریعەتە زۆربەی بوارە حەیاتیەزەرورییەكانی كۆمەڵگای دابێتەوە دەست مرۆڤ خۆیی و بۆ بواری ئیجتهاد و ژیری مرۆڤی بەجێ هێشتبێ. نكۆڵی ناكەم لەوەی من وكاك

مەریوانیش ئاتاجی ئامار و ڕاپرسی زانستی و مەیدانین بەلاَم نەك لەم دۆخەدا بەلْكو لەدۆخێكدا كە كۆمەلْگەكەمان بتوانێ تەعبیری تەواو لەبیرو بۆ چونی خۆی بكا بەدەر لە هەر پەستانێكی بابەتی نەویستراو.

بێگومان لەپشتەوەی ئاماژەدان بە ڕێژەی لە 90٪ دیدو خواستی تایبەتی هەیە كە لای من زیاترخواستێكی (كۆمەلاَیەتی وئەخلاقیە)وەك لەوەی (سیاسی وئایدیۆلۆژی بێت ) وەكو كاك مەریوان هێمای بۆ دەكا.

جارێیكتریش دووپاتی دەكەمەوە تێڕوانینی جیای هەریەكە لەمن و كاك مەریوان بۆ زۆرێك لەزاراوە و چەمكەكان ڕۆڵی هەیە لە جیاوازییەكانی ترماندا، هەر چەندە هەریەكەمان بەدوو تێڕوانینی جیا كار بۆ سازاندنی زەمینەیەك كاردەكەین زۆرترین مافەكانی مرۆڤی تیادا بەرجەستەبێت، بەزیاد كردنی ئەوەی من بڕوام وایە دونیاو قیامەت و دین و ژین لێك دا بڕاونین، كە ئەكرێ كاك مەریوان لەم ڕووەوە تێڕوانینی تری هەبێت یان نا.

یەكێكی تر لەو تەوەرانەی برای نوسەر ڕەخنەی لەمن گرتووە ناوەڕۆكی ئەو دەربڕینەیە كە وتومە ((دەبێت هاولاَتیان لەبەردەم دادگاو قەزادا یەكسان بن هەركەسەش بەو شەریعەتەی بڕوای پێیەتی كاروباری خۆی ببات بەڕێوە.لێرەدا سوپاسی دەكەم كەلانی كەم ئیعتباری تیۆری بۆ بۆچونەكە داناوە، لەهەمان كاتدا شێوازی دەربرینی عمومیانەی من لە دوا بڕگەدا دەكرێتە جێ ی ڕەخنە هەرچەندە من مەبەستێكی گشتی و سەرتاپا گیرم نەبوەو زیاتر ڕێژەیی بونم مەبەستە، بەلاَم كاك مەریوانیش بەوەی دەلێ :(ناتوانرێ لەڕووی مێژووییەوە نموونەی ئەزمونێكی ئیسلامی بدۆزینەوە كە ڕاستی ئەم بۆ چونە بسەلمێنێ و پاسادانی بكا) زۆر بەگشتی و ڕەها قسەی كردووە، چونكە ئەزموونە مێژووییەكانی موسلْمانان لەگەلْ ئەوەی زۆرێك ئەزمونی تالْ و خالْی ڕەشی تێدایە بەلاَم خالێش نی یە لە ئەزمونی ئیجابی وا كە نە توانرێ پاسادانی ئەو دەربڕینەی من بكا بەمەرجێ بەسات و قۆناغەمێژوییەكۆنەكانی ئەو كاتە بپێورێ و لەگەلْ ئەواندا بەراوارد بكرێ و ئاستی پێگەیشتنی ئەو قۆناغانەی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەچاو بكرێ،

ئەم ڕاستیەش وەکو ئەزموون لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین و هەندێ خەلیفەو والی و سوڵتانی تری مێژووی موسڵمانانداا بەدی دەکرێ.... ئەزموونی نوێ ی ئیسلامیەکانیش هێشتا سادەیە و زۆری ماوە بگاتە ئاستی داخوازی و داواکارییەکانی هەنوکەی مرۆڤایەتی.لێرەش مۆڵەتی شرۆڤەکردنی ئەم بۆ چونەم نی یە و دەگەڕێمەوە لای دەربڕینەکەی خۆم و ڕەخنەکەی کاك مەریوان.

ئەوەی کاك مەریوان دەیڵێت (دەوڵەت پێویستی بەیەك سیستەمی یاسایی و دەستوری هەیە کە دەربڕی ویست و ئیرادەی هەموان بێت و برای نوسەر وەکو خۆی دەیڵێ پێ لەسەر دەستەواژەی ((هەموان ))دادەگرێ نەك زۆربە..

لەگەڵ ئەم دەربڕینە دا گرفتێکی وام نی یە تەنها هەمواندن و گشتاندنەکەی نەبێت کە بواری نەهێشتوەتەوە بۆ هەڵاوێردن(استثناء) ێك کەمن کردومەو ئەو ڕەخنەی لێ دەگرێ ((بەپێ ی شەریعەتی خۆی )).

من لێرەدا دەپرسم ئایا لە بواری باری کەسێتی و مەسەلەکانی هاوسەرگیری وتەڵاق و نەفەقەو میرات دا بەپێ ی دەستور و یاسا، مەسیحی و یەهودی و موسڵمانێك وەکویەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ؟ وە ئایا دەستورەکان ئاماژەیان تێدانی یە بۆ ڕەچاو کردنی ئیعتقادات و جیاوازی دینی و بەپێ ی زانیارییە سەرەتاییەکانی من لەم ڕووەوە هەلاَ وێردن و ڕەچاو کردن هەیە ...جا ئەگەر کاك مەریوانیش خوازیاری ئەوەیە ئەوەش نەمێنی.(کەبڕوا ناکەم قەناعەتی وەهای هەبێت )، ئەوا من دەخوازم ئەو پانتاییە بەپێ ی کۆمەڵێك زەوابت فراوانتر بکرێ، تاوەکو خاوەنی بیرو باوەڕ و ئاینە جیاوازەکان بەدڵ ئارامی و قەناعەتەوە ڕوو لە دادگاو قەزابکەین بۆ ئەو کاروبارانەی تایبەتمەندی خۆیانی تێدایە. هەمواندنەکەی کاك مەریوان بەدەرە لەمەسەلەی خسوسیاتی دینی و مەزهەبی و تایبەتە بەو بوارانەی خاڵی هاوبەشی هەموو هاوڵاتیانە و منیش لەبابەتەکەی پێشومدا ئاماژەم بەوەدا وەو لەخانەی ئیجتیهاد و بێ دەنگ لێ کراوەکان ( المسکوت عنه) دا جێ ی دەبێتەوەو زیاتر تایبەتە بەبواری ژیان و گوزەران و کێشە و گرفتە ڕۆژانەییەکانی خەڵك و بەپێ ی چەندین برگەی یاسایی چارەسەریان بۆ دادەنرێ بێ ئەوەی

بەشێوەیەکی خراپ مەسی هیچ دین و بیر و باوەڕێك بکات.بەشێکی زۆری ئەو ( سیستەمە یاساییە یەکگرتووانە) لەژێر سایەی بنەما گشتیەکانی ئیسلامدا جێیان دەبێتەوە و ئیستیعابی بیروڕاو دیدەجیاوەزەکان دەکا وە دەتوانرێ هەموان لەسەری کۆ ببینەوە ... بەلاّم دیسانەوە وەك بەڕێزیان دەیلێ ( هیچ یەك لەمانە ڕەهانین و هەموو کۆمەڵگایەك سنوری دیاری کراوی هەیە بۆ پیادەکردنی پانتایی ئازادی و ویست و چێژو شێوە ژیان و هتد ... با ئەو سنورانەش تەنها دینی نەبن ...)

لەتەوەرەیەکی تری ڕەخنەگرتنەکانی دا کاك مەریوان بەم شێوەیە سەبارەت بە ئیسلام مافەکانی مرۆڤ دەدوێ ودەڵێ ( خاڵێکی دیکە کە شایەنی قسە لەسەرکردنە ئەو هاوئاهەنگییە ئاسانەیە کە ئەم بەڕێزە لەنێوان ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ دروست یا پێشنیاری دەکات )... لەدرێژەی رونکردنەوەی تێزەکەیدا دەڵێ ( مەرجەعی مافەکانی مرۆڤ دین نییە هیچ یەکێك لەدینەکان لە پشتی بەندەکانی ئەم تێکستە گرنگەی دونیای مۆدێرنەوە نین، مەرجەعی سەرەکی ئەم تێکستە مێژووی پڕ ململانێ و خەباتی بەردەوامی مرۆڤایەتییە لەسەدەی هەژدە هەمەوە تا دوای جەنگی جیهانی دووەم ...)) لەم دوو وەرگرتنەی سەرەوەدا کاك مەریوان هەم بەگشتی قسەی لەسەر مافی مرۆڤ و ئیسلام هەیە هەم بەتایبەتیش ئاماژە بۆ بەیاننامە یان جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەکات، ئەگەر لەدووەمیانەوە دەست پێبکەین ئەوا دەکرێت بڵێین باسکردن لەمافەکانی مرۆڤ بەوپۆلێن و ڕیز بەندیەی ئێستا لەئارادایە پێشتر لەجاڕنامەیەکی تایبەتدا بەناوی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لە دەی سێبتەمبەری 1948 دا ڕاگەیانرا شتێکی نوێیەو بەرئەنجامی ئەم ململانێیەی سەدەی هەژدەم و پێشتریشە، کە ئەو کات ڕاگەیاندی فەڕەنسی مافەکانی مرۆڤ لێ کەوتەوە لە 28 ئۆگەستی 1789 و دواتر لە 3سێپتەمبەری 1791 بو بەشێك لەدەستوری فەرەنسی، بەلاّم دانانی سەدەی هەژدەهەم وەك سەرەتایەك بێ ئیشکال نیەو هەر لەئەوروپا خۆیدا ململانێکە دێرین ترەو لەڕووی تێوریشەوە بەڵگەنامەی تری مافی مرۆڤ هەبووە هاوێنەی بەڵگەنامە مەزنەکەی ((ماگناکارتا)) ی ساڵی 1215 و جاڕنامەی مافەکانی ساڵی ( 1689 )و تەنها هێزە

نادینیەكان ڕۆڵیان نەبووە لەخەملاندنی مافەكانی مرۆڤدا بزوتنەوەكانی ئیسلاحی دینیش بەش بەحاڵی خۆیان لەم ڕووەوە ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە. ئەگەر نەڵێین شارستانیەتی ئیسلامی بەجۆرێك لەجۆرەكان ڕۆڵی هەبووە لە ڕێنیسانسی ئەوروپی كە گۆرانكارییەكانی تری بەدوای خۆیدا هێنا. خۆ ئەگەر خەباتی درێژ خایەنی گەلانیش بخەینە سەر خەرمانی ئەم هەولانە ئەوا دەكرێ زۆرینەی گەلانی ئازادی خوازی دونیا پشك دار بكەین لە بەدی هاتنی جاڕنامەكەدا، لەڕووی پراكتیكیشەوە ئەم جاڕنامەیە لەنەتەوە یەكگرتووەكان ڕاگەینراوەو وەكو دەستكەوتێكی جیهانی كە میللەتان تایدا بەشدارن ناسێنرا، زۆرینەی وڵاتانیش دەنگیان بۆی دا جگە لەچەند وڵاتێك نەبێت، كەواتە ڕاستە جاڕنامەكە تایبەت مەندیەكی ئەوروپیانەی هەیە بەڵام دابڕاو نیە لەكاریگەری بەها جوانەكانی ژیارەكانی تر، خۆ ئەگەر بێنە سەر ئیسلامیش چ وەكو مێژووی موسڵمان و چ وەكو دەقەكانی ئیسلام كەوا لەڕووی مێژووییەوە خەباتێكی دوورو درێژ هەیە بۆ بەرانگاربونەوەی ستەم و چەوساندنەوەو ماف خوراوی كە لەلایەن دەسەلات دارە موسڵمانەكان خۆیانەوە بەدی هاتبوون، مێژووی موسڵمانیش پڕە لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی بۆ سەندنەوەی مافەكان بەرپاكراون و لەمێژووی ئیسلامیدا بە (خرزوج) ناوزەد كراوە. ئەگەر لەسەر ئاستی دەقیش بڕوانیننە قورئان و سوننەت ئەوا دەتوانین بەڕاستی ئەو هەماهەنگیە زۆر بەئاسانی بسەلمێنین بێ ئەوەی پێویستیمان بە تەئویل و زۆر لەخۆكردن هەبێت، ئەگەر گرفتێك هەبێت ئەوا لە مێژوو یاخود لێكدانەوە و تەئویلی مێژوویی دا هەیە كە زۆر جار واقع و بارێكی مێژوویی چەمكەكانی خۆی سەپاندوە بەسەر دەق و لێكدانەوەكانیدا وە دەقەكانیش كاریگەری حەزەكانی سوڵتانی كەوتوەتە سەر و ناچار بە تەفسیری هەڵەكراون ... گرفتێكی تریش بریتیە لەوەی نەتوانرا وە ناوەڕۆكی ئەو ئایەتانەی باس لەمافەكانی مرۆڤ دەكەن بە دەستوری و یاسایی بكرێن كە ئەمەش پەیوەندی بەقۆناغی مێژووییەوە هەیە، خۆ ئەگەر ئەو دەست پێشخەرییە بكرایە ئەوا دەتوانرا سنورێك بۆ زۆرێك لەسەر كەشیەكانی دەستەلاتداران دابنرایە تاوەكو حەزو ویستە شەخسیەكان شوێنی شەرع و یاسایان نەگرتایەوە.

بەچاو خشاندنێك بەهەر (30) ماددەكەی جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە زۆربەی هەرەزۆری لەلایەن ئیسلام و فیكری ئیسلامیەوە جێ ی پەسەندی و پێشوازی لێ كردنن، جگە لەوەی دووسێ بەندی نەبێت، بگرە ئەكرێ لە دیدی ئیسلامیەوە چەندین خاڵی تریشی بۆ زیاد كرێ هەروەكو لە جاڕنامەی ئیسلامی مافەكانی مرۆڤ دا هاتووە كە بەم دواییانە لەلایەن ولآتە موسڵمان نشینەكانەوە پەسەندكرا.

ئەگەر جاڕنامەكەی مافی مرۆڤ ڕۆڵی هەبو بێت لەڕەوتی گەشەسەندنی مافی مرۆڤ دا ئەوا بەهەمان شێوە سەدان ساڵە دەقەكانی قورئان و سوننەتیش لەڕووی مافی مرۆڤەوە كاریگەرییان بووەو دەبێت.

ئەكرێ بۆ نموونە ئاماژە بەچەن دەقێكی قورئانی بدەین كە پەیوەستن بەمافەكانی مرۆڤەوە و تەنها تەنها وەگەڕ خستنیان پێویستە لەواقع دا لەوانەش هەر بۆ نموونە :

–ڕێز گرتن لەمرۆڤ تەنها لەبەر مرۆڤ بونی ﴿ ولقد كرمنا بني ادم ﴾ الاسراء/7.

–مافی ژیان ﴿ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَو جَمِيعًا ﴾ مائدە/32.

– سود بينين لەخۆشگوزەرانيەكانی ژيان ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ ﴾ أعراف /32.

– مافی ئازادی بيروڕا ﴿ وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ ﴾ يونس/99

﴿ لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ ﴾ البقرة/256

دیارە تاوتوێ كردنی ئەم باسە زۆری دەوێ وبەوەندە كۆتایی دێنم، تەنها ئاماژەیەك كە بمەوێ لێرەدا بیدەم ئەوەیە كە یەكەم بەندی جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ دەڵێ ی بەدەستكارییەكی كەمەوە لەوتەیەكی ئیمامی عومەرەوە وەرگیراوە جا نازانم

ئەوە ڕێكەوتە یاخود وەرگرتنە لەو قسەیەی ڕۆسۆوە كە باسیش لەوە دەكرێ ئەویش لەسەر چاوە ئیسلامیەكانە وەری گرتووە ؟

ئایا هێزە ئیسلامیەكانی ئەمڕۆی كوردستان ئەم جۆرە تێگەیشتنەیان هەیە بۆ مافەكانی مرۆڤ ؟ وە دەتوانن ئەوە پاسادان بكەن كە ئیسلام دینی ئازادی و دادپەروەریە؟ وەلأمی برای نوسەر بۆ ئەم پرسیارە سلبیە و بڕواشی بەوەنیە ئەمە پێدراوێك بێت لەمێژووی كۆن و هاوچەرخی سیاسییە دینییەكانی ناوچەكە و هێزە ئیسلامییەكاندا بتوانرێ پاسادان بكرێ. تاوتوێ كردنی ئەم بۆ چوونە دەرفەتێكی گونجاوی دەوێ و لێرەدا بواری شیكردنەوەیم نابێت، سەبارەت بەو مەسەلەیە لە مێژووی كۆنی موسڵماناندا، كتێبی ( الحریة أو الطوفان ) ی ( د. حاكم المطیری) یم وەرگێراوەو وەلأمی بەشێك لەو تێزەی تێدایە، سەرەڕای هەڵسەنگاندنێكی ڕەخنەییانەی مێژووی گۆتاری سیاسی ئیسلامی لەتەوەرەیەكی تری ڕەخنەكانی ئەو بەڕێزە داهاتووەو دەڵێ:( یەكێك لە كێشە گەورەكانی هێز و ڕۆشنبیرە ئیسلامیەكان لەوەدایە دین لە دەركەوتەكانی دین لەناو مێژوودا جیادەكەنەوە ...) وا دەزانم بەهەڵەنووسراوە ( جیابكەینەوە ) پاشان دەڵێ ( دین یەكسانە بەمێژووی دین، بە مێژووی ئامادەبوونی دین لەناو كۆمەڵگا ئینسانییەكاندا )....

ئەوە ڕاستە مێژووی پیادەكردنی دین لەناو كۆمەڵگا مرۆییەكاندا بە ڕووە ئیجابی و سلبیەكانیەوە كاریگەری هەیە لەسەر خودی دین خۆی وەكو بیرو باوەڕو ناساندنی بەلأم ئەوەش تەواو نی یە بەو گشتیە بڵێین (دین یەكسانە بە مێژووی دین، بە مێژووی ئامادەبوونی دین لەناو كۆمەڵگا ئینسانیەكاندا ...) وا دەزانم ئەم هاوكێشەیە نەك بۆ دین بەڵكو بۆ عەلمانیەتیش كە ئەزمونێكی تەواو مرۆیی و دونیاییە دروست دەرناچێ ... ئایا دروستە بوترێ :( عەلمانیەت یەكسانە بە مێژووی عەلمانیەت، بەمێژووی ئامادەبوونی عەلمانیەت لە كۆمەڵگا ئینسانیەكاندا). جا ئەگەر وەلأمە ئیجابی و بەڵێ یە. ئەوا دەپرسم ئایا ئەو عەلمانیەتەی كە برای نوسەر بانگەشەی بۆ دەكات و پێ ی لەسەر دادەگرێ

یەکسانە بەو مێژووەی کە سانێکی وەکو ستالین و کاسترۆ و ئەتاتورك و بۆرقیبە و هاو وێنەکانیان تۆماریان کردووە؟!

خۆناکرێ سیستەم و بیردۆزە ئیشتراکی و کۆمۆنیستەکان لانی کەم لە ڕووی تیۆرییەوە بخەینە دەرەوەی عەلمانیەتەوە ؟!

ئەگەر ئەمانە دیکتاتۆر و ستەمکار بوون و کارەکانیان بەدەرە لە عەلمانیەت و دیموکراسیەت، کەواتە بەم قسەیە عەلمانیەت و مێژووی عەلمانیەت لێك جیادەکرێتەوە ئەگەر ئەمەش سەلما ئەوا بەدەر بڕینی کاك مەریوان خۆی ( کەمن تەنها ووشەی عەلمانیەتم لەبری دین بەکارهێناوە ) دەڵێم :( مێژووی عەلمانیەت نیشانمان ئەدات کە شتێك بەناوی ((عەلمانیەتی خالیس)) یان (( عەلمانیەتی بێگەرد)) ەوە بونی نی یە .. چونکە بەپێ ی بۆ چوونی کاك مەریوان خۆی عەلمانیەت هەیە ئایدۆلۆژییە و مۆدێرنەش ڕووی فاشیەتی هەیە ... لەگەڵ ئەوەشدا لای نوسەری بەڕێز چەند پێوەرێك هەیە بۆ ئەوەی سیستەمێك بەعەلمانی بزانرێ، لەبەرامبەریشەوە دیدی ئیسلامیەکیش بۆ ئیسلام راستەقینە هەروایە هەموو ڕەفتارێکی مێژوویی موسڵمانان لەسەر ئیسلام حسێب ناکات، بەبۆ چوونی من داکۆکی کردن و پێ داگری کاك مەریوان لەسەر دیموکراسیەت و دیموکراسی بون زانستی ترە وەك لەوەی لە عەلمانیەتی بکات. لەبەر چەندین هۆکاری جۆراو جۆر کە لێرەدا دەرفەت نی یە قسەی لەسەر بکرێ و، هەروەك چۆن ناتوانم تیشك بخەمە سەر ڕونکردنەوەی ڕۆڵی عەلمانیەتی ڕۆژهەلاتی لە ( بێ دین کردنی کۆمەڵگەو نەهێلآنی ناسنامەی خود)کە کاك مەریوان نزیکەی دووستونی باتە ڕەخنەییەکەی بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دەربڕینە تەرخان کردووە.

لەکۆتایی بابەتەکەش نوسەر کۆمەڵێك پێشنیارو سەرنجی جوان دەخاتە ڕوو بەلآم بەو دەر ئەنجەمەمان دەگەیەنێ کە داواکارییەکانمان بکەینە داواکارییەکی عەلمانیانە کە ئەمە خاڵی ناکۆکیمانە هەرچەندە پەیوەندی و ڕایەڵەی گەیەنەر لەم نێوەندەدا هەیە، گرنگ ئەوەیە بەهەموو لایەك بتوانین زۆرترین ماف و کەرامەتی مرۆڤ

**لەم كوردستانەدا دەستەبەر بكەین و (ولقد كرمنا بنی ادم) دروشمی هەموان بێ، سوپاس بۆ كاك مەریوان وریا قانع.**

# سیاسەت و سیاسەتی شەرعی

**خوێندنەوەیەكی خێرا**

**ژمارە 4ی-مارسی-2004- گۆڤاری باباگوڕگوڕ**

كەم ووشە و چەمك هەیە هێندەی سیاسەت ناشرین و قێزەون بوبێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە دوورو درێژەی سیاسەت و پیاوانی سیاسی هەیان بووە لەجەور و ستەم و زۆرداری و سەركوت كردن و خۆویستی و بەرژەوند خوازی و دەسەلات گەرایی وخواردنی مافی گەلان و سەرەڕای ناشرین پێشاندانی سیاسەت بۆ مەبەست و مەرامی تر، (أوستین رنی) دەلێ سالی 1944 یەكێك لە دەزگاكانی كۆكردنەوە و راپرسی پرسیارێكی ئاڕاستەی (2560)ئەمریكی كرد پرسیارەكەش ئەمەبوو (ئەگەر منالێكت هەبێ و یەكسەر خوێندن تەواو بكات ئایا دەتەوێ سیاسەت بكاتە پیشەی ژیانی؟) لە 69٪ یان زۆر بەسادەی ووتیان نەخێر و لە 13٪شیان وەلامی تەواویان نەدابویەوە و وتبویان "(ئەوە لەسەر باردۆخ وەستاوە). تەنها 18٪یان وەلامەكەیان بەبەلێ بوو، ئەمە جگە لەوەی لە48٪ی ئەوانەی پرسیارەكەیان ئاڕاستەكرابوو، ووتبویان باوەڕمان بەو وتەیە هەیە كەدەلێ:(نزیكە بوتری ئەستەمە – مرۆڤ بەڕاستگۆیی و ئەمینداری بمێنێتەوە ئەگەر بچێتە گورەپانی سیاسەتەوە) جا ئەگەر ئەمە راپرسی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بێ ئەبێ ڕێژەكەی ئێستاكە چی بەسەر هاتبێ؟ئەوەش راپرسی تری دەوێ، دیارە ئەم دیدە سەبارەت بەسیاسەت بەهۆی ئەوەوە بووە كەسیاسەت كردن لەجیهانی هاوچەرخ دابریتی بووە لە فێل دەست بڕین و ستەم و زۆرداری و هەلخەلەتاندن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەوترێ فلان كەس ئەو توانایەی نەبوو فلان شت بگرێتە دەست یان بەرپرسی فلان كاربێ لەبەر ئیعتباری سیاسی دانرا نەك لەبەر لێوەشاوەیی

خۆی یاخود دەوترێ ئەو كارە لە ڕووی زانستی و ئابوورییەوە خراپ و نەشیاوە بەڵام ناچارین لە بەر ئیعتباری سیاسی وەهابكەین(1).

بەدەر لەوەی كەووتمان بابزانین پێناسەی سیاسەت چیە ومەیدانەكانی چین و چی دەگرێتەوە بۆئەوەی هەڵوێستی ڕوونی لەبەرامبەردا وەربگیرێ.

وەئایا چەندی بەئیسلام دەخوات وچی شتێكی نامۆیە پێی وەئایا ڕاستە سیاسەت ئەوەندە قێزەونە كەدەبێ مرۆڤی دیندار لێی دوور كەوێتەوە و سیاسەت نەكا وەئایا بۆچی هەر ئەو كەسانە خۆیان دەكەنە پێشەنگ لە كاروباری سیاسی و سیاسەت كردندا، سەرەتا با ئەوە بڵێین ووشەی سیاسەت كە لە كوردیدا (ڕامیاری) بۆ دانراوە بەواتای كاروبار خستنەدەست ورام كردن دێ، لەزمانی عەرەبیش دا بەواتای راپەڕاندنی كاروبار و بەڕێوەبردنیەتی (القيام بالأمر وتدبيره)، كاتێكیش دەوترێ (ساس الامر سياسة) واتا پێی هەستا (قام به)، كاتێك یەكێك كاروباری خەڵك دەگرێتە دەست پێی دەوترێ(سوس الرجل أمور الناس). (السياسة)ش راپەراندن و ئەنجام دانی كاروبارەكانە بەو شێوەیەی چاك و چاكسازی تێدا ئەنجام بدرێت (القيام بالشئ بما يصلحة)(2).

ئەوەی تێبینی دەكرێ هەروەك (السيد صدرالدين القبانجي)ش ئاماژەی پێ دەكا كە واتا زمانەوانییەكی ووشەی(سیاسە) مانایەكی گشتی هەیە و تایبەت نیە بەكاروباری دەوڵەت و حكومەتەوە. بەم واتایەش خەمخۆری و بەڕێوەبەری لە هەر كار بوارێك دا (سیاسەتە)، بەم پێیە دروستە بوترێ: ئازاد سیاسەتی بەو شێوەیەیە لەگەڵ برادەرەكانیدا، یا دەوترێ لەبازرگانیدا سیاسەت بەو شێوەیەیە، هەر لەهەمان روەوەیە كە دەوترێ: سیاسەتی بەكرێ دان و سیاسەتی بەرهەم هێنان، یا سیاسەتی بازاڕ...هتد.

بەڵام (سیاسەت) لەڕووی پێناسە و زاراوەوە ئەو واتا فراوانەی نییە كەلە زمان دا هەیەتی، هەر بۆیە دەبینین زۆركەس سیاسەت ڕەت دەكاتەوەوەنایەوێ سیاسی بێ یان دەڵێ هیچ زانیارییەكم بە سیاسەت نییە لەگەڵ ئەوەی توانای بەڕێوەبردن وڕێكخستنی چەندان كاروباری هەیە ...(سیاسەت بە واتا و پێناسە تایبەتیەكەی واتای بەڕێوەبردن و سەروكاری كردنی ئەو كاروبارە كۆمەڵایەتیەگشتیانە دێ كە پەیوەستە

بەفەرمان ڕەوایی و دەسەلاتەوە)(3) بەم واتا و پێناسەیەش لەفەرموودەی پێغەمبەری خوادا ئاماژەی پێ دراوە ((کان بنو إسرائیل تسوسهم أنبیاؤوهم))متفق علیه، پێغەمبەرانی بەنو ئسرائیل هەڵسان بەبەڕێوەبردنی کاروباری بەنو ئیسرائیل و پێشەوایی کردنیان لێرەوە دەکرێ بوترێ سیاسەت بە واتا زاراوەییەکەشی دژ و پێچەوانە نیە بە واتا زمانەوانییەکەی، چونکە دەبێتە بەشێك لە ئەو، لە ڕووی تەنگی و فراوانیەوە جیاوازن... لە زماندا بەڕێوەبەری و سەروکارییە بەڕەهایی... لەپێناسە زاراوەییەکەیدا کە پاشتریش هەندێك پێناسەی لێك جیای تری دەهێنێن بریتیە لە(بەڕێوەبردن و سەروکاری لەو کاروبارانەی پەیوەستە بەحوکم و دەسەلاتەوە ).

تەنانەت لە واتا فەڕەنسی و ئینگلیزیە کەشیدا(politique) پۆلیتیکی(politics) نزیك لەوەی ڕابورد و بە واتای بەڕێوەبردنی شار(تدبیر المدینە)دێ، بەو پێ یەی لەهەردوو ووشەی—polis المدینە– والتدبیرteche پێك دێ بەیەك گرتنیشیان ئەو واتایە لەخۆدەگرێ(4). کە بریتیە لە بەڕێوەبەری کاروباری شار، ئەم پێناسەیە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە... لە ڕوانگە ئیسلامیەکەشەوە پاشکۆی (الشرعیە)شی بۆ زیاد دەکرێ بەو پێیەی دەبێ سیاسەتی ئیسلامی لەشەرعەوە سەر چاوەبگرێ و پەیرەو و مەبەستەکانی لەوەوە شەرعیەت بەدەست بهێنێ و مێژوی سەرهەڵ دانیشی بۆنەی تایبەتی خۆی هەیە... هەروەکو ووشەی سیاسەت لە ڕوانگە ئیسلامیەکەیەوە(پاشتر دەچێنەوە سەری) بەڕەهایی پەسەند ناکرێ بەڵکو دەبێ(الشرعیة)شی بۆ زیادکرێ یاخود لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەو شێویە بێ، چونکە سیاسەتی ناشەرعیش هەیە و سیاسەتی شەرعیش(بریتی یە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی بەپێی ناوەڕۆکی شەریعەت بەتایبەت لەو شتانەی پەیوەستن بە کاروباری فەرمان ڕەوایی ودەسەلاتەوە کەدەکرێ ناوە ڕۆکەکەی بەپێی سەردەم و گۆڕانکارییەکان گۆڕانکاری بەسەربێ..)(5).

خۆ ئەگەر بەپێ ی پاشگری (الشرعية)ش سیاسەت بە کارهێنرا ئەوا مەبەست لێی سیاسەتە بە شێوە ئاسایی و واتا زاراوەیی و زانستیەکەی و دانابڕدرێ بەسەر سیاسەتێکی نائەخلاقیدا.

جارێکی تر بابچینە سەر چەند پێناسەیەکی تری (سیاسەت) بەڵام باشە ئەو سەرنجە بخەینە ڕوو کە ئێمە مەبەستمان نی یە بچینە نێو ئەو باسانەی کە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرن لەوانە ئایا سیاسەت (زانست—علم) یا (هونەر—فن)ە یا هەردووکیان و چەندان پرسیاری تر کە لێکۆلینەوەی تایبەتی دەوێ.

خاوەنی (القاموس السياسي) لە بارەی ئەم ووشەیەوە دەڵێ:(سیاسەت زانستی دەوڵەت دارییە)... ئاماژەش بەوە کە ئەرستۆ دامەزرێنەری یەکەمی ئەم زانستەیە لە کتێبی (السياسة)دا کەتیایدا باس لە یاسای کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات هەر لە خێزانەوە کە یەکەم یەکەی کۆمەلأیەتییە پاشان باس لە شار و دواتر لەدەوڵەت و پەیوەندی بەتاک دەوڵەتانی ترەوە دەکا کە ئەمەش بەسیاسەتی مەدەنی یا سیاسەتی دەولی ناسراوە.

لە هەمان کاتدا توێژینەوەی سیاسی سیستمی یاسای دەوڵەت و یاسا بنەڕەتیەکانی و یاسای فەرمان ڕەوایی و تەشریعی دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە توێژینەوەی (النظم السياسية) و (مبادئ)ە کانی دەگرێتەوە... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ ئێستا وای لێهاتووە ووشەی (سیاسەت) بە واتای هونەری فەرمان ڕەوایی و بنەما ڕێکخەرەکانی پەیوەندی دەوڵەت بە دەوڵەتانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێتەوە و لەو چوارچێوەیەی بە یاسای دەولی و دبلۆماسی دەناسرێ(6).

لەفەرهەنگی لیتریەی فەرنسی 1870 بەم شێوەیە پێناسەی کراوە (سیاسەت زانستی فەرمان ڕەوایەتی دەوڵەتە). یاخود بریتییە لە: (علم السلطة المنظمة في الجماعة الانسانية عامة) (زانسی دەسەڵاتی ڕێکخەرە لە کۆمەڵگا مرۆیی یەکاندا بەگشتی) کە دوفرجیە و زۆرێکی تر کردویانە، لەفەهەنگی (وبیر)ی ساڵی 1962دا هاتووە کە سیاسەت بریتی یە لە: (هونەری فەرامان ڕەوایی کۆمەڵگا مرۆییەکان) فەرهەنگی ئەمریکیش سەبارەت بەم پێناسەیە دەڵێ: ((زانستی سیاسەت یەکێکە لەو زانستە

کۆمەلأیەتیانـەی بـاس لـە بـیرودۆزە و ئەقلْیـەتی سیاسـی و سیسـتەمی حکومـەت و بەڕێوەبـەری دەکـا و سیاسـەت زانسـتێکی ئەکادیمیـە و بـیردۆزی سیاسـی و سیسـتەمی حکومەتەکان و یاسای گشتی و ئاڕاستە سیاسی و نەخشەکانی و بەڕێوەبەریەتی گشـتی و پەیوەندییە دەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی دەگرێتەوە).

بە واتایەکی فراوانتر وە بۆ ئـەوەی تـەنها (علـم السیاسـة) بـاس کـردن نـەبێ لـە دیاردەی دەوڵەت یـا دەسـەلأت ئـەوا قەبانچـی دەڵـێ پێناسـەی زانسـتی سیاسـەت(علـم السیاسة) بە((العلم بظواهر المجتمع السیاسي) یـاخود ((العلـم بظـواهر المجتمـع ذي الادارة المنظمة)) بەباشترین پێناسە دادەنێ(7)، ئەمـەش جـەخت کردنـە لـەڕووە سیاسـەیەکەی کۆمەڵگا کە بریتییە لە فەرمان ڕەوایەتی.

(موسوعة السیاسـة)ش چـەند پێناسـەیەك بـۆ سیاسـەت دەکـا لەوانە((سیاسـەت بریتیە لە هونەری سەرکردیەتی و فەرمان ڕەوایەتی کردن یا زانستی دەسەلأت یا دەوڵەت داری و ئەو پەیوەندیانەیە کە لە نێوان فەرمان ڕەوا و خەڵکی دا هەیە).

لە پێناسەیەکدا کە بـە(أکثـر دقـة وشمـولا) واتـە((وردتر و گشـت گیر))تـر نـاوی دەبات دەڵێ:((سیاسەت بریتیە لـەو چـالاکییە بـێ وێنـە کۆمەلأیەتیـەی ڕیکخـەری ژیـانی گشـتییە و ئاسـایش و هاوسـەنگی و پێکەوەسـازی دەسـتەبەر دەکـا– بـە هـۆی هێـزی شەرعیەت و سـەروەرییەوە– لـە نێوتـاك و کۆمەڵـە مونـافیس و ململانـێ کارەکانـدا لـە یەکەیەکی فەرمان ڕەوایـی سـەربەخۆدا لەسـەر بناغـەی پەیوەندییـەکانی هێـز، ئەوەشـە دەست نیشانی جۆری بەشداری لەدەسەلأت دا دەکا بەڕێژەی ئەو هاوکاری و گرنگیەی بۆ بەدەست هاتنی پاراستنی یاسای کۆمەلأیەتی و ڕەوتی کۆمەڵگا دەستەبەری دەکا).

لـە پێناسـەیەکی تـردا دەڵـێ:((ئـەو هەوڵەیـە دەدرێ بـۆ بـەر پـاکردنی یاسـا و دادگەری و زاڵ بونی بەرژەوەندی گشتی و کۆمەلأیەتی هاوبـەش لـە بەرامبـەر پەسـتان و زۆرکردنەکانی کۆمەڵە بەرژەوەندی خوازەکاندا–ضغوط المصالح الفئویة)) ...ئەمـە جگـە لـەهێنانی چـەند پێناسـەیەکی تـر لەوانـە پێناسـەی مارکسـی و چـەند پێناسـەیەکی گالتەجاری.

عومەرعەلی غەفوریش چەند پێناسەیەك دەهێنێ بەپشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەك لەوانە ((سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو هونەرانە دەگرێتەوە کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی تێردەکەن)) ((هونەری بەرێوە بردنە، رێگەی بەرێوەبردنی هەموو ئەو شتانەیە کە بۆکاروباری گشتی دەگەرێنەوە)).

((سیاسەت هونەری بەشداری کردنی خەڵکە بۆ چاودێری وچاککردنی ژیانی کۆمەلأیەتی)) (علم السیاسة، مارسیل بریو، ت: محمد برجاوی 9، 11، 12–33–34)(8).

ئەمە پێناسەی سیاسەت بوو بە واتا زانستییە کەی کەدەکرێ بووترێ سەرجەم ئەو پێناسانە لە دوو خاڵ دا کۆدەکرێتەوە :

یەکەمیان : باس لە هونەری بەرێوە بردنی دەوڵەت دەکا چ کاروبارە ناو خۆییەکانی بێ یا دەرەکیەکانی.

دووەم :خەمخۆری و بە تەنگەوەبون و رەچاوکردنی کاروبار و بەرژەوندی گشتیی خەڵکە لە سەرجەم بوارەکاندا و پێشێل نەکردنێتی لەبەر خاتری بەرژەوەندی چینێك یادەستەیەکی دیاریکراو... دیارە ئێمە خۆ دەبویرێن لەوەی کە فرت وفێل و چاوبەستەکی و بەرژەوەندی خوازییانە نادروست بە هونەر یا زانستی سیاسەت دابنرێ خۆ ئەگەر ئەمە ناوێکی هەبێت ئەوا بریتییە لە سیاسەتی چەواشە یا سیاسەتی نائەخلاقی...

جا ئەگەر سیاسەت بەرێوەبردنی دەوڵەت و کاروبارەکانی بێ یابریتی بێت لە خەمی بەرژەوەندی گەل و دابین کردنی پێداویستییە کۆمەلأیەتی و بژێوییەکانیان. ئەوا مافی هەر مرۆڤێکە بزانێ چی بۆ ئەکرێ چی لە دەوروبەریدا رووودەدا... ئایا چۆن کاروباری خەڵکی بەرێوە دەبرێ وکێ سەر پەرشیارو خەمخۆری کارەکانێتی ئەمەیە ئەرستۆ ناوی دەنێ ((مرۆڤ گیاندارێکی سیاسی یە)).

جا پێناسەکان هەرچۆنێك بێت ئەوە ئاشکرایە سیاسەت هۆکارێکی سەرەکیە ئەگەر وەك وەك خاوەنی (القاموس السیاسي) نەڵێین تاکە هۆکاری کۆمەلأیەتیە بۆ

ڕێکخستن و سازدان له نێوان داخوازیـه سیاسـی و کۆمەڵەیـەتی یـه لـەبن نـەهاتووەکانی دەسته و کۆمەڵه کۆمەڵایەتیەکان وەك ئاماژەمان پـێ ی کـرد، ئـاوێزانی سـەرجەم بـواره کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی کۆمەڵگه دەبـێ... سیاسـەت ئـەمڕۆ ڕێکخـەری ژیـانی مرۆڤەکانـه بەگشتی و بەشێوازێك ئاسایش و ئاشتی و سەقامگیری بەدی بهێنـێ بـەو ئەندازەیـەی لـه توناداية له ئـەنجامی خوێندنـەوەی سـەرجەم بوارەکـانی ژیـان و حسـاب کـردن بـۆ واقـع سیاسـەت هۆکارێکـه لەڕییـەوە داواکارییـه سـەرەکی و ئەسـتەمەکانی تـاك و کۆمەڵـەکان دەگۆڕێ بۆ حاڵەتێکی ساز و گونجاو لەڕێگەی گونجاندن و هاوسەنگی ومرونەت و سـازش کـردن و پلەپلەییـەوە، وەلەڕێگـەی دانـانی یاسـاوە کـه پشـت ئەسـتوره بەدەسـەڵات وشەرعیەت، سەرەڕای لەدەستابونی هۆکارەکانی هێز و زۆرلێ کردن(9)، ئەوەشمان لـەبیر نەچێ که چەندان بواری تر هەیه جا ئەگەر ئەمه واتای سیاسەت بێ، ئەوه مافی هـەموو کەس و هاوولاتیەکه به جۆرێك له جۆرەکـان بەشـداری تیایـدا هـەبێ و بشـکداری بکـا لـه دەسـەڵاتی سیاسـی وولاتەکەیـدا لەبـەڕێوەبردنی دا، بـه هەرشـێوەیەك کـەبواری ئـەو بەڕێوەبەری یه دەسازێ، دیاره لەسەر بناغەی چـەندین بنـەمای مەبـدەئی و فەلسـەفی و کارگێڕی که له ئەمڕۆدا جێی گرنگی پێدانی هونەر یا زانستی سیاسەته، بگره لـه کرۆکـی کـارێتی هـاو وێنـەی بـیردۆزه و فیکـری سیاسـی و سیسـتمی سیاسـی بەسـەرجەم ڕەهەندەکانیەوه وەك دەستور و حکومەت و بەڕێوەبەری کارەکـانی حکومـەت و پـارت و کۆمەڵه سیاسیەکان و ڕای گشتیی...

# سیاسەتی شەرعی

بــە ســەرنج دانێکــی خێــرای سیســتمە جۆربــەجۆرەکانی ئســیلام ئــەوە ڕوون دەبێتــەوە کــە ئەگــەر لەئیســلامدا تــەنها دەقێکــی ڕاســتەوخۆ و ئاشــکراش نــەبێ لەســەر بــەڕێوەبردن فــەرمان ڕەوایــی کاروبــاری موســڵمانان ، ئــەوا چــۆنیەتی خــەمخواردن و پیادەکردنی ئەو بوار و سیستەمانەی ئیسـلام داوای دەکـات ئـەوە دەخـوازێ یـان ئـەوە بەپێویست دەگرێ کەناکرێ موسڵمانان خۆی بەباوەڕدار و مسوڵمانی تەواو بزانێ ئەگـەر وێڵی ئالیەت و ڕێ چارەیەك نەبێ کار ئاسانی بکا بۆ پیادەکردنی ئەو چەمکانەی ئیسـلام دەیەوێ لەواقع دا بەرجەستەیان بکا.

فیقهی سیاسی یا فیقهی سیاسەتی شەرعی یەکێکە لـەبوارە فراوانـەکانی فیقهـی ئیسلامی کەزەمینەیەکی یەکجار فراوانی ژیانی مرۆڤ لـەخۆدەگرێ بەئیزافـە و زیـادکردنی سەرجەم ئەو چـەمکانەی کـەپێی دەوتـرێ ئیجتیهـاد و سەرچـاوەکانی تـری ئـەحکام کـە بە(مصادر غـیر أصـلية)دەناسـرێن وێنـەی (مصـالح مرسـلة، قیـاس، إستحسـان ...هتـد) ناوچەی (عفـو)یش یـا (المسـکوت عنـە) (بـێ دەنگـی لێکراوەکـان) هەنـدێکی بـەقیاس و هەندێکی بە(مصالح مرسلة) و... هتد پڕدەبێتەوە.

دیـارە (سیاسـەتی شـەرعی ) هـەموو ئیسـلام نـی یـە بـەلأم بـوارێکی گرنگـە لـە ئیسلامدا و جێگەی گرنگی پێدانی فیکر و ئیجتیهادی ئیسلامییە... چونکە چەندان بواری ترمان هەیە و هەریەکەشی مەیدانی قسـە لەسـەرکردنی تایبـەتی دەوێ، ئەوەیشـی پێـی دەوتـــــــرێ(السیاســــــة الشــــــرعية)یــــــاوەکو ابــــــن القــــــیم دەڵێ :(السیاسە العادلة) ئەوا باسکردنە لەو پەیوندیە لـەنێوان تـاك و دەوڵـەت و فـەرمان ڕەوا و خەڵکی و دەسەلاَت و گەل دا هەیە، ئەو مەیدانەی سیاسەی شەرعی دەیگرێتـەوە ئەمڕۆ لەچەندان بواری وەك: فیقهی دەستوری و مالی و کارگێڕی و نێودەوڵەتی و جینائی ... هتد.. جێی دەبێتەوە و قسەی لەسەر دەکرێ ...

بابەتەکانیشی لە فیقهی ئیسلامی دا، تایبەت بوون بەوەی پێی دەوترا (احکام الامامة) لەوانە حوکمی ئیمامە و مەرجەکانی و پێویستیەکانی سەر شانی و چۆنێتی دانانی و لەکارخستنی و لادانی. هەروەها بابەتی وەزارەت و مەشروعیەت و بەش و مەرجەکانی وەزیر و پێویستی یەکانی سەر شانیان ئەمە جگە لەباسی دیوانەکانی دەوڵەت و حکومیان و پێویپستی سەرشانی والیەکان لە ئەحکامەکانی جیهاد و ڕێککەوتن (هدنة) و سولّح و (أمان) و ئەحکامەکانی وەزارەت وحسبە و ئەوەی بە(الاموال السلطانیة) ناسراوە لەڕووی داهات و بەخشینەوە و دانانی والیەکان لە کاروبارەکانیان و ئەحکامی ئەهلی (ذیمة) و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت، کە بەپێ ی گۆڕان و فراوان بوونی ئەم بازنانە فراوان ئەبێ...

زانایانمان بەسەرجەم مەزهەب و بۆچوونە جیاجیاکانیانەوە ئەم یاسانەیان لە(فیقهی) گشتی و کتێبی تایبەتیدا باس کردووە وەك (الاحکام السلطانیة)ی ماوردی شافعی/(450)ه وأبی (یعلی)حنبلی (ت/458)و(غیاث الامم في التیاث الظلم) یا (الغیاثي) هی ئیمامی (حرمین أبی المعالي الجویني) الشافعی(478) و(السیاسة الشرعیة في إصلاح الراعي والرعیة )ی إبن تیمیة و(الطرق الحکیمة) و (الفراسة)ی ابن القیم (749) هەروەها (الخراج)ی أبی یوسف ت181) و(الخراج) یحي ابن آدم 204 (الاموال) ابن سلام ت224، چەندانی تر لەم بوارەدان.

هەروەها (معید النعم ومبید النقم )ی تاج الدین عبدالوهاب ابن السبکی 771 و(نظام الحکومة الذبویة المسمی بالتراتیب الاداریة) عبد الحي الکتانی (تسهیل النظر وتعجیل الظفر في اطلاق الملك وسیاسة الملك )ی ماوردی 450) وچەندان کتێبی تری وەك (دستور معالم الحکم)ی محمد بن سلامه القضاعي 454 و(التبر المسبوك في نصیحة الملوك )ی ابی حامد الغزالی 505(سراج الملوك )ئەبوبەکری الطرطوشي520 و(الشفاء في مواعظ الملوك والخلفاء)ی محمد ابن الجوزي 597 و(الفخري في الاداب السلطانیة)ی محمد بن علي طباطبا 709سەدان کتێبیی تر، سەر سەرەڕای هەوڵی زانایانی هاوچەرخ(10) لەم ڕووەوە. مەبەستیشمان لە چەمکی سیاسەتی شەرعی ئەو جۆرەیە لە سیاسەت کە لە

سەر بنەما و ئەحکام و ئاراستە شەرعیەکان بنیات نراوە و مەبەست و هۆکارەکانیشی لەو چوارچیۆەیەدا جێ ی دەبێتەوە  چونکە بەڵگە نەویستە و دەکرێ سیاسەت دژی شەرع بێ هەروەك بەڵگە نەویستە و دەکرێ سیاسەت دژی شەرع بێ یا نا شەرعی بێ بەپێ ی دیدی ئیسلامی، هەر بۆیە لەکۆن ونوێ دا ئەم چەمکە واقعیەتی بووە دەیبێ، سەرەتای ئەم چەمکەش لەو کەمتەرخەمیانەوە سەری هەڵدا کە هەندێ لەفەرمان ڕەوایان ئەنجامیان دەدا لە ژێر ناوو پاساوی (سیاسەت)دا... گوزارەی(شەرعی)کەش ئاماژەیە بۆ ئەو چوارچێوەی لەسنوری شەرع دا جێ ی دەبێتەوە بەلاًم دەبێ ئەوە بزانین مەبەستمان لە(شەرع) لێرەدا ئیسلامە بە واتای ئەو سیاسەتەی لە قورئان و فەرمودەوە وەرگیرابێ نەك هەندێ تێگەیشتنی تایبەتی یا تێزی مێژوویی لە کە لەپوور و کەلتوری ئیسلامی یەکجار زۆرن و مەرج نییە یەکسان بن ئیسلام، چونکە لەو مێژووە دور و درێژەدا ئیجتیهادی پابەند بەکات و شوێنی زۆری تێدایە کە پێچەوانەی مەبەست و کرۆکی ئیسلامە... هەرخودی سیاسەتی شەرعی مەیدانێکی یەکجار فراوانی بواری ئیجتیهاد لەخۆ دەگرێ... گرنگ ئەوەیە دژ نەوەستێ لەگەڵ دەققە شەرعیەکان و یاسا و ڕێسا چەسپاوەکانی شەریعەت دا.

زانایانی پێشین بێ ئاگانەبوون لەچەمکی سیاسەت و قسە و باسیان لێی کردووەو بەپێی تێگەیشتنی خۆیان لەم چەمکە دوواون... (د.القرضاوی) دەڵێ سیاسەت لەلای زانایانی پێشینمان دوو، واتای هەبووە:

یەکەمیان: واتا گشتی یەکەی بووە (کەپێشتر ئاماژەمان پێ کرد) بریتی یە لەبەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارە دونیاییەکانیان بەپێ ی ڕێساکانی ئیسلام، هەر بۆیە دەبینین (خلافە) بەوە پێناسە دەکرێ کەبریتیە لە جێگرتنەوەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم بۆ پاراستنی ئایین و پیادەکردنی ئەو ئایینەش لە کاروبارەکانی دونیادا.

دووەمیشیان: واتایەکی تایبەتە ئەویش بریتیە لەو دید و بۆچونەی پێشەوای موسڵمانان بەباشی دەبینێ یا ئەو بڕیار و حوکمانەی دەری دەکا بۆ دوورخستنەوەی

خەڵك لە خراپەیەك كە هەیە یاخود نەهێشتنی خراپەیەك كە دەكرێ بێتەدی یا چارەسەكردنی بارودۆخێكی تایبەت(11).

سەرجەم ئەو كار بەدەستانەی بەپێ ی شەریعەت ئیسلامیان لەمەیدانی ژیاندا پیادە كردووە سیاسەتیان بەهەر دوو واتاكەی ڕەچاوكردووە، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو ڕا و بۆچون و ئیجتیهادەنوێیانەی خەلیفەكان، بەتایبەت ڕاشدین پیادەیان كردووە و هەر یەكەیان شتێكی جیا لەوەی ووتوە یاكردووە، ئەوا زیاتر لە ژێر واتای دووەمی سیاسەت دا جێی دەبێتەوە... (ابن القیم) لە هەر دوو كتێبەكەیدا (الطرق الحكمیة) و (الفراسة) دەیان نمونەی لەم بارەیەوە هێناوەتەوە(12)، (ابن القیم ) سەبارەت بەچەمكی (السیاسة الشرعیة) لە(الطرق الحكمیة) و (الفراسة)دا گفتوگۆیەكمان بۆ دەهێنێ كەلە(علامة) (ابن عقیل)ی وەرگرتووە لە كتێبی (الفنون )دا.

(ابن عقیل) دەڵێ: سەبارەت بەدروستی ڕەفتار بەسیاسەتی شەرعی لە سوڵتان نشین (سلطنة) دا گورج و گۆڵییە(هو الحزم) و سەرجەم زانایانیش ئەم قسەیان كردووە.

شافعی فەرموویەتی(لا سیاسة الا ماوافق الشرع) سیاسەت ئەو كردارەیە كە ڕەوابێ بەپێی شەرع.(ابن عقیل)یش دەڵێ سیاسەت ئەو كردارەیە كە خەڵكی بە هۆیەوە لەخراپە و پشێوی دوور دەكەونەوە و لەچاكە نزیكتر دەبن با پێغەمبەریش نەیهێنابێ یا وەحی لەسەر نەهاتبێ، ئەگەر مەبەست لە گوتەزاكەی شافعی (الا ما وافق الشرع) دژنەبونی بێ بەوەی لە شەرع دا هاتووە ئەوە تەواوە، خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ سیاسەت تەنها بریتیە لەوەی شەرع ووتویەتی ئەوە هەڵەیە و بەهەڵەخستنەوەی هاوەڵانیشە(13).

پاشان (ابن القیم) ڕای خۆی دەخاتە سەر ئەم باسە و سەرنجی خۆی دەخاتە ڕوو كەئەمە كورتەی مەبەستەكەیەتی: ئەم باس و خواسی سیاسەت زۆر پێی هەڵ خلێسكاندووە، زۆر تێگەیشتنی بەهەڵەدا بردووە، هەندێ كەمتر حەقیان تیایدا نواندووە تەنانەت (حدود) و (مافەكانیان) لەكار خستووە و جورئەتیان داوەتە بەردەم خراپەكاران و شەریعەتیان بەشێوەیەك كەم كورت پێشان داوە كە لە توانایدا نەبێ

بەرژەوندیەكانی  خەڵك بـەدی بهێنـیٚ و پێویسـتی بـەدەر لـەخۆی بیٚ، چـەندان دەرگـای راست و رەوایان لە خۆیان داخسـتووە،  لەگـەڵ ئـەوەی خۆیـان و جگـە لەخۆشـیان، بـیٚ دوودڵی زانیویانە ئەو رێگایانەی گونجاوو پڕاوپڕە بەواقع بەڵام بەگومانـەوە وایـان زانیـوە دژن بەبنـــەماكانی شـــەرع، ئەوەشـــی ئـــەم دیـــد و بۆچـــونەی بـــۆ دروســـتكردوون كـــەم ئاشنایەتیان بووە سەبارەت بەناسینی شەریعەت و واقیـع و چـونێتی پێكـەوە سـازانیان، ئەمەش دەرگای خراپەكاری كردەوە لەسیاسەتیاندا و خراپەكاری زۆریان بـەدی هێنـا ... هەنـدێكی تـر لەبەرابـەر ئەمانـدا زیادەڕەویـان كـردووە و بەپێچـەوانەی حـوكمی خـوا و پێغەمبـەرەوە شـتیان ئـەنجام داوە ئـەم دوو دەسـتەیەش هیچیـان بـەباش لـە پـەیامی پێغەمبـــەر تـــیٚ نەگەیشـــتوون، چـــونكە ئامـــانجی نـــاردنی پێغەمبـــەران و كتێبـــەكانیان بەرپاكردنی دادگەری (قسط)ە،  ئەو دادگەریەی زەوی و ئاسمانەكانی لەسەر ڕاگیراوە جا كاتیٚ نیشانەكانی دادگەری بەدەركەوتن و بەهەر ڕێگەیەك ڕووی خۆیـان خسـتەدەر ئـەوە شەرع و ئاینی خوایە ...خوای گەورەش ڕونی كردۆتـەوە مەبەسـتێتی دادگـەری بـەرپابیٚ لەنێوان بەندەكانیدا و خەڵكی ئەو دادگەرییە بەئەنجام بگەیەنن هەر ڕێگەیەكیش (عدل) و (قسط)ی ئەهێنایە دی ئەوە بەشێكە لەئاین و پێچەوانەی نییە لەگەڵیدا.

بۆیە ناوتریٚ سیاسەتی عادیلانە و دادپەروەرانە پێچەوانەیە بەوەی شـەرع باسـی كردووە یا فەرمویەتی، بەڵكو ڕێكە بەو شتانەی شەرع هێناویەتی و بەشێكە لەبەشەكانی.

ئێمەش (مەبەستی خۆی و زانایانە) بـەپێی ئـەو زاراوەیـە و بـە كارهێنـانی ئێـوە (مەبەستی خەڵكییە بە گشتی) ناوی دەنێین (سیاسەت) ئەگینا ئەگەر وابیٚ ئەوا بریتی یە لە دادگەری خوا و پێغەمبەرەكەی بەڵام بەو ناو و ناونیشانانەوەوە دەركەوتوە.

بۆ ئەم مەبەستەش دەیەها نموونە دەهێنێتەوە من لێـرەدا تـەنها یـەك نمونـەیان دەهێنم (ابن القیم )دەڵیٚ: پێغەمبەری خوا بـەهۆی تۆمـەت (تهمـە)وە خـەڵكی گرتـووە، كاتێكیش نیشانەی گومان و دوودڵی لەسەر تۆمەتبار بەدەر كەوتبیٚ  سزای داوە. جا هەر كەسیٚ هەر تۆمەتبارێكی گرت تەنها بەوەندە وازی لیٚ هێنا كە سوێندی بدا و ئیتر بەرەڵای كات لەگەڵ ئەوەش دا بزانـیٚ ناسـراوە بـە خراپـەكاری و دزی و جـەردەیی و بڵـیٚ نـایگرم

تەنها بەهۆی دوو شایەتی دادگەررەوە نەبێ، ئەم قسەی پێچەوانەی سیاسەتی شەرعیە (14)، ئەمە سەرەڕای چەندان حوكم و بڕیاری تر كە خەلیفە و هاوەلأن بۆ سەردەم و بارودۆخی خۆیان گرتویانەتەبەر و ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەو كاتەیان كردوە.

(د.یوسف القرضاوی) چەند ووتەیەكی تری (ابن القیم) مان بۆدەخاتەڕوو كە لە(إعلام الموقعین)ەوە دەیهێنێ و دەری دەخا كە ئیسلام بۆ ناوەڕۆك و كرۆكی مەبەستی شتەكان دەڕوانێ و بەو پێیەش باشی و خراپی دیاری دەكرێ... هەر لەم ڕوانگەیەوە (ابن القیم)ئەوە پەسەند ناكا كەڕێ و ڕێبازەكانی فەرمان ڕەوایی (شەریعەت) و (سیاسەت)بن و سەبارەت بەم دابەشكردنە(ابن القیم) دەڵێ: دابەش كردنی ڕێ و ڕێبازەكانی فەرمان ڕەوای هەندێكیان بۆ شەریعەت و حەقیقەت یاخود وەك دابەش كردنی هەنێكی تر كە ئاین دابەش دەكەن بۆ عەقلێ و نەقلێ هەموو ئەم دابەش كردنانە دابەش كردنێكی پرو پوچن (قسەكە هی ابن القیم )ە، بەڵكو سیاسەت و حەقیقەت و تەریقەت و عەقلێ هەموو ئەمانە دابەش دەبن بۆ دروست نادروست (صحیح وفاسد) دروستەكەی بەشێكە لەبەشەكانی شەریعەت بەشی تری نی یە، پڕپوچ (باطل)یش پێچەوانە و ناكۆكە بە شەریعەت، ئەم بنەمایەش لە گرنگترین بنەما و بەسوترنیانە، ئەمەش لەسەر یەك شت ڕاوەستاوە، ئەویش هەمەلایەنی پەیامی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) سەبارەت بەهەر شتێ كەبەندەكان لەمەعریفە و زانست و كردار پێویستیانە و ئومەتەكەشی لەدوای خۆی پێویستیان بەكەس نی یە و تەنها ئەوە نەبێ شەریعەتیان پێ بگات)(14).

بەپێ ی وتەكانی هەریەك لە (ابن عقیل) و (ابن القیم )ئەوە دەردەكەوێ سیاسەت بەشێكە لەشەریعەت و لقێكەی لێی ..نەك دژ و بەرامبەر و ناكۆك بەیەكتری .. ئیسلام لەسیاسەتدا كورت ناكرێتەوە هەر بۆیە زاراوەی ئیسلامی سیاسیش هەڵەیە، مەگەر بەكەسانێك بوترێ زیاتر گرنگی بدەن بە بواری سیاسەت لە ئیسلامدا ئەو كات دەبێتە سیاسەت لە ئیسلامدا نەك ئیسلامی سیاسی وەك جۆرێك لە ئیسلام.

بەڕەهایی ناوترێ سیاسەت خراپە، چونكە سیاسەتیش وەك هەر بوارێكی دیكە باش و خراپ و پەسەند و ناپەسەندی هەیە، ئیسلام بە چەند بەند و سنور و بەها و

ڕەوشتێك سیاسەت ڕەنگ ڕێژدەكا و لێرەش لێزانی سیاسی و كار لەبواری سیاسەت دا یەكێكە لەبوارەكانی كاری موسڵمان و جوان ئەنجام دان و پیادەكردنیشی ئەگەر بەو شێوەیەبێ كە دادگەری و ماف پەروەریی بەدی بهێنێ ئەوا ئەوە پیادەكردنەی هۆكاری نزیك بونەوەیەتی لەخوای گەورە وەك هەر كارێكی تری پەسەند و شەرعی، سیاسەتی شەرعی وەك چەمكێك كاتێك هاتەدی كەخەریك بوو بەناوی سیاسەتەوە لاڕێی لە شەریعەت دەكرا ... گومانی تیدا نیە كە بواری سیاسەتی شەرعی بوارێكی فراوانی ئیجتیهادی ئیسلامیە و لەو بوارانەش دا كە بواری ئیجتیهادە (ڕای پێشەوا، یا جێنیشینی پێشەوا یا ئەندامانی شورا... هتد لەشتێكدا كە دەقێكی شەرعی لە بارەیەوە نەبێ ، یا لە شتێكدا كەچەند لایەن و ڕوو (احتمال)ی تیابێ و ڕاوبۆچونی زۆر هەڵ بگرێ، ئەوا لەم كاتانەدا دەگەڕێینەوە بۆ بەرژەوندییەگشتییە باس نەكراوەكاندا (المصالح المرسلة)، مادەم ئەو ڕا و بۆ چونە لەگەڵ یاسایەكی شەرعی دا ڕوو بەڕوو نەبێ... جاری واش هەیە ئەو ڕا و بۆچونە بە گوێرەی بارودۆخ و داب و نەریت و ئەگۆڕی(15).

ئەم بۆچونانەی زانایانی (سلف) ئەوە دەسەلمێنێ كە مەدلولە شەرعیەكانی سیاسەت لە ئیسلام دا ئاسۆیەكی بەر فراوانیان هەیە و تاوەكو مەودای جیهانی پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكانی ناو دەوڵەت و بوارەكانی ژیان چڕو ئاڵۆز تر بن ئەوانیش فراوانتر و بەربڵاو تر دەبن، چونكە لەدەقەكاندا ڕێساگەلێكی فراوان هەیە كە زەمینەی ئیجتیهاد و (استنباط) خۆش دەكا و چارەسەری بۆ كێشە و مەسەلە هاوچەرخەكان دادەنێ(16).

بەپێی تێروانینی زانایانمان (كەنمونەیانم باسكرد) ئەوە دەردەكەوێ كە سیاسەت بە واتا شەرعیەكەی ڕاپەڕاندنی كاروباری خەڵكە بەشێوەیەك لە چاكە و خێر و خۆشی نزیككیان بكاتەوە و لەگەنەدەڵی و خراپەكاری بە دووریان بگرێ لە هەمان كاتدا بەڕێوەبردنی كاروباری خەڵكە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێكە لە شەریعەت و كارێكە لەو كارانەی پێغەمبەری خۆمان و سەرجەم پێغەمبەران بەشێوەیەك لە شێوەكان پێی هەستاون، زاناو مێژوونوس د.ضیاء الدين الريس لەكتێبی (النظريات السياسية الاسلامية) ل27–29دا دەڵێ: (هیچ گومانێك لەوەدا نییە كە ئەو سیستەمەی

پێغەمبەری (ﷺ) و باوەڕدارانی هاوەڵی لەمەدینەدا بەرپایان کرد– ئەگەر لەڕوانگەیەکی عەمەلیەوە بۆی بڕوانین و بەپێوەری سیاسەتی هاوچەرخیش بیپێوین– ئەکرێ بەتەواوی واتای ووشە بە((سیاسی)) وەسف بکرێ. ئەمەش ڕێگر نیە لەوەی لەهەمان کاتدا بە((ئاینی)) وەسف بکرێ، لەکاتێکدا ئەگەر ئاڕاستەی ئیعتیبارەکە ڕوانین بێ بۆ ئامانج و پاڵنەر و ئەو بناغانەی کە لەسەری بنیات نراوە.

سیستەم (نظام) ئەکرێ لەیەك کاتدا دوو وەسفی هەبێ... حەقیقەتی ئیسلام هەمەلایەنەیە، هەردوو بواری ماددی و گیانی (روحی) پێکەوە کۆدەکاتەوە و لەکاروباری ژیانی دونیا و دواڕۆژی مرۆڤ قسەدەکا ... ئەو دووانە پێکەوەبەندن و ناکرێ یەکێکیان لەوەی تر جیابێ ئەم ڕاستیەی سروشتی ئیسلام ئەوەندە ڕونە کە پێویستی بە ماندوبونێکی ئەوەندە گەورە و زۆرنیە بۆ بەڵگە هێنانەوە لە سەری، ئەم ڕاستییە پشت ئەستورە بەڕاستی یەکانی مێژوو، قەناعەت و بیروباوەڕی مسوڵمانانیش بووە لەسەرجەم چاخە ڕابردووەکاندا. خەریکیشە زۆرینەی ڕۆژهەلأت ناسان هەستی پێ دەکەن لەگەڵ ئەوەی لەژینگەی ئیسلامەوە نزیکیش نین. سەرەرای ئەمەش چەند کەسێك لە ڕۆڵەی موسڵمانان، ئەوانەی خۆیان بە((نوێ خوان)) دەناسن بەئاشکرا نکوڵی لەم ڕاستیە دەکەن، ئەوان وەها بانگەشە دەکەن ئیسلام تەنها ((بانگەوازێکی ئایینیە)) لەمەش دا مەبەستیان ئەوەیە بڵێن ئیسلام تەنها بیروباوەڕە یا پەیەندییەکی ڕۆحی یە لەنێوان تاك و پەروەردگاریدا هیچ پەیوەندیەکی بەژیانی ماددیانەی دونیامانەوە نیە و ناکرێ ئەمە پەیوەست کرێ بەکارو بارەکانی وەکو مەسەلەکانی جەنگی و دارایی، لەپێشەوەی هەموویانیش کاروبارە سیاسییەکان، یەکێك لەو گوتزایەی دووبارەی دەکەنەوە ئەوەیە کە دەڵێن ((ئایین شتێکە و شەریعەتیش شتێکی تر))(17).

ئەمە حەقیقەتی ئیسلامە تەنانەت خۆرئاویی یەکانیش بەتایبەت (ڕۆژ هەلأتناسان) لەگەڵ ڕق ئەستوریان بەرامبەر ئیسلام دانی پێدا دەنێن و سیاسەت بە بەشێکی دانەبڕوای ئەم ئیسلامە دادەنێن، کەچی تازە نەوەی موسڵمانان دەیانەوێ بەچەندەها بڕوبیانووی ناشایستە سەرجەم ئەو ڕۆڵەی لێ بسەننەوە کە بەشێکە لە

ئیسلام خۆی و لێی جیاناکرێتەوە یاخود بەبێ ئەوە ئیسلامێکی کەم کورتە، لەم بارەیەوە د.القرضاوی دەڵێ: (ئیسلامی ڕاستەقینە–بەوشێوەیەی خوا دایناوە– بۆنێکی سیاسیانەی هەیە، وەکاتێك واتا سیاسییەکان لەئیسلام داڕنێ، ئەواکراوەتە ئاینێکی تر ئەکرێ بوزی یا(نصرانی) بێ یاجگە لەمانە، بەڵام بەو شێوەیە ناوی بنرێ ئیسلام ئەوە نابێ) (18).

ئەمەش ڕاستیەکە تەنانەت ڕۆژهەلاتناس و ناموسڵمانەکانیش هەستیان پێی کردووە، پێم باشەچەند ووتەیەك لەو باریەوە بخەینەڕوو، لەوانە:

1–دکتور((فتزجرالد))Dr.v.fitzgerahd

دولێ:((ئیسلام تەنها (ئایین نی یە))((Areligion)) بەڵکو ((هەروەها سیستمێکی سیاسیشە(Apolitical Systemm)

سەرەڕای ئەوەی لەم سەردەمانەی دوواییدا چەند کەسێ لەموسڵمانان بەدەرکەوتن کەخۆیان بە((هاوچەرخەکان)) وەسف دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەم دوو بوارە و لایەنە لێك جیابکەنەوە بەڵام سەرجەم کۆشکی بیرکردنەوەی ئیسلامی لەسەر ئەوبناغەیە بنیات نراوە کە ئەم دووبوارە پێکەوە بەندن و ناکرێ یەکێکیان لەوی تریان جیابکەینەوە)).

2–مامۆستا((نللینو))C.A.Nallino دەڵی: ((موحەممەد)) لەیەك کاتدا ئایین(*Ariligion*)) و دەوڵەت ((astate)) ی بنیات ناوە سنوری ئەم دووانەش بەدریژایی ژیانی پڕاوپڕی یەك بوون )).

3–دکتۆر((شاخت)) Dr.Schachtدەڵێ: ئیسلام واتای زیاتر لە ئایین دەگرێتەوە، ئەو هەروەها نمایندەی چەندان بیردۆزەی یاسایی و سیاسییە، کورتەی قسەش ئەوەیە ئیسلام سیستمێکی تەواوی ڕۆشنبیرییە هەریەکە لە ئایین و دەوڵەت پێکەوە گرێ دەدا).

4-مامۆستا ستروپمان R.Strothmaunدەڵێ ((ئیسلام دیاردەیەکی ئاینی سیاسییە چونکە دامەزرێنەرەکەی پێغەمبەربوو. وەسیاسی و دانا و ((پیاوی دەوڵەت بووە)).

5- مامۆستا ((ماکد دونالد)) ((D.B.Macdonald)) دەڵێ: ((لێرە (لەمەدینە)دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم پێکهات و بنەما سەرەکیەکانی یاسای ئیسلامی دانا)).

6-سیر تۆماس ارنولد Sir.T Arnold دەڵی: ((پێغەمبەر لەیەك کات دا سەرکردەی دین ودەوڵەت بوو)).

7-مامۆستا ((جب)) دەڵێ: ئێستا کە ڕوون بویەوە کە ئسلام تەنها بیروباوەڕێکی ئایینی تا کەکەسی نی یە بەڵکو کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆی بەپێویست گرتووە، کە شێوازێکی دیاری کراوی هەیە لەفەرمان ڕەوای دا و چەندان یاسا و سیستمی تایبەت بەخۆی هەیە)).

مێژوونوس و سیاسی ئینگلیزی ((هربت فیشەر )) دەڵێ: ((ئیسلام هەر لەسەر تاوە ئەندازەیەکی گەورەی سیاسەتی لەخۆگرتووە)).

9-(برنارد لویس)) کەناسراوەترین ڕۆژهەلأتناسە هاوچەرخەکانە دەڵێ: لەڕاستیدا ئیسلام، هەر لەسەرەتاوە، پەیوەستە بەپیادەکردنی دەسەلأتی سیاسیەوە، بەوەی کەکۆمەڵی موسڵمانان لەمەدینەدا دەوڵەتیان دروست کرد پاشان ئەو ڕوداوانەی بەدوای ئەمەدا هاتن وای کرد ببێتە ناوکی ئیمپڕاتۆرییەتێك ... ئەو جیاکردنەوەیەی لەنێوان هەردوو دەسەلأتەکەدا هەیە (ئاینی و زەمەنی) بەهیچ شێوەیەك لەئیسلام دا بونی نیە، هەروەها چەندان دووانە ووشەی هاو وێنەی (دنیوی )، (نجس)، (دینی)، (روحی) و (زمنی) وا هەیەکە لە زمانی عەرەبی(فصیح)دا بەرامبەری نییە )).

10- ڕۆژ هەلأتناسی سویسری ((مارسیل بوازی))یش دەڵی:((لەئیسلام دا، ناکرێ لەسیاسەت بگەین بەبێ ئایین))(19).

لە کتێبی ((الغرب نحو الدرب باقلام مفكريه))ی(محفوظ العباسي) زۆر وتەی لەم بارەیەوە هێناوە دەکرێ بۆی بگەڕێینەوە.

جا ئەگەر کەسانێك بەئایەت و فەرمودە و قسەی زانایانیشمان دڵیان ئاو نەخواتەوە گوێ بیستی قسەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتناسانیش نەبێ بەناوی (نوێ خوازی یەوە) (کەلەڕاستی دا من پاشکۆیی خوازیی زیاتر تیادا دەبینم ) پێ دابگرێ لەسەر دوورخستنەوەی سیاسەت بەواتا دورستەکەشی لە ئیسلام ئەوا نازانم چۆن پێناسەیان بکرێ و چ جۆرە وتووێژێکی لەگەڵدا ئەنجام بدرێ، من وا ئەبینم رقێکی ئەستور لەپشت زۆر لەو بۆچونانەوە هەیە وەك لەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی بێت. خۆ ئەگەر مەبەستیش لەسیاسەت تەنها ئەو ئامراز و مومارەسانە بێ کە بەرژەوەندی نادروستی پێ بێتەدی و مافی مرۆڤی تیادا پێشێل بکرێ بۆ خاتری چەندکەس و کۆمەڵ و چین و رەگەز و دەوڵەتێك لەپیادەکردنی ئەو سیاسەتەشدا هیچ بەها و نرخێك بۆ ئەخلاق و چەمکە مرۆییەکان دانەنێ تەنها بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندی تایبەتی بەکار بهێنرێ ئەوە لەئیسلام بەدوورە و ئیسلام بەم واتایە سیاسەتی پەسەندی نییە ئەو کاتە دەبێتە ئەوەی(ابن القيم) بە (سياسة ظالمة)ی دادەتێ و لە چواچێوەی ((السياسة الشرعية)) دا جێی نابێتەوە.

لەسیاسەت دا ئەم جۆرەی سیاسەت بە (ماکیافیللەت) ناسراوە و بە دوورە لە هەموو ڕەوشت و بەهایەك و لەسیاسەت کردنیدا پێوەرێکی جێگیری بەهایی نی یە لەسەری بوەستێ یا ڕەچاوی بکا مەگەر لە بەرژەوەندی خوازیدا نەبێ، ئەمەش لە سیاسەتی هاوچەرخ و هەنوکە دا زۆر بە ڕون و ئاشکرایی دەبینرێ، هێرۆشیما و ناگازاکی و جەنگە جیهانیەکان و جینۆسایدی کورد و کارەساتەکانی بۆسنە و کۆسۆڤۆ و فەلەستین و چیچان و ئەفغانستان... لە ئەمڕۆ نمونەی ئەو سیاسەتە چەوتەیە کە هەنوکە لەجیهانی عەولەمە و بانگەشە کردنی مافەکانی مرۆڤدا پیادە کراوە و دەکرێ.

ئەو سیاسەتەی کە کیسەنجەر (وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکی) سەبارەت بە ڕێککەوتن نامەی جەزائیری ساڵی 1975 دەڵێ:((لەڕاستی دا سیاسەتی ئێمە

سەبارەت بە كورد ئەخلاقی نەبوو نە ئەوە بوو یارمەتیان بدەین، نە وازمان لێ هێنان گرفتەكانی خۆیان بە سازش لەگەڵ حكومەتی عێراقی دا چارەسەر بكەن، ئێمە هانمان دان پاشان دەستمان لێ كێشاندنەوە)) هەروەها لە كتێبی (الدبلوماسیة)دا كە لە ساڵی1994 دەری كردووە ئەڵێ:(لەسیستمی نوێی جیهانید و لەگەڵ نزیك كەوتنەوە لەئەگەری دەركەوتنی هێز گەلی نوێی مونافیس، دەبێ جەخت لە سەر بەرژەوەنییە نە تەوەییەكانی بكرێ، ئەمەش لەسەر حسابی(پرنسیپە) ((میسالی))و ئەخلاقیەكان.

(مابلز كوبلاند) یش كە ڕاوێژكار بووە لە لیژنەی پلان دانانی سیاسەتی ئەمریكی لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكی دەڵێ:(ستراتیژییەتی ئێمە دوو ڕووی هەیە ئەخلاقی و نائەخلاقی هەر كاتێ پاپەند بوونمان بە پرنسیپە ئەخلاقیەكانەوە زیان گەیاندن بێ بە بەرژەوەندیە كانمان، ئەوا قوربانیدان بێ گومان لە سەر حسابی پرنسیپە ئەخلاقیەكان دەبێ نەك لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەكانمان)(20).

ئەمەیە سیاسەسەتی داڕنراو لە ئەخلاق و بەها مرۆییەكان...ئەمەیە ئیسلام پەسەندی ناكا و كەسانێكی وەكو پێشەوا نورسی و موحەممەد عەبدە پەنایان بە خوا گرتووە لێی و دەڵێن پەنا دەگرین بەخوا لە شەیتان و لە سیاسەت. ئەوەشمان لەیاد نەچێ كە سیاسەت وەكو خودی خۆی تاوەكو ئەمڕۆش لەهەموو حاڵەتێكدا دانەڕنراوە لە ڕەوشت، تەنانەت هەوڵی زۆریش هەیە بەها ڕەوشتیەكانی بۆ بگەڕێتەوە، ئەو بەهایانەش ئەمڕۆ لە سیاسەتی ناوخۆی زۆرێك لە وولأتاندا دەبینرێ شێوێنەواری باشی هەبووە و مافەكانی مرۆڤی زیاتر پاراستووە... نمونەی ئەو بەرجەستەبونەی گەڕانەوەی ئەخلاقە بۆ سیاسەت.بانگەشەكردنی مافەكانی مرۆڤیش نمونەی گەڕانەوەی بەهای ڕەوشتییە بۆ سیاسەت.

## پەراوێزەکان:

1ـ اوستن رني ـ سياسة الحكم ترجمة د. حسن علي الذنوب.

2ـ لسان العرب لە ماددەی ( سوس )دا زۆری لەسەر ئەم وشەیە ووتووە بەلاّم هەموو واتاکان لەم بازنەیەدا دەخولێتەوە.

3ـ علم السياسة / تجديد من وجهة نظر اسلامية. السيد صدرالدين قبانجي.

4ـ هەمان سەرچاوە.

5ـ السياسة الشرعية د. يوسف القرضاوي، هەروەها ( الجامع في طلب العلم الشريف، عبدالقادر عبدالعزيز.

6ـ القاموس السياسي / احمد عطية الله ل 661.

7ـ علم السياسة / قبانجي ل 10 ـ 13.

8ـ جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی ـ عومەر عەلی غەفور ل .40

9ـسەیری ( موسوعة السياسة ) بکە.

10ـ سەیری ( السياسة الشرعية )ی قرچاویو ( الجامع في طلب العلم الشريف ) بکە..

11ـ السياسة الشرعية د. يوسف القرضاوي.

12ـ سەیری ( الطرق الحكيمة ) ل 16ـ 28 و( الفراسه ) ل 16ـ24 بکە کە هەردوکیان هی ( ابن القيم )ن ئەتوانین بلێین یەك کتێبن.

13ـ سەرچاوەکانی پێشوو .. ل 15.

14ـ سەرچاوەکانی پێشوو، د.يوسف القرضاوي لە کتێبەکانی ( ابن القيم ) بینیوە.

15ـ السياسة الشرعية. ل 38.

16ـ نامیلکەی تەعالیم، پێشەوای شەهید ل 7. مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا ب1 ل255.

17ـ سەیری ( الدولة في الاسلام )ی د. یوسف القرضاوي ل26 بكه.

18ــ الملحــق العربــی لجریــده یــەکگرتوو، العــدد / 265 بابــەتی ( الاســلام اللاسیاسی ) سالم الحاج.

19ـ بۆ ئەم وتانە سەیری ( من فقه الدولة في الاسـلام ) هـەروەها ( سـقوط الغلـو العلماني )ی د. محمد عماره بكه.

**20ـ جـەدەلی ئیسلامی و عـــــەلمانی / عومەر عەلی غەفور ل 43.**